ولیەم شەکسپیر

# ڕۆمیۆ و جولیێت

وەرگێڕان

عەزیز گەردی



CamScanner

ولیەم شەکسپیر

# ڕۆمیۆ و جولیێت

وەرگێڕانی

عەزیز گەردی

CamScanner

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی ڕۆشنبیری

بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە

بەڕێوەبەرێتی خانەی وەرگێران

**xaneywergeran@hotmail.com**

- ناوی کتێب: ڕۆمیۆ و جولێت
- نووسەر: ولیەم شەکسپیر
- وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: عەزیز گەردی
- بابەت: ڕۆمان
- پیتچنین: عەزیز گەردی
- هەڵەبڕی: عومەر ڕەسول
- دیزاینی ناوەڕۆک: زانا کەمال
- بەرگ: ئارام عەلی
- تیراژ: ٧٥٠
- زنجیرە: ٢٦٢
- چاپخانە: ڕوون
- چاپ: چاپی یەکەم
- ژمارەی سپاردن: (٢٤٦٧) ساڵی (٢٠٠٩)

CamScanner

# سەرچاوەکە

**Shakespeare, William. *Romeo and juliet.* Ed. F.Pinto and W. Turner.New Delhi: Cand & C0. (Pvt,) Ltd.**

With reference to:

Shakespeare,William. ***Romeo and juliet***. Ed. G.BlakemoreEvans.Cambridge niversity Press,1988.

Shakespeare,William. ***Romeo and juliet***. Ed. Gibbon, brian. London: Methue & Co.Lt, 1980.

Shakespeare,William. ***Romeo and juliet.***Ed. Mueller, Jenny: Barron's, 2002.

Shakespeare,William. ***Romeo and juliet***. Ed, Praveen. New Delhi,2001. ،Bhatie

Shakespeare,William. ***Romeo and juliet.*** Ed.jill L. Levenson. London: Oxford University Press,1982.

**تێبینی:**

ئەم وەرگێرانەی (رۆمیـۆو جولیێت) بەشێکە لـە نامـەی دکتـۆرای دووەمینم کە سێ بەش بوو:

١- ئەم وەرگێڕانە
٢- وەرگێرانی (مەم‌و زین) بۆ ئینگلیزی
٣- بەراورد کردنی (رۆمیۆو جولیێت) و (مەم‌و زین)

# کەسەکان

- سەرۆکی زێرەوانان
- هاوولاتی تری زێرەوان
- کۆرس
- رۆمیۆ
- مۆنتاگیو (باوکی رۆمیۆ)
- ژنی مۆنتاگیۆ
- بێنفۆلیۆ (برازای مۆنتاگیۆ)
- ئەبراهام (نۆکەری مۆنتاگیۆ)
- بەلتەزار (پیاوی رۆمیۆ)
- جولێت
- کاپولێت (باوکی جولێت)
- ژنی کاپولێت
- تیبۆلت (برازای خانمی کاپولێت)
- پیاوی تیبۆلت
- پێرکوچیۆ
- ئامۆزای کاپولێت
- دایەنی جولێت
- پیتەر (نۆکەری ماڵی کاپولێت)

- سامسۆن (نۆکەری ماڵی کاپولێت)
- گریگۆری (نۆکەری ماڵی کاپولێت)
- سەرۆکی نۆکەران
- نۆکەرانی تر
- سازندان
- ئیسکالوس (میری ڤیرۆنا)
- میرکوشیۆ (خزمی ئیسکالوس)
- کۆنت پاریس (خزمی ئیسکالوس)
- پیاوی میرکوشیۆ
- پیاوی پاریس
- ئەفسەر
- هاووڵاتیان
- قەشە لۆرەنس
- قەشە جۆن
- دەرمانساز
- نیقابپۆشان، میوانان، خانمان، دەست و پێوەندانی مونتاگیۆ و کاپولێت، چەند تاقمە کەسێك، ئامادەبووان.

# بەربێژ

دوو بنەماڵە، هەردووکیان بە قەد یەک سەربەرز، لە ڤیرۆنای خۆش کە ئەم دیمەنەی تێدا نیشان دەدەین کۆنە قینێکی بەینیان دوژمنداری تازەکردنەوە، کە دەستی هاوڵاتی بەخوێنی هاوڵاتی خۆی پیس دەبێ لە ناودوژمنداریی چارەنوسسازی ئەم دوو دوژمنە دوو ئاشقی کلۆڵ و بەدبەخت لە دایك دەبن.

بە نسکۆی جەرگبڕی وێڵیان، دوژمنداری باوانیان، بە مەرگی خۆیان دەنێژن.

ڕەوتی بەسەرهاتی ئەوینی مەرگباریان و ڕق و قینی بەردەوامی ماڵەباوانیان کە بە مەرگی منداڵەکانیان نەبێ، بەهیچ شتێ نابڕێتەوە، ئێستا بابەتی دوو سەعاتی شانۆگەرییەکەمانە کە ئەگەر ئێوە بە ئارامی گوێی لێبگرن چی کەم و کورتی هەبێ، هەوڵ دەدەین چاکی بکەین.

# بەشی یەکەم

## دیمەنی یەکەم

(ڤیرۆنا – شوێنێکی گشتی)

(سامسۆن و گریگۆری، کە سەر بە بنەماڵەی کاپولیتن، بە شمشیرو قەلغانەوە دێنە ژوورەوە)

سامسون:گریگۆری، بەڵێن بێ! ڕەژوو نەکێشین.

گریگۆری: نەخێر، ئەگەر وا بکەین دەبین بە ڕەژووکەر(colliers)[1].

سامسون:مەبەستم ئەوەیە ئەگەر تووڕە(choler)[2] بین، شمشیر هەڵدەکشین.

گریگۆری: بەڵێ، مادام دەژی، دەبێ ملت لە یاخە[3] (collar) بێنیتە دەرەوە(خۆت لەگێچەل دووربخەرەوە)

سامسون: ئەگەر بڕووژێم، زوو دەست دەوەشێنم.

گریگۆری: بەڵام تۆ زوو ناڕووژێی تا دەست بوەشێنی.

سامسون: سەگی بنەماڵەی مۆنتاگیۆش دەمرووژێنێ.

---

[1] - وشە ئینگلیزیەکان ڕەگەزدۆزی دەنگیان لەنێودایە.

[2] - وشە ئینگلیزیەکان ڕەگەزدۆزی دەنگیان لەنێودایە.

[3] - وشە ئینگلیزیەکان ڕەگەزدۆزی دەنگیان لەنێودایە.

گریگۆری: بڕووژێی، واتە هەڵدەچی. ئازاو بوێر بی، پێ دەچەقێنی. بەڵام تۆ ئەگەر بڕووژێی، رادەکەی.

سامسۆن: سەگی ئەم بنەماڵەیە دەمرووژێنێ بۆ ئەوەی پێ بچەقێنم: من بن دیوار لەهەر پیاوێ یان خانمێکی بنەماڵەی مۆنتیاگۆ دەگرم.

گریگۆری: ئەمە دەری دەخا کە تۆ بەندەیەکی زۆر بێ هێزی، چونکە ئەوەی هەرە بێ هێز بێ، ئەو دەچێتە بن دیوار.

سامسۆن: راستە، هەر بۆیەشە، ژن کە ئامانی بێ هێزترن، هەمیشە فڕێ دەدرێنە بن دیوار.

جا من پیاوەکانی بنەماڵەی مۆنتاگیۆ لە بن دیوار دەنێمە لاوەو خانمەکانیان فڕێ دەدەمە بن دیوار.

گریگۆری: شەڕەکە لە نێوان ئاغاکانی ئێمەو هەروەها لە نێو ئێمە مانانیش دایە کە پیاوی ئەوانین.

سامسۆن: هەمووی هەر یەکە کە لەگەڵ پیاوان بە شەڕدێم،خۆم بە زۆدار پێشان دەدەم ولەگەڵ خانمانیش دڵڕەق دەبم و سەریان پەلەدەم.

[گریگۆری: سەری خانمان؟

سامسۆن: بەڵێ، سەری خانمان، یان کچێنییان، کامەت دەوێ ئەوەیان وەربگرە.

گریگۆری: ئەوان چۆن هەستی پێ دەکەن و بەو مانایە وەری دەگرن.

سامسۆن: ئەوان ئەو حەلە هەست بە من دەکەن کە دەتوانم پێ

بچەقێنم، دیاریشە کە من ولّمە گۆشتێکی ناسکم.

گریگۆری: هەر باشە ماسی نیست. ئەگەر نا دەبووی بە کابرایەکی کلۆل.][4]

ئامێرەکەت (شیرەکەت) دەربێنە وا دوو کەسی بنەماڵەی مەنتیاگۆ هاتن.

سامسۆن: چەکی رووتم هەڵکێشاوە. تۆ بەشەڕ وەرەو من پشتت دەگرم. من لەپشتتام!

گریگۆری: چۆن؟پشت دەدەی و هەڵدێی؟

سامسۆن: لە من مەترسە.

گریگۆری: نەخێر، سوێندم بە مێرەم! (وادەزانی) لێت دەترسم!

سامسۆن: با وا بکەین یاسا لەگەڵ ئێمە دابێ. با دەست پێشخەری لەوانەوە بێ.

گریگۆری: کە بە لایانەوە تێپەڕیم، رووم گرژ دەکەم، جا ئەوان چۆنیان دەوێ با واوەری بگرن.

سامسۆن: نا، وای لێ دێ کە بوێرن دەستەوکەری بکەن من پەنجەی گەورەیان لێ دەکرۆژم، شوورەییە بۆ ئەوان ئەگەر قبوولی بکەن.

(ئەبراهام و بەلتەزار دێنە ژوورەوە)

ئەبراهام: جەناب، ئەوە پەنجە لە ئێمە دەکرۆژی؟

سامسۆن: پەنجەم دەکرۆژم، جەناب!

سامسۆن: (روو دەکاتە ئەولا) ئەگەر بڵێم (ئا)، یاسا لەگەڵ ئێمەدا

---

4 - ئەوەی ناوکەوانەی گەورە لە دەقی تردوە وەرگیراوە.

دەبێ؟

گریگۆری: نەخێر

سامسۆن(روو دەکاتە ئەبراهام): نەخێر جەناب! پەنجە لە ئێوە ناکرۆژم،

جەناب! هەر وا پەنجەم دەکرۆژم، جەناب!

گریگۆری: جەناب، تۆ لە شەڕ دەگەڕێی!؟

ئەبراهام: شەڕ، جەناب! نەخێر، جەناب!

سامسۆن: ئەگەر تۆ لە شەڕ دەگەڕێی، جەناب، ئەوە من و ئەوە تۆ!

منیش وەکوتۆ خزمەتکاری پیاوێکی گەورەم.

ئەبراهام: لەو باشتر نا.

سامسۆن: باشە، جەناب!؟

گریگۆری: دەبلێ (باشتر). ئەوەتا خزمێکی ئاغاکەم هات.

سامسۆن: (ڕوودەکاتە ئەبراهام) بەڵێ، باشترە، جەناب.

ئەبراهام: درۆ دەکەی!

سامسۆن: ئەگەر پیاون شمشێرتان هەڵکێشن. گریگۆری، زەبری کوشندەی خۆت لە بیر نەچێ.

(بەشەڕ دێن)

(بێنڤۆلیۆ دێتە ژوورەوە)

بێنڤۆلیۆ: لێك بنەوە، هەی گەمژەینە! شمشێرەکانتان بنێنە لاوە. ئێوە خۆشتان نازانن چ دەکەن!؟

(شمشێرەکانیان دەنێنە لاوە)

(تیبۆلت دێته ژوورەوە)

تیبۆلت: ئەوە چییە؟ بە خۆو بە شمشێری رووتەوە لە ناو ئەم نۆکەرە قەلەزراوانە وەستاوی؟ بێنڤۆلیۆ، ئاوڕ دەوەو تا بتکوژم.

بێنڤۆلیۆ: من هەر ئەوەندەیە ناوبژیان دەکەم.تۆش، یان شمشێرەکەت بنێ لاوە،

یان بیخەرە کار بۆ ئەوەی پێکەوە ئەم پیاوانە لێك بکەینەوە.

تیبۆلت: چی؟ شمشێرت هەڵکێشاوەو باسی ناوبژی کردنیش دەکەی؟

من رقم لەم وشەیە دەبێتەوە. هەر وەکوو رقم لە جەهەننەم و هەموو بنەماڵەی مۆنتیاگۆوله تۆش دەبێتەوە.خۆت بگرە، واهاتم،هەی ترسنۆك!

(دەبێته شەڕیان)

(چەند کەسێك لە هەردوو بنەماڵە دێنە ژوورەوەو بەشداری شەڕەکە دەکەن. چەند هاوولاتییەك دەست بە تەورو تۆبز دێنە ژوورەوە)

هاوولاتی یەکەم: بە تەورو تۆبزو بارییە! لێدەن! دایانپاچن!

بڕووخێ بنەماڵەی کاپولێت، بڕووخێ بنەماڵەی مۆنتیاگۆ!

(کاپولێت بە جوببەوە دێته ژووری!. ژنەکەیشی دێ)

کاپولێت: ئەمە چ هەراو هۆریایەکە؟! شمشێرە درێژەکەمم بدەری! خێرا!

خانمی کاپولێت: دار شەقە! دار شەقە! تۆ شمشێرت بۆچییە؟

کاپولێت: دەڵێم شمشێرەکەم! وا پیرە مۆنتیاگۆ هات. شمشێرەکەیم

لیّ بادەدا.

(مۆنتیاگۆو ژنەکەی خانمی مۆنتیاگۆ دێنە ژوورەوە.)

مۆنتیاگۆ: هەی کاپولێتی خوێڕی! (رودەکاتە ژنەکەی) بەرم دە، با بچم!

خانمی مۆنتیاگۆ: یەك شەقاو بۆ دوژمن ناوێی.

(میر ئیسکالوس و دەست و پێوەندەکانی دێنە ژوورەوە.)

میر: هەی ڕەعیەتی سەرکەش و یاخینە! هەی دوژمنانی ئاشتی!! ئێوە کە شمشیری جەوهەردار بە خوێنی دراوسێتان لەکەدار دەکەن.

گوێتان لیّ نییە؟! هۆ!! ئەوە چییە؟ ئێوە پیاون، جانەوەرن! ئاگری رقی کوشندەتان بەو خوێنە گەشەی لە دەمارەکانتان دێتە دەرێ و فیچقە دەکا، دەکوژێننەوە؟

چەکی نیازپیسی و ناو دەستی خوێناویتان فڕێ دەن، نەوەك تووشی سزای ئەشکەنجە دەبن.

گوێ لە حوکمی میری وورووژاوتان بگرن!

پیرە کاپولێت،مۆنتیاگۆ، ئێوە لەسەر قسەیەکی سووك، سێ شەڕی خۆکوژیتان هەڵگیرساند، سێ جار ئارامیی شەقامەکانتان لیّ تێکدایین.

واتان کرد خەڵکە رەسەنەکەی ڤیرۆنا، جلی سادەو ئاسایی خۆیان فڕێ بدەن و تەوری کۆن، کە لە سەردەمی ئاشتی لە بەرخراپ بەکارهینان ژەنگی هەڵێنا بوو، بە دەستی پیرۆزیانەوە بگرن و رقی ژەنگاویتان پیّ هەڵبدرن.

ئێوە، ئەگەر جارێکی تر شەقامەکانمان بشێوێنن، دەبیّ ژیانی

خۆتان لە باجی ئاشتی بدەن.

بۆ ئێستاش، هەموو ئەوانی تر پەرتە بکەن.

تۆ، کاپولێت لەگەڵ من دێی.

تۆش مۆنتیاگۆ و دوای نیوەڕۆ وەرە شاری ئازادی دێرین و شوێنی باوی حوکم دەرکردنمان، بۆ ئەوەی زیاتر لە بڕیارمان من بگەی.

پیاوەکانی تر، ئێوە هەمووتان پەرتە بکەن، ئەوەك لەسەرتان دەدرێ!

هەمووتان بڕۆن!

(هەموو دەردەچن، تەنیا مۆنتیاگۆو خانمی مۆنتیاگۆو بێنڤۆلیۆ دەمێننەوە)

مۆنتیاگۆ: کێ ئەم کۆنە شەڕەی هەڵگیرساندەوە؟قسە بکە برازا، کە بوو بە شەڕ تۆ لەوێ بووی؟

بێنڤۆلیۆ: کە من هاتم، نۆکەرەکانی ئێوەو نۆکەرەکانی دوژمنەکانتان شەڕیان بوو. منیش شمشیرم هەڵکێشا بۆ ئەوەی لێکیان بکەمەوە، لەوکاتەدا، تیبۆلتی سەرسەخت هات، شمشێری ڕووتی بە دەستەوە بوو، گڕنێی کردم، شمشێری لە سەرسەری با دەداو (با)ی شەق دەکرد.

نەیدەوەشاند بەڵام قسەی سووکی دەکرد.

کە پەلاماری یەکترمان داو زەبرمان حەوالەی یەکتر کرد، هەر خەڵك بوو دەهات و خۆی دەدایە پاڵ ئەم لا یان ئەولاوە.

تا میر هات و هەردوو لای لێك کردنەوە.

خانمی مۆنتیاگۆ: ئۆی! ئەی کوا ڕۆمیۆ؟ ئەمڕۆ دیوتە؟

زۆرم حەز کرد لەم شەڕەدا نەبوو.

بێنفۆلیۆ: خانم، سەعاتێك بەر لەوەی خۆری خەندان لە پەنجەرەی زێڕینی ڕۆژهەڵاتەوە سەر دەربێنێ، میشکم شڵەژا بوو، بەپیاسە چوومە دەرەوە، لە ژێرباخی دارجومیزەکان، کە لە پەرگەی ڕۆژاوا ڕەگی داکوتاوە، کوڕەکەتم بینی بەم سبەینە زووە پیاسەی دەکرد بەرەو لای چووم، بەڵام ئەو منی ناسی و خۆی خزاندە ناو پەناگەی باخەکە. منیش بە تاقی کردنەوەی خۆم لە هەست و نەستی گەیشتم، زانیم لە شوێنێ دەگەڕێ، زۆر کەسی تێدا نەبێ.

کەوتمە شوێن ئارەزووی خۆم، نەك هی ئەو.

بە شادی خۆم لەو لادا کە ئەویش بەشادی لە بەرم هەڵدەهات.

مۆنتیاگۆ: زۆر سبەینە لەوێ دیتوویانە، فرمێسك بەسەر شەونمی بەیان دا دەبارێنێ، بە هەنسکی قوولی، هەوردەخاتە سەر هەورا!

بەڵام هەر زوو، کە خۆری خەندان لە ڕۆژهەڵاتی دوورەوە دێ و پەردەی تاریکی لەسەر چوارپای (ئۆروورا) لادەبا، کوڕە پەست و غەمبارەکەم لە روناکی را دەکات و خۆی دەخزێنێتە کونجی ماڵەوە، بە تەنیا لە ژوورەوە دەرگا لەسەر خۆی کلیل دەدا، پەنجەرەکان دادەخاو لێ ناگەڕێ هەتاوی جوان بێتە ژوورەوە.

بۆ خۆی دەیکا بە شەوێکی دەستکرد، ئەم میزاجە دەبێ کارەسات و بەدیومی ئەگەر هۆکەی بە ئامۆژگاری چاك نەڕەوێتەوە.

بێنفۆلیۆ: مامەی خانەدانم، تۆ هۆکەی دەزانی "؟

مۆنتیاگۆ: من، نە هۆکەی دەزانم و نە دەشتوانم لێی پێ بکەوم.

بێنفۆلیۆ: ئایا تۆ قەت بە کەموکوورییەوە پرسیارت لێ کردووە؟

مۆنتیاگۆ: من و زۆر برادەری تریش:

بەڵام ئەو ڕێنمایی کەری هەست وسۆزی خۆیەتی.

من نـاڵێم چـەند لەگـەڵ خۆیـا راسـتـە، بـەڵام زۆر رازقـایم و کەمدووە، بە زەحمەت مل بۆ پرسیارو لێکۆڵینەوە دەدا.

وەکوو چرۆیەك وایە کرمێکی پیس لێی دابێ، پیش ئەوەی پەلکە جوانەکانی بۆ هەوا بکاتەوە، یان جوانی خۆی پێشکەش خۆر بکا.

خۆزگـە دەمـانزانی ئـەو خەمـەی لـە کـوێ هـاتووە، چـەند بـە پەرۆشین بزانین، ئەوەندەش حەز دەکەین یارمەتی بدەین.

(رۆمیۆ دێتە ژوورەوە)

بێنڤۆلیۆ: سەیرکەن ئەوە خۆیەتی وا هات. تکایە ئێوە لاکەون.

مەگەر هەرگویێم نەداتێ، ئەگەرنا هەر لێی پێ دەکەوم هـۆی خـەم و خەفەتی چییە.

مۆنتیـاگۆ: هیـوادارم مانـەوەت شـادی بـە دەمـەوە بـێ و بتـوانی وا بکەی دان بە راستەقینەی خۆی بنێ.

وەرە خانم، وەرە، با ئێمە بڕۆین!

(مۆنتیاگۆو خانمی مۆنتیاگۆ دەچنە دەرەوە)

بێنڤۆلیۆ: ئامۆزا، بەیانی باش!

رۆمیۆ: وا زوو بوو بە بەیانی؟

بێنڤۆلیۆ: تازە سەعات (نۆ) لێی دا.

رۆمیۆ: ئاخ! ساتی خەم و ناخۆشی درێژەو هەر نابڕێتەوە!.

ئەوە باوکم بوو بە پەلە رۆیشت؟!

بێنڤۆلیۆ: بەڵێ، خۆی بـوو. ئـەوە چ خـەم و ناخۆشییەکە وا دەکا

ساتەوەختی ڕۆمیۆ درێژبێتەوە؟

ڕۆمیۆ: لەو شتەم کەمە کە ئەگەر هەمبوایە وەختم کورت و خێرا

دەڕۆیشت.

بێنڤۆلیۆ: کەوتوویتە ناو داوی خۆشەویستی؟

ڕۆمیۆ: کەوتوومەتە دەرەوەی......

بێنڤۆلیۆ: دەرەوەی داوی خۆشەویستی؟

ڕۆمیۆ: کەوتوومەتە دەرەوەی پەسەندکردنی ئەو کەسەی خۆشم

دەوێ.

بێنڤۆلیۆ: ئاخ لەو خۆشەویستییە!! بەچاو زۆر ناسکە

بە کردەوە زۆر ڕەق و سەختە!

ڕۆمیۆ: ئاخ لەو خۆشەویستییە کە هەمیشە چاوی تارییە،

ئایا دەتوانێ بەبێ چاوبەرپیی خۆی ببینێ بەرەو ئامانجەکانی؟

ئەرێ فراوین لە کوێ بخۆین؟

ئۆی! ئەوە چ شەڕێك بووە لێرە؟

بەڵام بۆم باس مەکە! من خۆم هەمووم گوێ لێبووە.

ئەمە هەمووی سەبارەت بە رق و قینە. بەڵام زیاتریش لە

سۆنگەی خۆشەویستییە.

ئای چی؟! خۆشەویستی شەڕانی! یان ڕقی خۆشەویست؟

ئای ئەو شتەی یەکەم جار لە هیچەوە پەیدا دەبێ!

ئای سووکایی قورس، بێ هوودەیی جیددی!

تێکەڵەی ئاڵۆسکاوی! دیمای ڕێك وجوان!

پەڕی قورقوشم! دووکەڵی گەش! ئاگری سارد! ساخیی نەخۆش!

خەویی هەمیشە هوشیار!
کە، ئەوە نییە کە هەیە!
هەست بەم خۆشەویستییە دەکەم و لە هەست دەکەم کە ئەمە
هیچ خۆشەویستییەکی تێدانییە!
پێکەنینت پێ نایە؟
بێنڤۆلیۆ: نەخێر پسمام، بگرە گریانم دێ!
رۆمیۆ: ئەی دڵ میهرەبان، گریانت بۆچی دێ؟
بێنڤۆلۆ: بۆ دەردی سەر دڵی میهرەبانی تۆ.
رۆمیۆ: ئیتر ئەمەیە دەردی خۆشەویستی. من خەمی تایبەتی
خۆم سنگی قورس کردووم!
کەچی تۆ خەمی تری خۆتیشی دەخەیتە سەرو زیاتری دەکەی:
ئەو خۆشەویستییەی پێشانی دەدەی کول و کۆڤانی زیاتر دەخاتە
سەر خەم و کەسەری فرەی من.
خۆشەویستی دووکەڵێکە کە لەگەڵ هەڵمی هەنسک بەرز
دەبێتەوە، کە پاك دەبێتەوە، پرووشکە ئاگری ناو چاوی ئاشقە.
کە رق دەیگرێ، دەریایەکە فرمێسکی ئاشق تێی دەکاتەوە.
چی تریشە؟
شێتییەکی زۆر ژیرو وریایە!
تاڵییەکی خنکێنەرە!
شیرینییەکی پارێزەرە!
ماڵاوا، پسمام!
بێنڤۆلیۆ: راوەستە! منیش لەگەڵتا دێم.

ئەگەر ئاوها جێم بێڵی، خراپەم لەگەڵ دەکەی.

رۆمیۆ: پەح! من هیچ ئاگام لە خۆم نییە! من لێرە نیم.

ئەمەی (بەردەمت) رۆمیۆ نییە! رۆمیۆ لە جێگایەکی ترە!

بێنڤۆلیۆ: بەراستی پێم بڵێ، کێت خۆش دەوێ؟

رۆمیۆ: چی؟ بکرۆزێمەوەو پێت بڵێم؟

بێنڤۆلیۆ: کرووزانەوە! بۆ؟ نا!

بەڵام بەراستی پێم بڵێ.

رۆمیۆ: ئەمە وەکوو ئەوە وایە بە جیددی بە نەخۆش بڵێی وەسیەتی خۆی بکا.

ئاخ! کە وشەیەکی بێ جێیە بۆ نەخۆشێکی وا شڕ.

پسمام، راستت دەوێ کچێکم خۆش دەوێ!

بێنڤۆلیۆ: کەواتە نیشانەکەم باش پێکا کە مەزەندەم کرد تۆ یەکێکت خۆش دەوێ.

رۆمیۆ: بەڵێ، نیشانەشکێنێکی باش و ئەنگاوتەی.ئەوەی خۆشیشم دەوێ کچێکی جوانە!

بێنڤۆلیۆ: نیشانەیەکی زۆر باشە. پسمامی چەلەنگم، زوو دەنگێوری.

رۆمیۆ: تۆ لەو پێکانە سەرچیخ چووی: تیری کیوبید ئەو کچە ناپێکێ.

ئەو وەکوو دیانا ئاقڵەو زرێیەکی پتەوی پاکێتی وای لەبەرە،

کەوانی بێ هێزو منداڵانەی خۆشەویستیی ئازاری نادا

بەرگەی وشەی خۆشەویستی هەجبینی ناگرێ. خۆی ناداتە دەست

بەرەورووبونەوەی پەلاماری چاو کۆشی خۆی بۆ زێڕی پیر خاپێن ناکاتەوە.

ئای کە لە جوانیدا دەوڵەمەندە!

هەژارییەکەی تەنیا لەوە دایە کاتێ کە دەمرێ گەنجینەی جوانییەکەشی لەگەڵیا دەمرێ.

بێنڤۆلیۆ: مانای وایە سوێندی خواردووە هەر بە کچێنی بمێنێتەوە؟

رۆمیۆ: سوێندی خواردووەو لەوخۆهێشتنەوەش زەرەرێکی گەورە دەکات.

چونکە ئەو جوانییەی بەو توند وتیژییە دەستی پێوە بگیرێ، هەموو نەوەکان لەو جوانییە بێبەش دەکا.

کچێکی زۆر جوانە، زۆر ئاقڵە، جوانێکی ئاقڵە!

ناتوانێ بە نائومێدکردنی من، شادی بەدەست بێنێ.

سوێندی خواردووە خۆشەویستی نەکا ئەو سوێندەش، فەرمانی مەرگی منە، هەرچەندە وا دەژیم و باسی دەکەم.

بێنڤۆلیۆ: بە گوێم بکە، هەر بیری لێ مەکەرەوە!

رۆمیۆ: ئاخر پێم بڵێ چۆن لە بیر خۆمی بەرمەوە!

بێنڤۆلیۆ: چاوەکانت ڕەهابکەو بەدوای جوانی تردا بگەڕێ.

رۆمیۆ: ئەوەی جوانییەکەی گەورەتر دەکاو زیاتر دەیکا بە مەسەلەیەکە سەرەکی:

ئەو نیقابە جوانەیە کە بڕۆی خانمی نازدار ماچ دەکا.

لەبەر ئەوەی ڕەشە، بیرمان دەخاتەوە کە جوانیی داپۆشیوە.

ئەوەی کوێر بووبێ، هەرگیز ناتوانێ گەنجینەی بەهاداری سۆمای

چاوی لە دەست چووی، لە بیر بکا.

خانمێکم نیشان بدە لە جوانی دا هاوتای نەبێ!

جوانییەکەی بە کەلك چی دێ؟ تەنیا تێبینییەکە لێی

دەخوێنمەوە کێ لەو جوانییە بێ هاوتایە رەتی داوە؟

ماڵاوا! تۆ ناتوانی فێرم بکەی لە بیری بکەم.

بێنڤۆلیۆ: یان ئەو دەرسەت فێر دەکەم، یان لە ژێر ئەم قەرزە تل

دەمرم.

(دەردەچێ)



CamScanner

# دیمەنی دووەم

(شەقام)

(کاپولێت و پاریس و نۆکەرێك دێنە ژوورەوە)

کاپولیت: مونتیاگو ناچارکراوە (ئاشتی بوێ)، هەروەها منیش، بەپێی سزایەکی وەکوو یەك، وابزانم سەختیش نییە. بۆ پیرو بەساڵاچووی وەکوو ئێمە مانان کەئاشتی بپارێزین.

پاریس: ئێوە هەردوو لاتان پیاوی بەڕیز و خانەدانن حەیف ئەو ماوە دوورو درێژە بە ناکۆکی ژیاون.

جەناب، ئەی ئێستا لە بارەی داخوازییەکەم چ دەڵێی؟

کاپولێت: هەر ئەوە دەڵێمەوە کە پێشتر گوتومە کچەکەم هێشتا غەریبە بەم دنیایە، هێشتا چواردە ساڵی تەواو نەکردووە، راوەستە تا دوو هاوینی تریش گوڵیان دەپشکوێ و دەوەرێ!

ئەوسا، رەنگە پێ رابگاو بشێ ببێ بە بووك.

پاریس: هەن لەو بچووکترن و بوونەتە دایکی بەختەوەر.

کاپولێت: ئەوانەی زوو دەبنە دایك، زوو دەژاکێن.

زەوی هەموو ئومێدێکی (منداڵیکی) هەڵلووشیوم تەنیا ئەمە نەبێ.

ئەمە خانمی هیوای هەموو ژیان و دنیامە!

بەڵام پاریسی جوامێر، تۆ بۆ خۆت بیلاوێنەوەو دڵی بۆ خۆت رابکێشە.

ڕەزامەندی منیش بەشێکە لە ڕەزامەندی ئەو.
ئەگەر ئەو بە دڵ رازی بێ، منیش رازیم و پشتگیری دەکەم.
ئەمشەو ئاهەنگێکی باوو دێرینی خۆمانە دەکەم.
زۆر میوانم داوەت کردووە کە ئازیزو خۆشەویستن!
تۆش داوەتکراوی!
بە هاتنی میوانێکی لە هەمووان ئازیزتری وەکوو تۆ میوانیکم زیاتر دەبێ.

ئەمشەو بفەرموو بۆ ماڵە سادەو فەقیرانەکەم.
بۆخۆت سەیری ئەو ئەستێرانە بکە کە بەسەر زەویدا دەڕۆن و ئاسمانی تاریك ڕووناك دەکەنەوە.
گەنجی کۆك و پتەو هەست بە چ ئارامییەك دەکەن کاتێ کە نیسانی پڕ سەوزایی بە دوای زستانی تەپ و سست دادێ، تۆش ئەمشەو لە ماڵی من، شادییەکی ئاوها لە خونچە تازەکان وەردەگری.
بۆ خۆت گوێ لە هەموویان بگرە، سەیری هەموویان بکە.
کێت پێ لە هەموویان شیاوتر بوو، لە هەموویان زیاتر، دڵی بدەری!
کچەکەی من تەنیا یەکێکە لەم هەموو کچە نازدارانە.
دەشێ ئەویش وەکوو ئەوان وا بێ، لەوانەشە بە حیساب هیچ نەبێ!
فەرموو لەگەڵم، با بچین.

(کاغەزێك دەداتە نۆکەرەکە)

کورە، برۆ بگەڕێ، بەناو ڤیرۆنای جوان دا بگەڕێ، ئەوانەی ناویان لێرە نووسراوە، بیاندۆزەوەو پێیان بلێ:

بەختەوەرین بفەرموونە ماڵەوەو بەشداری ئاهەنگەکەمان بکەن.

(کاپولێت و پاریس دەچنە دەرەوە)

نۆکەر: جا وەرە ئەمانە بدۆزەوە کە ناویان لێرە نووسراوە:

ئەمەیە دەڵێ: کەوشدروو گەزی دورمانکەر بەکا دێنێ ودورمانکەریش قاڵبە پێڵاوی کەوشدروو.

ماسیگر پێنووسی نیگارکێش و نیگارکێش تۆڕی ماسیگر بەکاردێنێ.

ئەوا منیان ناردووە ئەو کەسانە بدۆزمەوە کە ناویان لێرە نووسراوەو منیش نازانم ئەو ناوانە کێن برای میرزا لێرە نووسیونی.

دەبێ تاقیبی خوێندەوارێك بکەم.

وەختێکی باش بوو، (ئەوەتان)!

(بێنڤۆلیۆ و رۆمیۆ دێنە ژوورەوە)

بێنڤۆلیۆ: پەح لەو پیاوە! ئاگرێك ئاگری یەکێکی تر دەکوژێتەوە.

ئازاری یەکێ بە ئازاری یەکێکی تر کەم دەبێتەوە.

بکشێوە، بە ئاقڵی رێگای خۆت بگرە.

خەمی یەکێ، ئازاری یەکێکی تر لادەبا، با شتێکی نوێ سەرنجت رابکێشێ ئەوسا ژەهری کوشندەی کۆن لە ناودەچێ.

رۆمیۆ: پەلکە مۆز بۆ شتی وا زۆر باشە!

بێنڤۆلیۆ: تکایە بۆچی باشە؟

ڕۆمیۆ: بۆ شکانی سپیلکی پێت.

بێنڤۆلیۆ: ئۆی، ئەوە تۆ شێت بووی، ڕۆمیۆ؟!

ڕۆمیۆ: شێت نەبوویم، بەلام لە شێت خراپتر بەسراومەتەوە.

لە زندان دەرگام لەسەر داخراوەو بێ خوردو خۆراکم،

قامچیکێشم دەکەن و ئەشکەنجەم دەدەن.....

(ڕوو دەکاتە نۆکەرەکە)

ئێوارە باش، کوڕی باش.

نۆکەر: خوا ئێوارەت باش بکا!

زەحمەت نەبێ جەنابْ دەتوانی شت بخوێنیتەوە؟

ڕۆمیۆ: بەڵێ، دەتوانم بەدبەختی خۆم لە کڵۆڵیما بخوێنمەوە.

نۆکەر: لەوانەیە بێ کتێب فێری بووبیت؟!

بـەلام، تکایـە (دەڵـێم) ئەگـەر شـتی نووسـراو ببینـی، دەتـوانی بیخوێنیتەوە؟

ڕۆمیۆ: بەڵێ، ئەگەر پیتەکان و زمانەکە بزانم.

نۆکەر: ڕاست دەکەی. بەختت یاوەربێ!

ڕۆمیۆ: کاکە بوەستە، مەڕۆ! من خوێندەواریم هەیە.

(کاغەزەکە وەردەگرێ و بە دەنگی بەرز دەیخوێنێتەوە)

(سینیۆر مارتینۆو ژنەکەی و کچەکانی، کۆنت ئانسیلم و خوشکە جوانـەکانی،خانمی بێـوەژنی، سینیۆر پلاسـینتیۆو بـرازا نازدارەکـانی، مێرکوشـیـۆو ڤـالنتینی بـرای، کـاپولێتی مامـەم و ژنەکـەی و کچەکانی،ڕۆزالینی نـازداری برازا، لیڤیـا، سینیۆر ڤالینتیۆ و تیبـۆلتی پسمامی، لوسیۆو هێلینای ڕوح سووک)

لستێکی جوان و ماقووڵە. ئەمانە بۆ کوێ داوەت کراون؟

نۆکەر: بۆ سەرەوە.

رۆمیۆ: بۆ کوێ؟

نۆکەر: بۆ شێو داوەت کراون بۆ ماڵی ئێمە.

رۆمیۆ: ماڵی کێ؟

نۆکەر: ماڵی ئاغام.

رۆمیۆ: بەراست، دەبوایە پێشتر پرسیاری ئاغاکەتم بکردایە؟!

نۆکەر: بەبێ ئەوەی بپرسی، ئێستا من پێت دەڵێم:

ئاغاکەم کاپولێتی گەورەو خانەدان و دەوڵەمەندە.

تۆش ئەگەر لە بنەماڵەی مۆنتیاگۆ نیت، تکا دەکەم بێیت و بادە شەرابێ هەڵدەی!

بەختت یاربێ.

(دەچێتە دەرەوە)

بنڤۆلیۆ: رۆزالینای جوانیش، کە تۆ ئەوەندەت خۆش دەوێ، دەچێتە ئەم ئاهەنگە دێرینەی ماڵی کاپولێت و لەگەڵ کچە جوان و دڵبەرەکانی تری ڤیرۆنا، شێو دەخوا.

برۆ ئەوێ، لەوێ هەندێ کچت نیشان دەدەم، بە چاوی بێ لایەن روخساری رۆزالینایان لەگەڵ بەراورد بکە.

وا دەکەم هەست بکەی قورینگەکەت قەلەرەشە.

رۆمیۆ: ئەگەر رەوشی دڵسۆزی چاوەکانم ئەم درۆیە بە خۆیەوە بگرێ، فرمێسکم دەبێ بە ئاگر.ئەمانەش (ئەم چاوانەش) کە لە فرمیسکدا نوقمن، هەرگیز نامرن.

مامۆستای ساختەن و لە درۆدا دەسووتێن.

کێ هەیە لە گراوییەکەی من جوانتر!؟!

رۆژی ئاسمان، کە هەموو شتێکی بینیوە، لەوەتی دنیا دنیایە کەسی نەدیوە ئاوقووفی گراوییەکەی من بێ.

بێنڤۆلیۆ: پەح! پەح! تۆ بۆیە بە جوانت بینیوە چونکەجوانی تری لە تەك نەبووە.

هەر خۆی لەبەر تای تەرازووی هەردوو چاوت بووە.

بەڵام من خانمی ترت نیشان دەدەم لەو ئاهەنگەدا دەدرەوشێنەوە تۆش بەو پێوەرە روونە خانمی خۆشەویستی خۆت لەگەڵ خاتوونی تر بەراورد بکە ئەوسا زەحمەتە وەکوو ئێستا ئەوەندەت بەلاوە جوان بێ.

رۆمیۆ: باشە، دەچم، بەڵام نەك بۆ ئەوەی کچی وا ببینم، بەڵکو بۆ ئەوەی زەوق لە جوانیی خۆشەویستی خۆم وەربگرم.

# دیمەنی سێیەم

(ژوورێکی ماڵی کاپولێت)

(خانمی کاپولێت و دایەنەکە دێنە ژوورەوە)

خانمی کاپولێت: دایەن، کوا کچەکەم؟ بانگی کە بێ.

دایەن: پێم گوت بێ. ئۆی بەرخۆڵە! ئۆی خاڵخاڵۆکە!

خوا نەکا چی لێ هاتبێ! کوا ئەو کچە لە کوێیە؟ هۆ جولێت!

(جولێت دێتە ژوورەوە)

جولێت:: ئەوە چییە؟ ئەوە کێیە بانگم دەکا؟

دایەن: دایکت!

جولێت: خانم ئەوەتام، ئەمرت لەسەر چییە؟

خانمی کاپولێت: مەسەلەکە ئەوەیە دایەن تۆ نەختێ برۆ دەرەوە.

دەبێ بە نهێنی قسەبکەین.

نا، دایەن، وەرەوە.

بیرم کەوتەوە، با تۆش گوێت لە گفتوگۆمان بێ.

خۆت دەزانی کچەکەم لە تەمەنێکی ناسك دایە!

دایەن: راستی، دەتوانم بە سەعات پێت بڵێم تەمەنی چەندە.

خانمی کاپولێت: هێشتا نەبۆتە چواردە ساڵی.

دایەن: گرەو لەسەر چواردە ددانم دەکەم.ئەگەرچی بەداخەوە

تەنیا چواردانم ماوە.

جولیت چوارده ساڵ نابێ.

له ئێستاوه چەند ماوه بۆ جەژنی (لاماس تاید)؟

خانمی کاپولێت: دوو حەفتەو چەند رۆژێك.

دایەن: چەند رۆژێکی تاك یان جووت؟

ئەو رۆژەی (لا ماس تاید)ە، ئەو شەوەکەی چوارده ساڵ تەواو دەکا.

سۆزان وئەم - خوا لە هەموو گاوران خۆش بێ – هاوزێ یەك بوون:

سۆزان، خوا بۆ خۆی بردەوە.

ئەوەندە باش بوو، له باشییان بۆ من نەما!

جا هەر وەکوو گوتم: له (لا ماس تاید)، بۆ شەوەکەی دەبێ بە چوارده ساڵی.

بەڵێ، بە (مریەم) دەبێ بە چوارده ساڵی. چاکم له بیره.

له بوومەلەرزەکەوە تا ئێستا ئەوە یازده ساڵ.

- قەت له بیرم ناچێ – لەو ساڵە بوو که له شیر کرایەوە.

زێدە له هەموو رۆژێکی خوای، لەو رۆژە زەرەندم لە مەمکم دا.

له بن دیواری لیسی کۆتران، لەبەر هەتاو دانیشتبووین.

تۆو ئاغام ئەوسا له (مانتوا) بوون.

بەڵێ، مێشکم لەسەر خۆیە، وەکوو گوتم:

که تامی زەرەندی له گۆی مەمکم چەشت و هەستی کرد تاڵە،

گەمژەی ناسکۆڵە، تووڕە بوو و لەگەڵ مەمکم بە شەڕهات.لەو

کاتەدا لیسی کۆتران لەرزی.

لێکم دایەوە: پێویست بە رۆیشتن ناکا.

لەو ساوە، ئەوە یازدە ساڵە.

ئەو حەلە تازە دەیتوانی خۆی قیت بێتەوەو لەسەر پێ بوەستێ.

نا، سوێندم بە خاچ، دارەدارەی دەکردو دەیتوانی رابکات.

تەنانەت رۆژی پێشتر بەربووەوەو بڕۆی شکا، [ئەوە بوو مێردەکەم – خوا لێی خۆشبێ – کە پیاوێکی رووخۆش بوو، هەڵیگرتەوەو گوتی:

ئۆی ئەوە دەمەو روو بەربوویتەوە؟

کە ئاقڵتر بووی پشتاو پشت بەردەبیتەوە. وا نییە جولی؟!

سوێندم بە خانمی پیرۆز، ئەو ناسکۆڵە داماوە ژیر بووەوەو گوتی:بەڵێ.

سەیرکە چۆن شتی گاڵتە دەبێتە راستی!

جەخت دەکەمەوە، ئەگەر هەزارساڵیش بژیم، هەرگیزاو هەرگیز ئەوەم لەبیر ناچێ کە گوتی: (وا نییە جولی).

ناسکۆڵەی داماویش ئێرەیی بردو گوتی: (بەڵێ).]

خانمی کاپولێت: بەسە! تکایە بێ دەنگ بە!

دایەن: بێ دەنگ! من تەواو بووم. خوا غەرقی رەحمەتی خۆیت بکا!

جولیت، تۆ لەو هەموو کۆرپانەی شیرم داونەتێ، ناسکتر بووی.

خۆزیا بمابام و بمدیبا مێرد بکەی، مرازم حاسڵ دەبوو.

خانمی کاپولێت: سوێندم بە(مێرەم)! منیش دەمەوێ باسی (مێردکردنی) لەگەڵ بکەم.

کچم جولیت، پێم بڵێ مەیلت لەگەڵ شووکردن چۆنە؟

جولیت: ئەمە شەرەفێکە هەرگیز خەونی پێوە نابینم.

دایەن: شەرەفە! ئەی من تاکە دایەنی تۆ نەبووم؟

دەمگوت تۆ ئەقڵت لە گۆپکەی مەمکی من مژیوە.

خانمی کاپولێت: باشە، ئیستا بۆ خۆت بیر لە شووکردن بکەوە، بە لێکدانەوەی من وەك من بزانم، هەر لێرە لە ڤیرۆنا، کچی لە تۆ بچووکترو لەتۆ بەرێزو ناودارتر بوونەتە دایك من لەو تەمەنەی ئێستای تۆدا، دایکی تۆبووم.

بەکورتی، تۆ ئێستا گەورەو خاتوونی،

پاریسی کۆك و دلێر داوای کردووی.

دایەن: پاریس پیاوە، خانمی گەنج، خانم، پیاوێکە هەموو دنیا دێنێ.

ئا، پیاوێکی ئەوەندە رێکە دەڵێی لە مۆم دروست کراوە.

خانمی کاپولێت: هەرگیز گوڵی وا لە هاوینی (ڤیرۆنا) سەری دەرنەهێناوە.

دایەن: نەخێر، گوڵە گوڵ. بەراستی گوڵی جوانە!

خانمی کاپولێت: چ دەڵێی؟ ئەو جوامێرەت بە دڵە؟

ئەمشەو لە ئاهەنگەکەمان دەیبینی یەوردی کتێبی سیمای پاریس بخوێنەوە، ئەو چێژەی لێ بدۆزەوە کە بە قەڵەمی جوانیی نووسراوە.

لە هەموو ئەدگارێکی رێك و گونجاوی ورد بەرەوە.

بزانە چۆن یەك لە یەکی جوان و سەرنجکێشترە.

چی لێڵییەکی لەو کتێبە (ڕوخسارە) جوانەدا هەیە، دەبینی لە

پەراوێزی چاوەکانی نووسراوە.

ئەم کتێبە بەنرخەی خۆشەویستی، ئەم ئاشقە سەرازادە، تەنیا پێویستی بە بەرگە بۆ ئەوەی جوان ببێ.

ماسی لە دەریادا دەژی.

شانازییە بۆ شوێنی جوان، بە شتی جوان ناو دەربکا.

ئەم کتێبە لەبەر چاوی زۆر کەس شکۆمەندە

کە بە قوفڵی زێڕ چیرۆکی زێڕین دادەخا.

تۆش لە هەموو شتێکادەبی بە هاوبەشی ئەو، کە ئەوت هەبێ، چت لێ کەم نابێ.

[دایەن: کەم نابێ! نەخێر، زیاتر دەبێ.

ژن بە پیاو دەگەشێتەوە.]

بە کورتی، دەتوانی بیر لە خۆشەویستی پاریس بکەیتەوە؟

جولێت: بە چاوی حەزەوە سەیری دەکەم.ئەگەر سەیرکردن خۆشەویستی بەدواوەبی.

بەڵام لێناگەڕێم سەرنج لێدانم لەو سنوورە تێ بپەڕێ کە تۆ داتناوە.

(نۆکەرێك دێتە ژوورەوە)

نۆکەرەکە: خانم، میوان هاتوون. شیو تێ کراوە.

بانگت دەکەن، لە خانمی بچکۆڵەش دەپرسن.

دایەن لە ژووری ئازووقە دەستەپاچەیەو هەموو شتێ شێواوە.

من دەبێ خزمەت بکەم.

تکایە، هەر ئێستا وەرە.

(نۆکەرەکە دەچێتە دەرەوە)

خانمی کاپوێت: ئێوە بڕۆن و ئێمەش وا هاتین.

جولێت، (کۆنت) چاوەڕێتە.

دایەن: کچێ بڕۆ! هەوڵ دە ئەو شەوە خۆشە رۆژی خۆشی بە دوادابێ.

CamScanner

# دیمەنی چوارەم

(شەقامێك)

(رۆمیـۆو مێركوشـیۆو بێنڤۆلیـۆ لەگـەڵ پێـنج شـەش نیقـابپۆش وچراهەڵگرو هی تر دێنە ژوورەوە)

رۆمیـۆ: جـا ئـەوگوتارە پێـشەكییە بـدەین بـۆ ئـەوەی خۆمـان بناسێنین؟ یان بەبێ روخسەت بچین؟

بێنڤۆلیۆ: كاتی ئەم درێژدادرییە نەماوە.

ئێمە چ كیوبیدی چاوبەدەسرۆك بەسراوەمان تێدا نییە،

كـەوانێكی داری رەنگكـراوی تەتـەرانی پـێ بـێ، وەكـوو داوەڵ خانمەكان بترسێنێ.

نەخێر، هیچ پێشەكی ئەزبەریشمان نییە

بـۆ چـوونە ژوورەوە، بـەنزمی لـە دوای مامۆسـتای راهێنـەر بیلێینەوە.

چۆنمان تێ دەگەن، كەیفی خۆیانە، سەمایەكیان لەگەڵ دەكەین و دەرۆین!

رۆمیۆ: چرایەكم بدەنێ، مـن ناچمە ئەم سەمایە، لەبەر ئـەوەی زۆر دڵتەنگم. من روناكییەكە هەڵدەگرم.

مێركوشیۆ: نا. رۆمیۆ گیان، ئێمە حەز دەكەین تۆ سەما بكەی.

رۆمیۆ: نەخێر، پێم بڕوا بکە. ئێوە پێڵاوی بن سووکی[5] سەماتان لە پێییە.

بەڵام من گیانم[6] (soul) وەکوو قورقوشمەو بە زەوی دەمبەستێتەوە، ناتوانم بجوولێمەوە.

مێرکوشیۆ: تۆ ئاشقی، باڵی کیووبید بە دەستیاو وەربگرەو لە بازدانی ئاسایی بڵندتر پێ بفڕە.

رۆمیۆ: من زۆر خراپ بە تیری کیوبید بریندار بوویم و ناتوان بە باڵی سووکی ئەو بەرز بفڕم، بە جۆرێ بەسراوەمەتەوە، ناتوانم لە خەمی گرانم بازی بڵندتر باوێم لە ژێر باری قورسی خۆشەویستی نقووم بوویم.

مێرکوشیۆ: ئەگەر خۆشەویستی بە فشارێکی زۆر بۆ شتێکی ناسکی وا بارگرانتر بکەی، قووڵتریش تیا نقووم دەبیت!

رۆمیۆ: ئایا خۆشەویستی شتێکە ناسکە؟!

نەخێر، زۆر زبرە، زۆر رەقە، زۆر نائاساییە، وەکوو چقڵ لە لەش دەچەقێ.

مێرکوشیۆ: ئەگەر خۆشەویستی لەگەڵ تۆ ڕەق بێ، تۆش لەگەڵ خۆشەویستی ڕەق بە!

خۆشەویستی چقڵی تێ چەقاندی تۆش چقڵی تێ بچەقێنە و

خۆشەویستی ببەزێنە نیقابێکم بدەرێ بەسەر دەم و چاومیدا

---

5 - ڕەگەزدۆزی دەنگی لە نێوان ئەم دوو وشەیە دایە.

6 - ڕەگەزدۆزی دەنگی لە نێوان ئەم دوو وشەیە دایە.

هەڵکێشم، نیقاب نیقابە، باکم پێ نییە چ چاوێکی پەرۆش تێبینی لەکەو پەڵەکان دەکات.

یان چ برۆیەکی پەیوەست بۆم سوور هەڵدەگەڕێ؟

بێنڤۆلیۆ: وەرە لە دەرگا بدەو بچۆ ژوورەوە، کە گەیشتینە ژوورەوە، هەرکەس دەست بە سەما بکا!

رۆمیۆ: با چرا بۆ من بێ.با هەوەسبازە شادەکان

بە سەمای پاژنەی پێ، گیا ئەسەڵی سەر زەوی بلەرێننەوە.

من بە پێی پەندێکی کۆن دەڕۆم دەبم بە چرا هەڵگرو تەماشا دەکەم، قەت سەمای وا خۆش و سەرنجکێش نەبووە!!

چیدی نالێم.

مێرکوشیۆ: پەح! (بێ دەنگ بە!) قسەی تایبەتی پۆلیسە، ئەگەر تەختەداری، لەناو قوڕی ئەم خۆشەویستییە گەندەڵە دەرت دێنین.

کە تا بنا گوێ تێی کەوتووی.

وەرە، روناکیمان لە دەست دەچێ، ها!

رۆمیۆ: نەخێر وا نییە!

مێرکوشیۆ: گەورەم، مەبەستم ئەوەیە ئەگەر دوا بکەوین، بەلاش روناکیمان لە دەست دەدەین، روناکی گەشی رۆژمان!

ئەمەمان بە نیازی باش لێ وەربگرە، چونکە بەر لەوەی ئەمە یەك جار لە پێنج هەستی چاکمان دەربکەوێ، هەستی چاکمان پێنج جار خۆی لەمەدا دەردەخا!

رۆمیۆ: نیازمان باشە لە چوونە ئەم ئاهەنگە نیقاب پۆشە، بەڵام ئاقڵی نییە بچین!

مێرکوشیۆ: بۆ؟ دەشێ کەس پرسیار بکا؟

رۆمیۆ: ئەمشەو خەونێکم بینی.

مێرکوشیۆ: منیش خەونێکم بینی.

رۆمیۆ: باشە، خەونەکەی تۆ چی بوو؟

مێرکوشیۆ: ئەوە بوو، ئەوانەی خەون دەبینن بە زۆری درۆ دەکەن.

رۆمیۆ: لە ناو نوێن دەخەون، بەڵام هەندێ جار خەونی راست دەبینن.

مێرکوشیۆ: ئاها! کەواتە، دەزانم، تۆ شاژنی پەریانت هاتۆتە لا ئەمە مامانی پەرییانەو کە دێ خۆی دەخاتە سەر شکڵێ لە ئاقیقی ئەموستیلەی پەنجە راوێژکاری شار گەورەتر نییە.

تیپێکی بوونەوەری وردیلە، بەسەر لووتی مرۆڤی خەوتوودا، رایدەکێشن، تەلی رینگی گالیسکەکەی لاقی درێژی جالجالۆکەیە، پەردەکەی باڵی کوللەی وردیلەیە، داوەکانی بچووکترین داوی تەونی جالجالۆکەیە، ڕێشمەکەی تریفەی زەردباوی مانگەشەوە، قامچییەکەی ئێسکی زیکزیکەیە، پەڕەی قامچییەکەی پەردەیەکی تەنکە، گالیسکەوانەکەی مێشوولەیەکی بچووکی بۆرەکەیە نیوهێندەی کرمەخڕێکی بچووک نابێ بە دەرزی لە پەنجەی خاوی خانمێک دەرهاتبێ، گالیسکەکەی فستقێکی پووچە سمۆرەی دارساز، یان کرمێکی پیر دروستی کردبێ.

کەس بە بیری نایە چەند لەمێژە ئەمانە گالیسکە بۆ جنۆکان دروست دەکەن.

خانم بەم تەدارەکەوە، شەو بە شەو داژوا دەچێتە ناو مێشکی ئاشقان و ئەوانیش خەون بە خۆشەویستییەوە دەبینن، دەچێتە سەر ئەژنۆی دەست و پێوەندانی بارەگاو ئەوانیش دەرحاڵ خەون بە کڕنۆش بردنەوە دەبینن، دەچێتە سەر پەنجەی ئاوقاتان و ئەوانیش یەکسەر خەون بە کرێی ماندووبوونەوە دەبینن، دەچێتە سەر لێوی خانمان، ئەوانیش یەکسەر خەون بە ماچەوە دەبینن زۆرجار مابی تووڕە ئەو لێوانە بە تامیسکە موبتەلا دەکا چونکە هەناسەیان بە بۆنی حەلوا ئالوودە بووە.

(ماب) هەندێ جار بەسەر لووتی پیاوێکی دەرباردا داژواو ئەویش خەون بە بۆنی هاتنە دی ئاواتێکی دەبینێ، جاروباریش بە خۆو بە کلکەبەرازەوە دێ و ختووکەی لووتی قەشەی نووستوو دەدا، ئەویش خەون بە کەنیسەیەکی ترەوە دەبینێ، بڕێ جاریش بەسەر ملی سەربازێك دا داژوا، ئەویش خەون بە هەڵبڕینی گەرووی دوژمن و رووخاندنی دیواری قەڵاو بۆسەو شمشێری ئەسپانی و سەلامەتی و پێنج بەژن شەراب خواردنەوە دەبینێ، ئینجا تەپڵی لەبەر گوێ لێ دەداو ئەویش لە خەو رادەپەڕێ و بە تۆقاوی نەختێ دوعاو نوێژ دەکاو ئەوسا دووبارە دەخەوێتەوە.

ئا ئەمەیە ئەم (ماب) ە کە شەو بژیی ئەسپان دەهۆنێتەوەو پوکلەی قژن لەپرچی سوزانییەکی گەندەڵ دەدا، کە کرانەوەی نیشانەی بەدبەختییەکی زۆرە.

ئەمەیە (ماب)!!

رۆمیۆ: بێ دەنگ! بێ دەنگ! مێرکوشیۆ، بێ دەنگ!!

قسەی پووچ و بێ مانا دەکەی!

مێرکوشیۆ: راستە، من باسی خەون دەکەم کە زادەی مێشکی تەپ و سستە، تەنیا لە ئەندێشەی پووچ دا پەیدا دەبێ.

شتێکی وەکوو (با) تەنکە، لەو (با) یەش زیاتر بێ ئۆقرە یە، کە ئێستا خەریکە سنگی بەستەڵەکی باکوور دەلاوێنێتەوە، تووڕەیش بکرێ، لەوێوە تێی دەتەقێنێ و ڕوو دەکاتە لای باشووری خوناواوی.

بێنڤۆلیۆ: ئەو(با)یەی تۆ باسی دەکەی، سەرمان لێ تێك دەدا.

شێو تەواو بووە، درەنگمان بەسەر دادێ، ها!

رۆمیۆ: بە داخەوە زۆر زووە!

هەندێ ترسم لە مێشك دایە، هێشتا بە ئەستێرانەوە بەندە، خەریکە لەگەڵ ئاهەنگی ئەم شەودا دەکەوێتە سەر ڕەوتی ترسناکی خۆی، بە سزای تۆقێنەری مەرگێکی ناکام، کۆتایی بە ماوەی ژیانی پەستی ناو سینگم دێنێ، بەڵام سوکانی ڕەوتی ژیانی من بە دەست (خوا)یەو(خوا) کەشتی من ئاراستە دەکا!

هەڕنێ! جوامێری مێرخوازینە!

بێنڤۆلیۆ: لە دۆڵێ دە!!

(دەردەچن)

# دیمەنی پێنجەم

(هۆلێکی ماڵی کاپولیێت)

(سازندە لە چاوەڕوانی دان، خزمەتکاری بەروانکە لەبەر دێنە ژوورەوە)

خزمەتکاری یەکەم: کوانێ (پۆپتان)؟ کە بەشداری هەڵگرتنی سفرە ناکا؟ لەگەن بباتەوە؟ لەگەن بشوا؟

خزمەتکاری دووەم: کە رەوشی باش بکەوێتە بەر دەستی یەك دوو کەس و ئەوانیش پاك نەبن، شتێکی خراپە.

خزمەتکاری یەکەم: ئەم ستوولە دارە لابەرە! دۆڵابەکانیش! چاوت لە هیربارەکان بێ!

کوڕی باش پارچە کێکێکم بۆ هەڵگرە. بۆ خاتری من، وا بکە دەرگەوان (سوزان گریندسۆن) و (نیل) و(ئەنتۆلی)و (پۆپتان) بکاتە ژوورەوە.

خزمەتکاری دووەم: باشە،کورە ئامادەم!

خزمەتکاری یەکەم: لە هۆلی گەورە، بە شوێنت دا دەگەڕێن، بانگت دەکەن، پرسیارو سۆراغت دەکەن.

خزمەتکاری دووەم: خۆ نابینە دوو پارچە، لێرەش بین و لەوێش بین؟ نەختێ گورج و گۆڵ بن، کوڕینە! ئەوی زیاتر بژی، هەموو شت

بۆ ئەو دەبێ.

(کاپولێت لەگەڵ جولێت و ئەوانەی تری ماڵەوەیان دێنە لای میوان و نیقاب پۆشەکان)

کاپولێت: بەخێر بێن جوامێرینە، ئەو خانمانەی مێخەکەیان لەسەرپەنجەی پێ نەهاتووە، پێچە شاییەکتان لەگەڵ دەکەن.

ئەها خانمەکانم، ئێستا لە هەمووتان کێ سەما رەت دەکاتەوە؟

ئەوەی خۆی گران بکاو مل نەدا، سوێند دەخۆم مێخەکەی لە پێ هاتووە، حاڵی بوون؟

بەخێر هاتن جوامێرینە، منیش ئەو رۆژەم دیوە، کە نیقابم پۆشی بوو و چیرۆکی دڵداریم دەچرپاندە گوێی خانمێکی جوان، بۆ ئەوەی دڵی خۆش و شاد بکەم، بەڵام هەمووی رۆیشت، رۆیشت و رۆیشت!!!

بەخێر بێن جوامێرینە، سازندە ینە، وەرن مۆسیقا لێدەن!

(مۆسیقا لێ دەدرێ و سەما دەکەن)

جێ کەن! جێ کەن!...جێ بکەنەوە! ئێوەش کچینە، سەما بکەن!

(مۆسیقا لێ دەدرێ و سەما دەکەن)

روناکی زیاتر!! خوێرینە، مێزەکان لابەرن، ئاگرەکە بکوژێننەوە، ژوردوە زۆر گەرم بووە.

ئۆی بەرێز، ئەم ڕابواردنە چاوەڕێ نەکراوە، باش هاتووە.

نا، دانیشە! نا، دانیشە! کاپولیت، ئامۆزا گیان، رۆژی سەمای من وتۆ تێپەڕیوە!

ئێستا ماوەی چەندە من و تۆ رووبەندمان نەپۆشیوە؟!

کاپولێتی دووەم: بە پاکیزەی پیرۆز، سی ساڵە.

کاپولێت: چی! چی؟ پیاوەکە ئەوەنـدە زۆر نییـە، ئەوەنـدە زۆر نییە لە زەماوەنـدی (لۆسینـشیۆ) وەرە بـۆ ئاهەنگی(پۆنتیکۆست) جا هەر کەی بێ، دەکاتـە بیـست و پێـنج ساڵێك،کە دوا جار رووبەنـدمان پۆشی.

کـاپولێتی دووەم: زیـاترە! زیـاترە! کوڕەکـەی لـەوە گـەورەترە، گیانەکەم. کوڕەکەی سی ساڵییە!

کاپولێت: چۆن وا دەڵێی؟ کوڕەکەی پێش دوو ساڵ نەباڵق بوو.

رۆمیۆ (روو دەکاتە خزمەتکارێك): ئەو خانمە کێیە چۆتە دەستی ئەو شۆڕەسوارەو دەستی رازاندۆتەوە؟!

خزمەتکارەکە: نازانم، جەناب.

رۆمیۆ: چرا لەوە فێر دەبێ چۆن بە گەشی بدرەوشێتەوە.

دەڵێی بەسەر گۆنای شەودا هەڵواسراوە.

وەکوو گەوهـەرێکی بـەهادارە، بـە گـوێی قولەرەشـێك دا هەڵواسـرا بێ.

جوانیەکـەی ئەوەنـدە بەنرخـە بـۆ شـتی ئاسایی ناشـێ، ئەوەنـدە دەگمەنە لەسەر زەوی چنگ ناکەوێ!

کـۆترێکی بـەفرین بکەوێتـە نـاو رەوە قەلەرەشـێك چـۆنە، ئـەو کچەش لەناو دەستە خوشکەکانی ئاوهایە!

کـە سـەما تـەواو بـوو، سـەیری دەکـەم لـە کـوێ دەوەسـتێ، دەست دەدەمە دەستی و بەمەوە دەستی زبرم موبارەك دەکەم.

ئایا تا ئێستا قەت دڵم ئەشقی کەس بووە؟!



CamScanner

بینام نکوولی لێ دەکا.

چونکە تا ئەمشەو من هەرگیز جوانیی راستەقینەم نەدیبوو.

تیبۆلت: ئەمە، لە دەنگییەوە دیارە دەبێ یەکێکی مالی مۆنتیاگۆ بێ.

کورە، ئەم شمشیرەم بۆ بێنە!

ئەو خوێرییە چۆن وێراویە بە رووبەندێکی فەنتازی بێتە ئێرە.

بۆ ئەوەی کەرامەتمان بریندارو رسوا بکا!؟

سوێندم بە رەچەڵەکی خانەوادەو بە شەرەفی بنەماڵەکەم، لێی دەدەم دەیکوژم، بە تاوانیشی نازانم.

کاپولێت: ئای! ئەوە چییە، خزم، بۆچی واتووڕەیی و وا هەڵچووی؟

تیبۆلت: مامە، ئەمە یەکێکە لەبنەماڵەی مۆنتیگیۆی دوژمنمان، خوێرییە، بە نیازی خراپ هاتۆتە ئێرە، بۆ ئەوە هاتووە ئەمشەو کەرامەتمان رسوا بکا.

کاپولێت: ئەمە رۆمیۆی لاوە؟

تیبۆلت: خۆیەتی، ئەو رۆمیۆ خوێرییەیە!

کاپولێت: هێور بەوە، خزمی جوامێرم، وازی لێ بێنە.

هەڵس و کەوتی بەشەرەف و جوامێرانەیە، راستیی، لە (ڤیرۆنا)ش زۆر بە چاکی باسی دەکەن، کە گەنجێکی گەرناس و رەوشت بەرزە، ئەگەر سامانی ئەم هەموو شارەشم بدەنێ، قەت لە مالی خۆم سووکایەتی پێ ناکەم!

جا، دان بە خۆت دا بگرەو وا دانێ هەر نەندیوە!

ئەمەیە داوای من بە گوێم بکەو رووت خۆش بێ و ئەم رووگرژییە وەلا نێ، چونکە ئەم سیمایە لەگەڵ دیمەنی ئاهەنگ ناگونجێ.

تیبۆلت: دەگونجێ، کاتێ کە خوێڕییەکی ئاوها میوان بێ.

من شتی وام پێ قبووڵ ناکرێ.

کاپولێت: پێت قبووڵ دەکرێ.

کوڕی باش، من دەڵێم پێت قبووڵ دەکرێ، بڕۆ!

قسەی هیچ و پووچ! من گەورەی ئێرەم یان تۆ؟ قسەی قۆڕ!!

تۆ قبووڵی ناکەی!؟ خوا رۆحم شادو پیرۆز بکا، تۆ ئاژاوە لە ناو میوانەکانم دەنێیتەوە.

هەموو شتێ تێك و پێك دەدەی و دەیشێوێنی، تۆ دەبێ پیاوبی، پیاو!!

تیبۆلت: ئاخر مامە، ئەمە ئابڕووچوونە.

کاپولێت: دەبڕۆ، بڕۆ!

تۆ بە راستی کابرایەکی چەتوونی!

ئەم بەدکارییە زەرەرت پێ دەگەیەنێ.خۆم دەزانم چ پێویست دەکا لە دژم بوەستی.

(روو دەکاتە میوانەکان) بە (مێرەم) ئێستا وەختی هاتووە!

دڵەکەم، قسەکە دروستە.

(روو دەکاتە تیبۆلت) کەسی چاکم، راستت دەوێ تۆ کابرایەکی هەڵەشەی! بڕۆ، هێور بەوە! نەوەك.....

رووناکی زیاتر! روناکی زیاتر! بۆ ئەولا!

شوورەییە!! من خۆم وا هێورت دەکەمەوە.

(روو دەکاتە میوانەکان) ئێ! خۆشە، دڵەکانم؟!

تیبۆلت: ئۆقرەی خەفەکراو خۆی لەگەڵ هەست و سۆزی
هەڵچووی بەهێز لێك دەداو لەگەڵ سڵاوی ناحەزانە، هەموو گیانم
دەخەنە لەرزە.

ئێستا ئەم پەردە شیرینە، شتێکی تاڵی لە ژێرەوەیە.

(تیبۆلت دەردەچێ) رۆمیۆ (روو دەکاتە جولێت): ئەگەر ئەم
مەزارە پیرۆزە (دەستت) بەدەستی ناشایستەم لەکەدار بکەم، سزای
سووکم ئەوە دەبێ کە: لێوەکانم وەکوو دوو حاجی سوورهەڵگەڕاو
ئامادەن بە ماچێکی ناسك تۆڵەی ئەم پێکەوتنە زبرە بکەنەوە.

جولێت: حاجی باش، تۆ خراپەیەکی گەورە لەگەڵ دەستی خۆت
دەکەی کە تەنیا عیبادەتی چاکی کردووە.
تەنانەت شێخیش دەستیان بەدەستی حاجییان دەکەوێ و لەپ
خستنەناو لەپی حاجییانیش، ماچە!

رۆمیۆ: بەڵام، ئەی شێخ و حاجی پیرۆزیش لێویان نییە؟!

جولێت: با، حاجی لێویان هەیە، بەڵام بۆ دوعا بەکاری دێنن.

رۆمیۆ: کەواتە، ئەی شێخی ئازیز، رێ بدە لێویش وەکوو دەستت
بکەونە سەر یەك.
یا لێویش دوعا بکەن: (ئەم کەرەمە بکە، نەوەك بڕوا دەبێ بە
نائومێدی!)

جولێت: شێخ لە شوێنی خۆی ناجووڵێ، هەرچەندە دەشێ وابکا
دوعاکە گیرابێ.

رۆمیۆ: کەواتە تۆ مەجوولێ، من خۆم دوعاکە گیرا دەکەم و
داواکەم وەردەگرم.
بەو ماچەی لێوم لە لێوت دەکا، گوناهم پاک دەبێتەوە.
جولێت: ئەوسا لێوی من ئەو گوناهەی دەکەوێتە سەر کە وەری
گرتووە.
رۆمیۆ: گوناه و لە لێوی من؟! ئای چەند بە شیرینی بە گوناهبارم
دادەنێی؟
دە گوناهەکەم بدەرەوە.
جولێت: تۆ ماچ بە گوێرەی کتێب دەکەی.
دایەن: خانم، دایکت دەیەوێ قسەیەکت لەگەڵ بکا.
رۆمیۆ: دایکی، کێیبە؟
دایەن: گەنجۆ، سوێندم بە مریەم! دایکی، خانمی ئەم ماڵەیە.
خانمێکی باشە، ژیرو چاکەکارە.
من شیرم داوەتە کچەکەی. ئەو کچەی تۆ تازە قسەت لەگەڵ
دەکرد.
با پێت بڵێم: هەر کەسێ بتوانێ ئەم کچە بۆ خۆی بە دەست
بێنێ، پارووی دەکەوێتە رۆن!!
رۆمیۆ: ئەمە کچی کاپولێتە؟
وای لەم خەبەرە ناخۆشە!! کەواتە ژیانی من لە ژێر رەحمی
دوژمنایە!
بێنڤۆلیۆ: وەرن و با برۆین، ئاهەنگەکە لە تەواو بوون دایە.
رۆمیۆ: بەڵێ، بە داخەوە لە تەواوبوون دایە. ئەوەش زیاتر

ئیگەرانم دەکا.

کاپولێت: جوامێرینە، لە ئێستاوە پەرتە مەکەن، زیافەتێکی بچووکمان کردووە.

ئەگەر هەر دەشڕۆن، سوپاس بۆ هەمووتان، سوپاس جوامێری بە شەرەفینە. شەوتان باش.

هۆ! چرای زیاتر بێننە ئێرە، دەی با بچین بخەوین.

بەڵێ، گیانە! بەخوا خەریکە درەنگ دادێ.

من وا دەچم پاڵ دەدەمەوە.

(هەموو دەچنە دەرەوە، تەنیا جولێت و دایەن دەمێننەوە)

جولێت: دایەن، دە تا ئێرە وەرە، نەرێ ئەو جوامێرە کێیە؟

دایەن: کوڕو میراتگری (تیبریۆ) یە.

جولێت: ئەی ئەوەی ئێستا وا لە دەرگا دەچێتە دەرەوە، کێیە؟

دایەن: بە مریەم وا بزانم (پێترۆ)ی لاوە.

جولێت: ئەی ئەوەی دوای ئەوان کێیە؟ ئەوەی سەمای نەکرد؟

دایەن: نازانم.

جولێت: برۆ بپرسە ناوی چییە؟
ئەگەر ئەمە ژنی هێنابێ، مانای وایە نوێنی زەماوەندم دەبێ گۆڕ.

دایەن: ناوی رۆمیۆیەو لە بنەماڵەی مۆنتیاگیۆیە.
کوڕە تاقانەی دوژمنە هەرە گەورەکەی ئێوەیە.

جولێت: تاقە ئەشقم لەناو تاقە رق و قینم چووزەرەی داوە.
کە زوو دیم نەمناسی و کە ناسیشم، کار لە کار ترازا بوو.
ئەمە لە دایك بوونێکی تۆقێنەری خۆشەویستییە بۆ من، کە

گیرۆدەی داوی ئەشقی دوژمنێکی سەرسەخت ببم!

دایەن: ئەوە چییە؟ ئەوە چییە؟

جولێت: شیعرێکە تازە فێری بووم، لەوەی سەمام لەگەڵ دەکرد.

(یەکێ لە ژوورەوە بانگ دەکا)

دایەن: هەر ئێستا، هەر ئێستا.

وەرە با بڕۆین. بێگانە هەموو ڕۆیشتوون.

(دەردەچن)

CamScanner

# بەشی دووەم

## بەرپێز

(کۆرس دێتە ژوورەوە)

کۆرس: ئێستا ئەشقی کۆن لە ناو نوێنی مەرگی راکشاوە، ئەشقێکی نوێ بە پەرۆشەوەیە جێگای بگرێتەوە، ئەو کچە جوانەی ئاشقەکە (رۆمیۆ) بۆی دەکرووزایەوەو بۆی دەمرد، ئیستا لە چاو جولیتی ناسك و نازدار هەر هیچ جوان نییە.

ئێستا ئەمە رۆمیۆی خۆش دەوێ و رۆمیۆش ئەوی خۆش دەوێ.

وەکوو یەك، جادووبەندی سیحری سیمای یەکتر بوونە، بەڵام ئەو (رۆمیۆ) دەبێ رازی دڵداری لەگەڵ دوژمنی خۆی بکا، جولێتیش چەشی شیرینی خۆشەویستی لە چەنگاڵی ترسناك دەدزێ.

لەبەر ئەوی ئەم دوژمنە، رەنگە نەتوانێ بچێ ئەو سوێندانەی بۆ بخوا کە دڵدار بۆ یەکتری دەخۆن، جولێتیش ئاوا ئەوی خۆش دەوێ، بەلام دەرفەتی نییە لە هەر شوێنێ بێ، بچێتە ژوانی دۆستە تازەکەی.

بەڵام عەشق هێزیان پێ دەبەخشێ و کاتیش دەرفەتی ژوان، ئەوپەڕی ترس و ئەوپەڕی شیرینی تێکەڵ بە یەك دەکا.

# دیمەنی یەکەم

(کۆلانێکی تەنیشت باخچەی ماڵی کاپولێت)

(رۆمیۆ دێتە ژوورەوە)

رۆمیۆ: دڵم لێرەیە، قەت دەتوانم برۆم؟!

ئەی زەوی تەپ و سست، بوەستە، ئەوەتا چەق و دڵت لێرەیە!

(بەسەر دیوار هەڵدەگەڕێ و باز دەداتە ناو حەوشە)

(بێنڤۆلیۆو مارکوشیۆ دێنە ژوورەوە)

بێنڤۆلیۆ: رۆمیۆ، پسمام رۆمیۆ!

مێرکوشیۆ: ئاقڵە، بەسەری خۆم. دزەی کردووە بۆ ماڵەوەو لێی خەوتووە.

بێنڤۆلیۆ: پیرەدار رای کرد بەسەر دیواری ئەم باخچەیەدا بازی دا.

بانگی کە، مێرکوشۆی خاس.

مێرکوشیۆ: نا. منیش سیحرێك دەکەم رۆمیۆ! میزاجی! شێت! سۆزاوی! ئاشق! ئاشق!

لەسەر وێنەی هەنسکێك دەرکەوە!

بدوێ بەلام بە شیعر، من رازیم!

هاوار کە، بڵێ (وەی لە خۆم)! تەنیا وشەی (ئەشق love) و (کۆتر dove ) بڵێ.

قسەیەکی خۆش لەگەڵ ڤینۆسی دۆستی ئازیزم بکە.

نازناوێـك بـه كـوره كـوت و كـوێره میراتگرەكـەی بـدە، كـاتێ (كۆفیتوا) پاشا ئەشقی خانمە دەرۆزەكەرەكە بوو.

كیۆبیـدی لاو بـە ئـارامی وا بـە وردی پێكـای، گـوێی لێ نییـە! هەڵناچێ! ناجوولێ!

مەیموونەی مردووە، دەبێ سیحری لێ بكەم.

بە چاوی گەش و تەبەشی بەرزو لێوی سووری رۆزالین، سیحرت لێ دەكەم.

تا بە شێوەی خۆت بۆمان دەركەوی.

بێنڤۆلیۆ: ئەگەر گوێی لێت بێ، لێت تووڕە دەبێ.

مێركوشیۆ: بەمە تووڕە نابێ، تكاو پاڕانەوەم ڕاست و دروستە.

تەنیا بۆ ئەوە ناوی خانمەكەیم برد تا بیورووژێنم.

بینڤۆلیۆ: وەرە، ئەوەتا خۆی لە ناو ئەو درەختانە شاردۆتەوە، بۆ ئەوەی ببێ بە هاوڕێ ی شەوی شێدار. دڵدارەكـەی كوێرەكـەو چاك لـە تاریكی دەوەشێتەوە.

میركوشیۆ: ئەگەر ئەشق كوێربێ، بیشانەی پێ ناپێكرێ.

رۆمیۆو شەو باش.من دەچم لەسەر چوارپا بـچووكەكەم دەخـەوم، پێخـەفی ئـەم كێڵگایـە زۆر سـادەیەو مـن نـاتوانم تیـا بخـەوم، وەرە بـا بڕۆین.

بێنڤۆلیۆ: كەواتە بڕۆ، چونكە بێ هوودەیە لێرە بە دوای یـەكێ دا بگەڕێی كە نەیەوێ بدۆزرێتەوە.

(دەردەچن)

# دیمەنی دووەم

(ناو باخچەی ماڵی کاپولێت)

(رۆمیۆ دێتە ژوورەوە)

رۆمیۆ: ئەوەی ئازاری برینی نەدیبێ، گاڵتە بە جێ برین دەکا.

(جولێت لە سەرەوە، لە پەنجەرە دەردەکەوێ)

بەڵام، بوەستە، ئەو روناکییە چییە لەو پەنجەرەیەوە دێ؟!

ئەوە لای رۆژهەڵاتەو جولێتیش رۆژە.

هەڵێ، رۆژی جوان. هەڵێ و مانگی حەسوود بکوژە.

لەبەر ئەوەی کە تۆی خانمی ئەو زۆر لەو جوانتری، لە خەفەتان رەنگی زەرد بووەو نەخۆش کەوتووە.

مەبە بە خانمی ئەو، چونکە حەسوودە، بەرگی پاکیزەکانی ئەو سەوزو زەردباوە، ئەوەی گەمژە نەبێ ئەو بەرگە لەبەر ناکا.

دایکەنەو فڕێی دە، ئا ئەمە خانمی منە، ئا ئەمە گراوییەکەی منە، ئاها! بریا بیزانیایە کە هی منە!!

دەدوێ بەڵام بەزار هیچ نالێ!، ئەمە یانی چێ؟

بە چاو قسە دەکاو منیش وەڵامی دەدەمەوە، قسەکانی لەگەڵ من نییە، من زۆر ئازام، دوو ئەستێرەی هەرە پرشنگداری سەراپای ئاسمان، بە ئیش دەچنە شوێنی ترو تکا لە چاوەکانی ئەو دەکەن، تا ئەوان دێنەوە، لەباتی ئەوان بدرەوشێنەوە، چ دەبوو ئەگەر چاوەکانی ئەو لە ئاسمان و ئەستێرەکانیش لە سەری ئەو بوونایە!!

ئەستێرە لەبەر شەوقی کوڵمەی گەشی شەرمەزارە!
کە ڕوناکی ڕۆژ شەوقی چرا کز دەکا.
بەڵام چاوەکانی ئەوەندە بە گەشی بەوڵاتی ئاسمانان دا دەگەڕێن،
باڵندە وا دەزانن شەو بەسەر چووەو هەڵدەکەنە چریکەی گۆرانی.
سەیری کە چۆن کوڵمی لار دەکاتەوە و دەیخاتە سەر کۆڵمی
دەستی ئاخ! خۆزگە دەسکێش بوومایە لەو دەستەو بەو کوڵمە کەوتبام!
جولێت: وای لە خۆمیّ!
رۆمیۆ: ئەوە قسە دەکا!
ئۆی! دە دیسان بدویّ، فریشتەی پرشنگدار! چونکە تۆ
شکۆمەندیی کە بەم شەوە ئەوەندە گەش و بریقەداری بەسەر
سەرمەوە، کاتێ بە سواری هەوری هەنگاو سستەوە بەسەر سینگی
هەوادا داژۆی، لەبەر چاوی واق وڕماوو سپی هەڵگەڕاوو بەرز هەڵبڕاوی
ئەو کەسانەی لە تەماشای تۆدا، بە پشتدا دەکەون، وەکوو تەتەریکی
باڵدار (فریشتە) وایت.
جولێت: ئاخ!! ڕۆمیۆ! ڕۆمیۆ! ئاخر تۆ بۆچی ڕۆمیۆی؟!
وەرە حاشا لە باوکت بکەو ناوی خۆت (مۆنتیاگۆ) ڕەت بکەوە.
ئەگەر واش ناکەی، سوێند بخۆ خۆشەویستی من بیت، ئەوسا من
حاشا لە کاپولێت دەکەم!
رۆمیۆ (لە تەنیشتەوە): زیاتر گوێ بگرم ئێستا قسەی بۆ بکەم؟
جولێیت: تەنیا ناوەکەتە دوژمنی منە.
ئەگەر لە بنەماڵەی مۆنتیاگیۆش نەبی، تۆ هەر خۆتی.
مۆنتیاگیۆ چییە؟

نە دەستە، نە پێیە، نە بازووە، نە ڕوخسارە، نە هیچ ئەندامێکی
تری ئینسانە، ئۆی دەبا ناوێکی ترت هەبێ!

جا ناو چییە؟

ئەوەی ناویان ناوە گوڵەباخ، هەر ناوێکی تری هەبوایە هەر وا
بۆنخۆش دەبوو!

ڕۆمیۆش هەروا، ئەگەر ناویشی ڕۆمیۆ نەبوایە، بێ ئەو نازناوەش،
ئەو قۆزییەی هەیەتی، هەر دەیبوو.

ڕۆمیۆ! دە ئەو ناوەت لە خۆت داڕنە!!

لە باتی ئەو ناوە کە پارچەیەکیش نییە لە خۆت، من سەراپای
خۆمت دەقەبەر دەکەم.

ڕۆمیۆ: لەسەر قسەی خۆت، قبووڵم کردی.

تەنیا پێم بڵێ: (خۆشەویستم)، من بە ناوێکی تر ئاوەمۆر
دەکرێم.

ئیتر لەمەودوا ڕۆمیۆ نابم.

جولێت: ئەوە تۆ چ پیاوێکی لە ژێر پەردەی شەوا بە ڕێکەوت
هاتیتە ناو بیرو خەیاڵی من.

ڕۆمیۆ: بە ناو نازانم چۆن پێت بڵێم من کێم؟

من خۆیشم ڕقم لە ناوەکەمە، فریشتەی پیرۆز!

چونکە ناوەکەم دوژمنی تۆیە، ئەو ناوە، ئەگەر من بمنوسیبایەوە،
دەمدڕاند.

جولێت: گوێم هێشتا سەد وشەی سەر ئەو زمانەی تۆی
نەقۆستۆتەوە، لەگەڵ ئەوەش دا دەنگەکە دەناسم تۆ ڕۆمیۆ نیت، تۆ لە

بنەماڵەی مۆنتیاگۆ نیت؟

رۆمیۆ: فریشتەی نازدار، مادام تۆ رقت لەم دوانەیە، من هیچیان نیم!

جولێت: پێم بڵێ تۆ چۆن هاتیتە ئێرەو بۆچی؟

شوورەی باخچە بەرزەو بەسەرکەوتنی ئەستەمە.

ئێرە شوێنی مەرگە بۆ تۆ کە دیارە کێی، ئەگەر خزمێکم بتبینێ.

رۆمیۆ: بە باڵی سووکی عەشق بەسەر ئەم دیوارانە کەوتم.

لەمپەری بەرد ناتوانێ رێ لە عەشق بگرێ.

عەشق هەرچی بتوانێ بیکا، زات دەکا هەوڵی بۆ بدا.

بۆیە خزمی تۆ نابن بە لەمپەڕ بۆ من!

جولێت: ئەگەر بتبینن، دەتکوژن.

رۆمیۆ: ئاخ! چاوی تۆ لە بیست شمشیری ئەوان زیاتر مەترسی تێدایە بۆ من.

تۆ تەنیا بە شادی تەماشام بکەی، ئەمە چەکێکە بۆ من بەرامبەر دوژمنداریی ئەوان.

جولێت: هەموو دنیام بدەنێ، وا ناکەم لێرە بتبینن.

رۆمیۆ: من بە عەبای شەو خۆیان لێ دەشارمەوە.

تۆ منت خۆش بوێ بەسمە.با ئەوان لێرە بمبینن.

ژیانم بە رق وقینی ئەوان ببڕێتەوە لەوە باشترە بەبێ عەشقی تۆ لە ژیان بەردەوام بم.

جولێت: بە رێنمایی کێ ئەم شوێنەت دۆزییەوە؟

رۆمیۆ: بە رێنمایی عەشق. ئەو بوو یەکەم جار هانی دام پرسیار

بکەم.

ئەو ڕێنمایی پێدام و منیش چاوەکانی خۆم پێ بەخشی.

من ڕابەری دەریاوانی نیم، لەگەڵ ئەوەش دا ئەگەر تۆ بە قەد

ئەو کەنارە هەراوەی دوورترین دەریا دەیشواتەوە دووربای، من خۆم بۆ

ئەم گەنجینەیە دەخستە مەترسیی.

جولێت: خۆت دەبینی ڕووبەندی شەوم لەسەر دەم و چاوە، ئەگەر

نا دەتدی چۆن دەم و چاوم کچانە سوور هەڵگەڕاوە.

سەبارەت بەو قسانەی ئەم شەو گوێت لێ بوو دەمکرد!

بە شادی پەیڕەوی داب و نەریتم دەکرد، بە شادی، بە شادی!

نکوولی لەو قسانە دەکەم کە کردوومن.

بەلام ئێستا ماڵاوا قسەی ڕەسمی!

ئایا خۆشت دەوێم؟دەزانم دەڵێی (ئا)و منیش پێت بڕوا دەکەم.

بەڵام ئەگەر سوێندی لەسەر بخۆی، دەسەلمێنی کە ڕاست ناکەی،

دەڵێن (جۆڤ) بە سوێندی درۆی دڵداران پێ دەکەنێ.

ئای! ڕۆمیۆی جوامێر، ئەگەر خۆشت دەوێم، بەڕاستی وا بڵێ.

ئەگەر واش دەزانی بە ئاسانی دڵت بردووم، ڕووم گرژ دەکەم و

چەتوون دەبم و پێت دەڵێم (نا)، بۆ ئەوەی بملاوێنیتەوە ئەوسا تۆ

دەپاڕێیتەوە. ئەگەرچی تۆ بە دنیاش نادەم.

لە ڕاستی دا مۆنتاگۆی جوامێر، من زۆر شەیدای تۆم.

دەشێ هەڵوێستەکەم بە سووك بزانی، بەڵام متمانەم پێ بکە،

جوامێر، بۆت دەسەلمێنم کە زۆر ڕاستم.

دان پێدا دەنێم، زۆر لەوانەی فێڵبازن و خۆیان بە بێگانە پێشان

ددەن، لە تۆ بە پارێزتر دەبووم، چونکە، دەبێ دان پێدابنێم بێ ئەوەی بزانم تۆ لێرەی، بیرو راو هەست و نەستی خۆم بۆ دەربڕیت.

بمبوورە، ئەم لاواندنەوەیە مەدەرە پاڵ عەشقی سووك، کە شەوی تاریك ئاشکرای کردووە.

رۆمیۆ: خانم، سوێندم بەو مانگە پیرۆزەی چلەپۆپەی ئەم هەموو درەختە بەردارانەی بە تریفەی زیوین داپۆشیوە.

جولێت: سوێند بە مانگ مەخۆ، مانگ بێ سرەوتە، مانگانە لە خولگەی بازنەیی خۆی دا دەگۆڕێ، نەوەك خۆشەویستی تۆش ئاوها گۆڕاو دەربچێ.

رۆمیۆ: ئەی سوێند بە چی بخۆم؟

جولێت: هیچ سوێند مەخۆ.

ئەگەر هەر سوێندیش دەخۆی، سوێند بە جوامێری خۆت بخۆ کە خودانەو دەیپەرستم.

ئیتر پێت باوەڕ دەکەم.

رۆمیۆ: ئەگەر خۆشەویستی ئازیزی بەر دڵی من....

جولیت: باشە، سوێند مەخۆ. هەرچەندە من بە تۆ شادم، بەلام هەوەسم بەم بەڵێنە نایە، ئەم شەو زۆر هەڵشەیەو زۆر سەرەڕۆیە، زۆر کت و پڕە، زۆر لە برووسکە دەکا کە بەر لەوەی مرۆڤ بتوانێ بڵێ (برووسکەی داوێ) تەواو دەبێ و دەبڕێتەوە.

شەو باش ئازیزا!

رەنگە ئەم غونچەی ئەوینە بە هەناسەی میوەگەنانی هاوین ببێ بە گوڵێکی جوان. بۆ ژوانێکی ترا!

شەو باش!

پشوو ئارامییەکی وەکوو ئەوەی ناو سینگی منت بکەوێتە دڵ.

رۆمیۆ: ئاخ! بە نارەزایی جێم دێڵی؟

جولێت: تۆ ئەم شەو بە تەمای چ رەزامەندییەکی؟

رۆمیۆ: بە هیوام بەڵێنی راستەقینەی خۆشەویستیم پێ بدەی.

جولێت: بەر لەوەی تۆ داوا بکەی من بەڵێنی خۆم پێداوی.

لەگەڵ ئەوەش دا بریا جارێکی تریش پێم بدابای.

رۆمیۆ: دەیکێشیتەوە؟ بۆچی، خۆشەویستەکەم؟

جولێت: تەنیا بۆ ئەوەی بە ئاشکرا بیلێم و دووبارە بەڵێنت پێ بدەم.

لەگەڵ ئەوەش دا تاکە خۆزگەم (خۆشەویستی تۆیە):

بەخششی من وەکوو دەریا بێ پەی و سنوورە، خۆشەویستیشم ئەوەندە قووڵە، تا زیاترت پێ ببەخشم، زیاترم دەبێ، چونکە هەردووکیان بێ کۆتایین.

(دایەن بانگ دەکا)

لە ژوورەوە دەنگە دەنگ دێ، خۆشەویستی ئازیز، بە خاترێ تە.

هەر ئێستا دایەنی چاك!

مۆنتیاگۆی شیرین، لەگەڵم راست و دڵسۆز بە!

نەختێ بوەستە، هەر ئێستا دێمەوە.

(لەسەرەوە بزر دەبێ)

رۆمیۆ: ئۆی شەوی پیرۆز! شەوی پیرۆز! دەترسم

لەبەر ئەوەی لە شەودام، ئەمە خەون بێ.

ئەوەندە خۆشە باوەڕناکەم ڕاست بێ!

(جولێت لەسەرەوە دەردەکەوێتەوە)

جولێت: سێ وشە، ڕۆمیۆ گیان، ئەوسا بە ڕاستی شەوباش!

ئەگەر خۆشەویستییەکەت ڕاست و شەریفانەیە، ئەگەر مەبەستت

زەماوەندە، سبەی یەکێکت دەنێرمە لا، قسەیەکی پێ ڕەوانە بکە:

کەی و لە کوێ ری و ڕەسمەکە دەکەی!

ئەوسا منیش هەموو سامانی خۆمت دەخەمە بەر پێ.

سەروەرم، لە سەرانسەری دنیادا دوات دەکەوم.

دایەن: (لە ژوورەوە) خانم!

جولێت: هەر ئێستا، وا هاتم.

بەڵام ئەگەر نیازت باش نییە، تکات لێ دەکەم........

دایەن (لە ژوورەوە): خانم!

جولێت: هەر ئێستا وا هاتم.

چیدی شوێنم مەکەوە، لێم گەڕێ خۆم و خەمی خۆم.

سبەی یەکێك دەنێرم.

ڕۆمیۆ: دڵم زۆر خۆشە!.....

جولێت: هەزار جار شەو باش!

(لەسەرەوە دەردەچێ)

ڕۆمیۆ: شەو، بەبێ ڕووناکی تۆ، هەزار جار خراپترە.

منداڵی مەکتەبلی چۆن لە کن کتێبەکانی دەڕوا، خۆشەویست

ئاوها بەرەو خۆشەویستەکەی دەچێ.

بەڵام منداڵی مەکتەبلی چۆن دەچێتە قوتابخانە، خۆشەویست

ئاوها لای بۆ خۆشەویستەکەی دەڕوا.

(رۆمیۆ دەڕوا)

(جولێت لەسەرەوە دەردەکەوێتەوە)

جولێت: گوێ بگرە رۆمیۆ، گوێ بگرە. ئای بۆ دەنگی بازەوانێك

ئەم هەڵۆیەم بۆ بانگ کاتەوە.

ئەوەی لە سەریەتی بێ دەنگ بێ، وادەزانێ دەنگی قەبەیەو نابێ

بە دەنگی بەرز قسەبکا نەوەك ئەو ئەشکەوتە شەق دەکەم کە(ئیکۆ) ی

تێدایە.

وادەکەم بە گوتنەوەی ناوی رۆمیۆ دەنگە ناسکەکەی زۆر قەبەتر

دەبێ.

رۆمیۆ!

رۆمیۆ: ئەمە رۆحمە، بە ناو بانگم دەکا.

شەو دەنگە خۆشەویست وەکوو زیو جوانەو وەکوو مۆسیقای نەرم

دەکەوێتە بەرگوێ.

جولێت: رۆمیۆ!

رۆمیۆ: وەی گیان! جولێت: سبەی، سەعات چەند بنێرمە لات؟

رۆمیۆ: سەعات نۆ.

جولێت: پشت گوێی ناخەم. تا ئەوسا بیست ساڵە!

بیرم چوو بۆچی بانگم کردیتەوە؟

رۆمیۆ: لێرە دەوەستم تا بیرت دەکەوێتەوە.

جۆلێت: لە بیر خۆمی دەبەمەوە بۆ ئەوەی لەوێ راتبگرم.

کە بە بیرم دێتەوە هاوڕێتی تۆم چەند پێخۆشە...

رۆمیۆ: منیش هەر ڕادەوەستم بۆ ئەوەی تۆ هیچت بە بیر نەیەتەوە.

ئەم ماڵە نەبێ هەموو ماڵێکی تر لە بیر دەکەم.

جولێت: ئێستا بەرەبەری بەیانییە، دەمەوێ تۆ بڕۆی! بەلام لەوە دوورتر نا کە کچێکی بێ مێشك لێ دەگەڕێ باڵندەکەی بە هەڵبەزین نەختێ لەبەردەستی دوور بکەوێتەوە.

وەکوو زیندانییەکی کڵۆڵی ناو کۆت و بەندی گەوگەوی ئەوسا بە داوە ئارمووشێك رایدەکێشێتەوە.

ئاوها خۆشی دەوێ و بەخیلی دەبا ئازادی پێ ببەخشێ!

رۆمیۆ: بریا منیش باڵندەی تۆ بام!

جولێت: گیانە، ئەمە خۆزگەی منیشە.

دەمکوشتی ئەوەندە دەست بەسەرت دابێنم.

شەوباش! شەوباش! وای جیابوونەوە خەمێکی خۆشە!

کەبمتوانیایە تا دەبێ بە سبەینە هەر بڵێم. شەوباش!

(لەسەرەوە دەڕوا)

رۆمیۆ: خەو لە چاوت کەوێ و سینەت ئاسوودە بێ!

خۆزگە من خەوو ئاسوودەیی بام بۆ ئەوەی لەو شوێنە شیرینەبام!

لێرەوە دەچمە کونجی باوکی رۆحانیم و داوای یارمەتی لادەکەم و باسی بەختی بەرزی خۆمی بۆ دەکەم.

(دەردەچێ)

# دیمەنی سێیەم

کونجی قەشە لۆرەنس

(قەشە لۆرەنس دێتە ژوورەوە. سەللەیەکی بە دەستەوەیە)

قەشە لۆرەنس: سپێدەی چاوکاڵ بۆ ئاسمانی رووگەش دەگرژێتەوەو هەوری رۆژهەڵات بە گەزەنگی رووناکی دەلاوێنێتەوە.

تاریکایی پنت پنت لەسەر رێگای رۆژو پێچکەی ئاگرینی (تیتان)، وەکوو سەرخۆش دەلادێ.

پێش ئەوەی خۆر چاوی داگیرساوی هەڵێنێ و رۆژ شادو خوناوی تەڕی شەو وشك بکا، من دەبێ ئەم سەللە شوارە پڕ گیای ژەهراوی و گوڵی پڕشیلەی بەهادار بکەم.

زەوی کە دایکی شروشتە، گلکۆشیەتی، ئەوەی گۆڕی ناشتنیەتی، زاماڵیشیەتی.

دەبینین کۆرپەی جۆراوجۆر لە ناو زاماڵی دا مەمکی سروشتی ئەو دەمژن.

زۆریان سیفەتی بەرزیان هەیە، نییە هەندێ سیفەتی باشی تێدا نەبێ.

هەمووشیان جیاوازن.

ئای گیاو رووەك و بەردو کرۆکی ڕاستەقینەیان شتی گەورەو بەهێزیان تێدایە!

هیچ شتێ نیە ئەوەندە خراپ بێ کە لە سەر زەوی بژی و هیچ
شتی چاك و تایبەتی بە زەوی نەبەخشێ!
هیچ شتێکیش نییە بە تەواوی باش بێ، شتی باش ئەگەر بە
باشی بە کار نەیەت، لە رەچەڵەکی خۆی هەڵدەگەڕێتەوەو بەسەر
خراپەدا نووچ دەدا.
چاکەش، ئەگەر بە چەوتی بە کار بێ، دەبێ بە خراپە.
خراپەش، جاری وا هەیە بە چۆنییەتی ئیشەکەوە  شکۆدار دەبێ.
ژەهرو هێزی دەرمان لە ناو پەلکی ناسکی ئەم گوڵە بچووکەدایە.
ئەگەر بۆنی بکەی، ئەم بەشە هەموو بەشەکانی گیانت شاد دەکا.
ئەگەر تامی بکەی، هەموو هەستی دڵت دەکوژێ.
دوو شای ئاوها ناحەزی تێدا دەژی.
مرۆڤ و رووەك. هەر یەکە چاکەو خراپەی تێدایە.
هەر کاتێ خراپەکە باڵادەست بێ، هەر زوو مەرگی ترسناك ئەو
رووەکە هەڵدەلووشێ.
(رۆمیۆ دێتە ژوورەوە)
رۆمیۆ: بەیانیت باش، باوە!
قەشە لۆرەنس: خوا پیرۆزی کا.
ئەمە چ زمانێکی شیرینە بەم بەیانییە زووە سلاوم لێ دەکا؟
گەنجۆ، دیارە مێشکت نەساخە وا زوو لە ناو نوێن هاتیتە دەرەوە.
هەموو پیرەمێردێك نیگەرانی لە چاودایە..
نیگەرانییش لە هەر کوێ بێ، خەو ناچێتە ئەوێ.
بەڵام کاتێ کە گەنجێکی ئاسوودەو مێشك حەساوە، پەل لە خۆی

داوێ بۆ ئەوەی بخەوێ، خەوی زێڕین لەوێ ئۆقرە دەگرێ.

جا کە تۆ زوو دەرکەوتووی، دڵنیام لەبەر ناڕەحەتی، زوو لە خەو

رابووی.

ئەگەر واش نەبێ، لە سەر راستم کە دەڵێم ئەمشەو (رۆمیۆ) مان

نەچۆتە ناو پێخەف:

رۆمیۆ: ئەوەی دواوە راستە. (نەچوومەتە نـاو پێخـەف بـەڵام) لە

خەوتن باشتر حەساومەتەوە.

قەشە لۆرەنس: خوایە لێمان نەگری! ئایا لەگەڵ رۆزەلینا بووی؟

رۆمیۆ: لەگەڵ رۆزەلینای چی؟ باوکی رۆحیم؟! نەخێر

من ئەو ناوەم هەر لە بیر نەماوە. ئەم ناوە هەر خەم و خەفەتە!

قەشە لۆرەنس: باشە، ڕۆڵە گیان! ئەی لە کوێ بووی؟

رۆمیۆ: بەرلەوەی جارێکی تر لێم بپرسی، خۆم پێت دەڵێم.

لە ئاهەنگی دوژمنەکەما بووم.

لەوێ یەکێ لە پڕ برینداری کردم.

منیش ئەوم بریندار کرد.

دەرمـانی هـەردووکمان، لـە هاوکـاری و چارەسـەرکردنی ڕۆحـی

تۆدایە.

جەنابی پیرۆز و موبارەك! من هیچ رقم لـە دڵـدا نییـە، سـەیرکە،

مەهدەر بۆ دوژمنەکەشم دەکەم.

قەشە لۆرەنس: روون و ئاشکرا بڵێ، کوری بـاش! چیت لـە دڵدایە

رەپ و راست بڵێ.

دانپیانانی بە مەتەڵ، چارەسەری هەر مەتەڵ دەبێ.

رۆمیۆ: کەواتە بە ئاشکرا بزانە ئەشقی دڵم کەوتۆتە سەر کچە جوانەکەی کاپولێتی دەوڵەمەند.

چۆن من دڵم کەوتۆتە سەر ئەو، ئاوهاش ئەو دڵی کەوتۆتە سەر من.

هەموو شتێ یەکانگیر بووە، هەر ماوە تۆبە بەرەکەتی مارەیی بیان کەی بە یەك.

بەڵام کەی و لە کوێ و چۆن یەکترمان دی و یەکترمان لاواندەوەو بەڵێنی خۆشەویستیمان بە یەك دا، کە بەردەوام بووین، ئەوسا پێت دەڵێم.

بەڵام یەك تکام هەیە، ڕازی بە هەر ئەمڕۆ لێکمان مارە بکەی.

قەشە لۆرەنس: ئای پیر فرانسیس، ئەمە چ گۆڕانێکە!!!

ئاوا زوو رۆزەلینات بە جێ هێشت کە ئەوەندە خۆشت دەویست؟!

کەواتە راستە، گەنج خۆشەویستی لە ناو دڵی دا نییە، لە چاوی دایە.

بە دایکی مەسیح سوێندت دەدەم،چەند فرمێسکی سوێرت بۆ رۆزەلینا باراندە سەر ڕوومەتی زەردت.

چەند فرمێسکی سوێرت خۆڕا چووە بۆ بەتام کردنی خۆشەویستیت کە ئێستا تامی لە لات نەماوە؟

خۆر هێشتا ئاه و هەنسکی تۆی لە ئاسمان پاك نەکردۆتەوە.

ناڵینی ئەوسات ئێستاش لە گوێی دێرینم دا دەزرنگێتەوە.

سەیرکە، ڕوومەتت ئێستاش پەڵەی فرمێسکی جارانی پێوە ماوەو هێشتا نەشۆراوەتەوە.

ئەگەر تۆ بە راست خۆت بایت و ناڵینەکەشت بە راستی هی خۆت

بایە، خۆت و ئەم هەموو ناڵینەت بۆ رۆزەلینا دەبوو!

ئایا هەر بە راست گۆڕاوی؟! دە بە دەمی خۆت وا بڵێ.

کە پیاو بە وەج نەبێ، لەوانەیە ژن برووخێ.

رۆمیۆ: تۆ دەرهەق بە خۆشەویستی رۆزەلینا زۆر سەرکۆنەم دەکەی.

قەشە لۆرەنس: دەر هەق بە خۆشەویستی ساختە، نەك خۆشەویستی راستەقینە، گلێنەی چاوم!

رۆمیۆ: تۆ داوات لێ کردم خۆشەویستیم بنێژم.

قەشە لۆرەنس: لەناو گۆڕێکی وا نا کە یەکێکت تیا ناشت، یەکێکی تری لێ بێتە دەرەوە.

رۆمیۆ: تکایە سەرکۆنەم مەکە، ئەوخانمەی ئێستا خۆشم دەوێ چاکە بە چاکەو خۆشەویستی بە خۆشەویستییە.

ئەوەی تر وا نەبوو.

قەشە لۆرەنس: ئۆهـ، ئەویش باش دەیزانی خۆشەویستی تۆ خوێندنەوەکەی تووتیانەیە، باش حاڵی نابێ!

بەڵام فەرموو، گەنجی دوودڵ، فەرموو لەگەڵما وەرە!

سەبارت بە یەك شت هاوکاریت دەکەم: بەڵکوو ئەم یەکگرتنە ئەوەندە بەختی بە دەمەوە بێ کە دوژمنداری بنەماڵەکانتان بکا بە خۆشەویستییەکی پاك و بێ گەرد.

رۆمیۆ: ئای، با بڕۆین، من زۆر پەلەمە.

قەشە لۆرەنس: بە ئاقڵی و بە شێنەیی! ئەوەی پەلە بکا، نووچ دەدا.

# دیمەنی چوارەم

(بێنڤۆلیۆ و مێرکوشیۆ دێنە ژوورەوە)

مێرکوشیۆ: شەیتان! ئەم رۆمیۆیە دەبێ لە کوێ بێ؟

ئەم شەو نەهاتۆتەوە ماڵێ؟

بێنڤۆلیۆ: نا، نەهاتۆتەوە ماڵی باوکی، لەگەڵ پیاوەکەیا قسەم کرد.

مێرکوشیۆ: ئای، ئەو کچە رەنگزەردو دڵڕەقە، ئەو رۆزەلینایە، ئەوەندە ئەزیەتی دەدا، بێ شك شێتی دەکا.

بێنڤۆلیۆ: تیبۆلتی خزمەکەی کاپولیتی بەساڵاچوو، نامەیەکی بۆ ماڵی باوکی ناردووە.

مێرکوشیۆ: بەسەری خۆم، گژنێی دەکا.

بێنڤۆلیۆ: رۆمیۆ وەڵامی دەداتەوە.

مێرکوشیۆ: هەرکەسێ سەوادی هەبێ وەڵامی نامە دەداتەوە.

بێنڤۆلیۆ: نەخێر، وەڵامی نووسەری نامەکە، خۆی، دەداتەوە. پێشانی دەدا چۆن  کە گژنێ بکرێ، زات دەکا وەڵام بداتەوە.

مێرکوشیۆ: ئاخ بۆ رۆمیۆی کلۆڵ! رۆمیۆ ئیتر مردووە: خەنجەری چاوە رەشەکانی کچێکی سپیلکەی پێ کەوتووە، گوللەی گۆرانی ئەوین گوێی سمیوە، ناخی دڵی بە تیری کورە کوێرە کەواندارەکە (کیوبید) کون بووە.

ئەمە پیاوی ئەوەیە بچێتە بەرامبەر تیبۆلت؟

بێنڤۆلیۆ: بۆ؟ تیبۆلت چییە؟

مێرکوشیۆ: دەتوانم پێت بڵێم لە میری پشیلان زیاترە.

ئای! پێشەنگی ئازای دابی ئاهەنگانە کە دەجەنگێ وەکو ئەوە وایە

کە تۆ بە دەم خوێندنەوەی نۆتە گۆرانی دەڵێی!

کات و لەنگەرو ئەندازەکەی رادەگرێ.

بە قەد ئەوەندە دەوەستێ کە من نۆتە بخوێنمەوە، ئینجا:

یەک، دوو و سێیەم زەبری لەناو سینگ دایە.دوگمەی ئاوریشم

کون دەکا، شارەزای شەڕی تەن بە تەنە، تەن بە تەنە!

زۆرانبازێکی دەستەو یەخەیە، مێرخاسی ماڵباتێکی یەکەمینە!

ئا، پسپۆڕی هەڵمەت (پەسادۆ) و (پنتۆ ریڤێرسۆ)یە ها بگرە!!

بێنڤۆلیۆ: چی؟

میرکوشیۆ: نەفرەت لەم جۆرە کەسە سەیرو سەمەرەو پەرۆشە

کە ئەم زاراوانە دێنێتە ناو قسەکانمان:

(سوێندم بە مەسیح شیربازێکی باشە)، (پیاوێکی کۆکە)!

هاوڕێی ئازا، شتێکی ناخۆش نییە کە لێرەو لەوێ توشمان ببێ بە

تووشی ئەم مێشە سەیرانە، ئەم پیاوە قۆزانە بین، کە بە (ببوورە) یان

ئەوەندە جەخت لەسەر بە شێوازی نوێ دەکەن کە بە ئیسراحەت

لەسەر کورسی کۆن دابنیشن.

ئای لە (باشە) (باشە) یان!!

(رۆمیۆ دێتە ژوورەوە)

بێنڤۆلیۆ: ئەوەتا رۆمیۆ هات، وا رۆمیۆ هات.

مێرکوشیۆ: بەبێ پارچەکەی خۆی (دەزگیرانەکەی)، وەکوو ماسییەکی وشك وایە:

ئۆی لەشە لەشە، چۆن بووی بە ماسی؟

ئێستا لایەنگری شیعرەکانی پترارکە:

(لۆرا) لە چاو خانمەکەی ئەم کارەکەرێك بوو هیچی تر، بە مێرەم! ئەو خۆشەویستێکی باشتری هەبوو پێی هەڵبڵێ. (لە چاوی ئەو) (دیدۆ) داوێن پیس و (کلیۆپاترە) قەرەج و (هیلین) و (هیرۆ) ئافرەتی نزم بوون....

ڕەنگە ئەمانە چاوکاڵ و شتی وابن، بەڵام لە چاوئەو هیچ نین!

رۆمیۆ گەورەم، (بۆن ژووغ)! سڵاوی فرەنسی لە پانتۆڵی فشی فرەنسیت دەوەشێتەوە.

شەوێ دی باش تەفرەت داین.

رۆمیۆ: بەیانی هەردووکتان باش! تەفرەی چیم دان؟

مێرکوشیۆ: دزە کردن، گەورەم، دزە کردن، تێ ناگەی؟

رۆمیۆ: ببوورە، مێرکوشیۆی مێرخاس، ئیشێکی گەورەو گرنگم هەبوو.

لەو حاڵەتەش کە منی تیا بووم، پیاو دەشێ چاو لە ئەتەکیت بپۆشێ.

مێرکوشیۆ: هەر ئەوەندەیە بڵێینی پیاو لە حاڵەتی وادا ناچارە لە ناوقەدەوە بچەمێتەوە.

رۆمیۆ: بۆ ئەوەی ئیکلام بکێشێ.

مێرکوشیۆ: زۆر چاك پێکات.



CamScanner

ڕۆمیۆ: ڕوون کردنەوەیەکی زۆر بەڕێزانەیە.

مێرکوشۆ: نا، من خۆم کولۆوکی ئیکلام کێشانم.

ڕۆمیۆ: کولووک بە مانای گوڵ؟

مێرکوشیۆ: ڕاستە.

ڕۆمیۆ: پێڵاوی دەرباریم هەمووی گوڵ گوڵییە.

مێرکوشیۆ: باشت گوت. بکەوە شوێن ئەم نوکتەیە تا پێڵاوی دەربارت دەدڕێ.

ڕەنگە نوکتەکە هەر بمێنێ، واتە دوای لە پێ کردن،کە لنگێك بنی دڕا، تەنیا بنی پێی ڕووت دەمێنێتەوە.

ڕۆمیۆ: ئای لەم نوکتە تەنکە! لووزی بنەکەی بێ وێنەیە.

مێرکوشیۆ: بێنڤۆلیۆی مێرخاس، وەرە بکەوە بەینمان، مێشکم خەریکە خاو دەبێتەوە.

ڕۆمیۆ: قامچی و ڕکێب! قامچی و ڕکێب! نەوەك داوای بە گژداهاتنت لێ دەکەم.

مێرکوشیۆ: نا، ئەگەر ڕاوی قازی کێویت بکەوێتە مێشك من تێ چووم.

چونکە دڵنیام تۆ قازی کێویت زیاتر لە مێشك دایە کە من لەهەر پێنجم دایە: برایانە بوو کە پێم گوتی؟ قاز.

ڕۆمیۆ: تۆ هیپ کاتێ لە گەڵ من نەبووی، تەنیا بۆ یاریکردنی (قاز) نەبێ!

مێرکوشیۆ: بۆ ئەم نوکتەیە گوێت دەگەزم.

ڕۆمیۆ: نا، قازی باش، مەمگەزە.

مێرکوشیۆ: زرنگییەکەت شیرینییەکی زۆر تاڵە، ساسێکی هەرە کەسکوونە.

رۆمیۆ: شیاویش نییە لەگەڵ قازی شیرین پێشکەش بکرێ.

مێرکوشیۆ: ئۆها! ئەم نوکتەیە وەکوو زوێڵی پێستە بزنێکی نەرمە کە پانی یەك ئینجەو یەك باڵ درێژ دەبێتەوە.

رۆمیۆ: من لێکی دەکێشمەوە، چونکە وشەی (پان) بخرێتە سەر قاز، دەیکا بە قازێکی زۆر پان و پۆڕ (broad)(یان کورك‌کرِ کەوتوو (broad-goose =

مێرکوشیۆ: جا ئەمە لەوە باشتر نییە کە تۆ لەبەر خۆشەویستی ئاه و ناڵە بکەی؟

تۆ ئێستا مرۆیەکی کۆمەلایەتی، ئێستا رۆمیۆی، ئێستا ئەوەی کە هەی.

بە هونەرو هەروەها بە سروشتیش، چونکە ئەم خۆشەویستییە بێ مانایە وەکوو گەوجێکی گەورە وایە کە بەم لاو بەو لادا رادەکا بۆ ئەوەی داردەستەکەی لە کونێك بشارێتەوە.

بێنڤۆلیۆ: بوەستن، بوەستن!

مێرکوشیۆ: تۆ دەتەوێ بە پێچەوانەی ئارەزووی خۆم لە قسە بوەستم.

بێنڤۆلیۆ: بەڵێ، نەوەك چیرۆکەکەت زۆر درێژ دەکەیتەوە.

مێرکوشیۆ: سەهووی، کورتم دەکردەوە.

گەیشتوومەتە کۆتایی قسەکەم، راستی ناشمەوێ زیاتر پێدا برۆم.

رۆمیۆ: ئەوەتا کراس جوان.

(دایەن و پیتەر دێنە ژوورەوە)

مێرکوشیۆ: کەشتی چارۆکەدار، چارۆکەدار!

بێنڤۆلیۆ: دوو، دوو، کراس و کەوان (ژن و پیاو).

دایەن: پیتەر!

پیتەر: وا هاتم.

دایەن: باوەشێنەکەم، پیتەر؟!

مێرکوشیۆ: پیتەر، کوڕی باش، بۆ ئەوەیەتی رووی خۆی پێ بشسارێتەوە، چونکە باوەشێنەکە لە رووی ئەوجوانترە.

دایەن: خوا بەیانیتان باش کا، جوامێرینە!

مێرکوشیۆ: خوا ئێوارەت باش کا، خانمی نازدار.

دایەن: ئێوارەیەکی باشە؟

مێرکوشیۆ: من پێت دەڵێم، بەراستی ئێوارەیەکی باشە.

دایەن: جوامێرینە، ئەرێ کەستان دەزانێ رۆمیۆی لاو لە کوێیە؟

[...... : میلی داوێن پیسی سەعات، ئێستا لەسەر کونی نیوەڕۆیە،

دایەن: کورە برۆ دەرەوە، ئەوە تۆ چ پیاوێکی!؟

رۆمیۆ: خانم، ئەمە یەکێکە خوا بۆ ئەوە دروستی کردووە داوێن پیسی بکا.

دایەن: بەراستی وایە. (بۆ ئەوەی داوێن پیسی بکا.) ]

رۆمیۆ: من دەتوانم پێت بڵێم، بەڵام تا دەیدۆزیتەوە، لەو وەختە پیرتر دەبێت کە کەوتیتە شوێنییەوە.

لە من بەولاوە کەس بەو ناوە نییە، لەوە خراپتر نابێ.

دایەن: باشت گوت.

مێرکوشیۆ: بەڵێ ئایا (خراپترین) باشە.؟

دیارە هەر بە راستی ژیرانە تێی گەیشتووی.

دایەن: گەورەم، ئەگەر تۆ بیت، هەندێ قسەم لەگەڵت هەیە.

[ بێنڤۆلیۆ: بۆ شێوی ئێوارە داوەتی دەکا.

مێرکوشیۆ: کەروێشکە، کەروێشکە، کەروێشکە، دیاردە!!

رۆمیۆ: ئەوە چیت دۆزییەوە؟

مێرکوشیۆ: کەروێشك نییە، گەورەم.

ئەگەر کەروێشکی ناو حەلوای رۆژوو بێ، پێش خواردنی تامی بەسەرچووە .

(گۆرانی دەڵێ)

پیرە کەروێشکی بەسەرچوو! پیرە کەروێشکی بەسەرچوو!

بۆ رۆژووی گەورە گۆشتێکی زۆر چاکە.

بەڵام کەروێشکی بەسەرچوو هیچ نرخی نییە، پێش ئەوەی بخورێ، بەسەر دەچێ. ]

رۆمیۆ، دێیتەوە ماڵی باوکت؟ ئێمە لەوێ فراوین دەخۆین.

رۆمیۆ: منیش دوای ئێوە دێم.

مێرکوشیۆ: ماڵاوا خانمی پیر، ماڵاوا، (گۆرانی دەڵێ)

هەی خانم، خانم، خانم!!

(میرکوشیۆ و بێنڤۆلیۆ دەچنە دەرەوە)

دایەن: ماڵاوا، گەورەم، بە مێرەم!! ئەمە زۆر خوێڕی بوو، هەموو گیانی فرت و فێڵ بوو.

رۆمیۆ: دایەن، ئەمە جوامێرێکە حەز دەکا گوێی لە قسەی خۆی بێ.

بە یەک دەقیقە، بە قەدەر یەک مانگ گوێ گرتن، قسە دەکا.

دایەن: ئەگەر یەک قسەم پێ بڵێ، کەرامەتی دەشکێنم.

ئەگەر لەمەش خراپتر بێ، بیست کەسی توندو تیژی واش بن،

ئەگەر خۆیشم پێیان نەوێرم، هی وام هەیە لووزیان بشکێنێ.

خوێڕی پیس!! خۆ من ئافرەتێکی سووکی بەردەستی ئەو نیم،

خۆ من دۆستی جندە و پێ رابوێری ئەو نیم!!

کورە پیتەر، ئەوە تۆ لێرەی چۆن قبووڵ دەکەی هەر خوێڕییەک

راست بێتەوە گێچەڵ بە من بکاو پێم ڕاببوێری.؟!

پیتەر: پیاو نییە بتوانێ گێچەڵ بە تۆ بکا.

شتی وا لەهەر کەسێ ببینم، یەکسەر چەکی لێ رادەکێشم.

بەڵێن بێ، ئەگەر بزانم شەڕەکە لەسەر هەقەو یاسا لای منە،

دەست بەجێ وەکوو پیاوان شیر هەڵدەکێشم.

دایەن: بەو خودایە! ئەوەندە تووڕە بوویم، لە تووڕەییان هەموو

گیانم دەلەرزێ.

هەی خوێڕی هیچ و پووچ و کەم!!

گەورەم، تکایە یەک قسەو بەس: وەکوو پێم گوتی خانمە

نەشمیلەکەم پێی گوتم تۆ بدۆزمەوەو راسپاردەیەکی هەیە پێتی

بگەیەنم.نایەڵم کەس پێی بزانێ.

یەکەم جار با پێت بڵێم: وەکوو دەڵێن ئەگەر دەیبەیتە

بەهەشتێکی ساختە، ئیشێکی زۆر کرێت و ناشیرن دەکەی. چونکە

خانم تازە گەنجەو ئەگەر تۆ دووفاقی لەگەڵ بکەی، بە راستی شتێکی

خراپە، ئەمە لەگەڵ هەر خانمێك بکەی، کارێکی نزم و ناشیرینە!

رۆمیۆ: دایەن، ڕێزو سڵاوم بە خانم و خاتوونەکەت بگەیەنـە، مـن جەخت لەسەر هەڵوێستی خۆم دەکەمەوە.

دایەن: گەورەی چاك و بەڕێزم!. بەڵێن بێ، منیش وای پێ دەڵێم.

ئای خوایە، خوایە پێی خۆش دەبێ!

رۆمیۆ: چی پێ دەڵێی دایەن؟خۆ تۆ گوێ لە من ناگری!

دایەن: گەورەم، پێی دەڵێم کە تۆ جەخت لەسەر هەڵوێستی خـۆت دەکەیتەوە.

ئەمەش وەکوو من بزانم کارێکی جوامێرانەیە.

رۆمیۆ: پێی بڵێ پلانێك دابنێ بۆ ئەوەی ئەم دوای نیوەڕۆیە بێتە دان پیانان.

ئەوسا لە کونجی قەشە لـۆرەنس ڕێ و ڕەسمی دان پیانـان و مـارە بڕین تەواو دەبێ.

ها! ئەمەش هەقی ماندووبوونەکەت!

دایەن: نا، بە ڕاستی، گەورەم، یەك فلس وەرناگرم.

رۆمیۆ: ها! بگرە! پێت دەڵێم.

دایەن: ئەمڕۆ دوای نیوەڕۆ گەورەم؟ باشە، لەوێ دەبێ.

رۆمیۆ: دایەنی چاك! لە پشت دیواری کەنیسە بە.

هــەتا ســەعاتێکی تــر نۆکەرەکــەم دێتەلات،پــەتێکی بــە قولفانگە(کەمەنـدێك)ت بـۆ دێنـێ، بـۆ ئـەوەی لـە کپـی شـەوا ببێ بە پلیکانە بۆ سەرکەوتنە سەر چلەپۆپەی بەختەوەری.

ماڵاوا.دڵسۆز بە.منیش پاداشتی ماندووبوونەکەت دەدەمەوە.

ماڵاوا. ریزو سڵاوم بە خانم بگەیەنە.

دایەن: خوا لە ئاسمانان فەرو بەرەکەتت بەسەر دا ببارێنێ، ئێستا

گوێ بگرە، گەورەم.

رۆمیۆ: فەرموو، چ دەڵێی دایەنی ئازیز؟

دایەن: ئایا نۆکەرەکەت ڕازی قایمە؟

ئـەی نەتبیـستووە: دەشـێ دوو کـەس نهێنـی رابگـرن، ئەگەر

یەکێکیان لەوێ نەبێ.

رۆمیۆ: دڵنیات دەکەم نۆکەرەکەی من وەك پۆلا ڕاست و پتەوە!

دایەن: گەورەم، خانمی من جوانترین خانمە- ئای خوایە خوایە!

کاتێ کە چەنەبازێکی چکۆڵەبوو

ئای! جوامێرێك لە شار هەیە، پاریس، بە شادومانییەوە دەیهێنێ،

بەڵام ئـەو خانمـە رۆح پاکـە، بـەو بـێ تەماشـای بۆقـە شـێنکە بکا

نەك ئەو.

من هەنـدێ جـار تـوورەی دەکـەم و پێـی دەڵـێم پـاریس قـۆزترین

پیاوە.

دڵنیات دەکەم کە وادەڵێم، رەنگی لەم دنیایـەدا لـە هـەموو پارچە

قوماشێك سپیتر دەبێ.

ئەی ئەوە نییە(رۆزماری)[7] و (رۆمیۆ) هـەردووکیان بـە یـەك پیت

(ر) دەست پێ دەکەن؟!

رۆمیۆ: بەڵێ، دایەن وایە. جا چ بوو؟ هـەردووکیان بـە (ر) دەسـت

پێ دەکەن؟

---

7 - گوڵێکە ڕەمزی یادگارییە.

CamScanner

دایەن: ئای، گاڵتەچی.! ئەمە ناوی سەگە، (ر) پیتی یەکەمە بۆ نەخێر، دەزانم ئەویان بە پیتێکی تر دەست پێ دەکا، جوانترین هەستیشی هەیە بەرامبەر بە تۆو رۆزماری.

جا وا بۆ تۆ باشە گوێت لێیان بێ.

رۆمیۆ ریزو سڵاوم بە خانمەکەت بگەیەنە.

دایەن: بەڵێ هەزار جار!

(رۆمیۆ دەچێتە دەرەوە)

پیتەر!

پیتەر: بەڵێ.

دایەن: ها، باوەشێنەکەم بگرە. دە پێش من دا برۆ. خێراکە!!

(دەچنە دەرەوە)

CamScanner

# دیمەنی پێنجەم

(ناو باخچەی کاپولێت)

(جولێت دێتە ژوورەوە)

جولێت: کە دایەنەکەمم بەڕێ کرد، سەعات نۆی ڕەبەق بوو.

گفتی دا بە نیو سەعات بگەڕێتەوە، لەوانەیە پێی نەدۆزرابێتەوە،

بەڵام نەخێر وا نییە.

ئاخ! شەلەیە. پێویستە بیروخەیالی ببێ بە قاسیدی خۆشەویستی

کـە دە هێنـدەی تیـشکی خـۆر خێـرا دەڕوا و سـێبەر لەسـەر گردە

مڕومۆچەکان را دەدا.

هەر لەبەر ئەمەشە کۆتری تیژباڵ گالیسکەی ئـەوین رادەکێـشێ و

هەر لەبەر ئەمەشە کیۆبید باڵی تیژ وەکوو با وایە.

ئێستا رۆژ لەم سەفەری رۆژگارەدا گەیشتۆتە سەر بڵندترین گرد

لە سەعات نۆ تا دوازدە دەکاتە سێ سەعاتی دوورو درێژ.

کەچی (دایەن) هەر نەگەڕاوەتەوە.

ئەگەر سۆزی خۆشەویستی و خوێنی گەرمی گەنجێتی تێـدا بایە،

وەکوو تۆپ لە خولانەوە چوست و چالاك دەبوو.

وشەکانی من بەرەو خۆشویستەکەمی هەڵدەداو وشـەکانی ئـەویش

بەرەو منی هەڵدەدایەوە.

بەڵام ئەوەی پیر بێ وەکوو مردوو هـەڵس و کـەوت دەکا: نارێك،

سست، تەپ و تەوەزەل، قورس، ڕەنگ زەرد وەکوو قورقوشم.

وای خودایە! ئەوە هاتەوە.

(دایەن و پیتەر دێنە ژوورەوە)

ئای دادە هەنگوین، چ خەبەرێکت هێناوە؟

دۆزیتەوە؟ ئەم پیاوەت بەڕێ کە.

(پیتەر دەچێتە دەرەوە)

دایەن: پیتەر، تۆ لەبەر دەرگا بوەستە.

جولێت: ئێستا دایەنی چاك و شیرین - وەی خوایە! ئەوە تۆ بۆ عادز دیاری؟

با خەبەرەکەش ناخۆش بێ، تۆ بە خۆشی باسی بکە.

ئەگەر خەبەرەکە خۆش بێ، تۆ کە بەم رووە ترش و تاڵە باسی بکەی نەغمەو ئاوازی ئەو خەبەرە خۆشە تێك دەدەی.

دایەن: شەکەت و ماندووم، نەختێ سەبرم لێ بگرە.

وای! ئێسك و پرووسکم چەند دێشێ!

ئای سەفەرێکی چەند سەخت و ناخۆش بوو.

جولێت: بریا ئێسك و پرووسکی من بۆ تۆ بایە و خەبەری لای تۆش بۆ من بوایە.

دەوەرە! تکات لێ دەکەم، قسە بکە، دایەنی باش باش، قسە بکە!

دایەن: تۆو عیسا پەلەی چیتە؟ ناتوانی نەختێ سەبر بگری؟

نابینی هەناسەم لێ بڕاوە؟

جولێت: چۆن هەناسەت لێ بڕاوە؟ کە هەناسەی ئەوەت هەبێ پێم بڵێی هەناسەم لێ بڕاوە؟

ئەو بیانووەی بۆ ئەم دواکەوتنە دەیهێنیتەوە لەو چیرۆکە

درێژترە کە بیانووی بۆ دێنیتەوە.

خەبەرەکەت خۆشە یان ناخۆشە؟ ئەوەندەم وەڵام بدەوە.

یەکێ لەم دوانە بڵێ ومنیش چاوەڕێی درێژەکەی دەکەم.

دەی با دڵم دابکەوێ: خۆشە یان ناخۆشە؟

دایەن: ئێ، تۆ هەڵبژاردنەکەت سادەیە. تۆ نازانی چۆن پیاو هەڵبژێری، ڕۆمیۆ، نا، ئەو نا. ئەگەرچی سیمای لە هەموو پیاوێك قۆزترە، لەگەڵ ئەوەدا قاچیشی لە هی هەموو پیاوێکی تێپەڕاندووە.

دەست و پێ و لەشیشی، هەر چەندە پێویست بە باس کردن ناکەن نموونەیان نییە.

گوڵی (لاواندنەوەی) بارەگاینیە، بەڵام دڵنیام وەکوو بەرخ نەرم و حەلیمە.

کچێ ئاوی لێ مەخۆرەوە! مەمنوونی خوا بە.

فراوینت لە ماڵەوە خواردووە؟

جولێت: نا، نا. بەڵام من پێشتر ئەم هەموو شتەم دەزانی.

ئەی لەبارەی زەماوەندکردنمان، چ دەڵێ؟! ئەمەیان چی؟

دایەن: وای خوایە سەرم چەند دێشێ ! ئەوە چ ژانە سەرێکم لێیە؟!

سەرم وا لێ دەدا هەر دەڵێی ئێستا دەبێتە بیست پارچە.

لەولاشەوە، پشتم، ئای پشتم، ئای پشتم!

دەك دڵت بەر تووك و نەفرەت کەوێ کە منت ڕەوانە کرد بۆ ئەوەی بەم راکە راك و هەڵبەزو دابەزە گیانم دەربچێ!

جولێت: بە ڕاستی پێم ناخۆشە کە تۆ باش نیت!

دایەنی شیرین شیرین شیرین!! دە پێم بڵێ: خۆشەویستەکەم چ دەڵێ؟

دایەن: خۆشەویستەکەت وەکوو جوامێرێکی سەربەرزو رەوشت پاك وقۆزو میهرەبان و هەروەها چاکەکەریش، دەڵێ – ئەرێ دایکت لە کوێیە؟

جولێت: دایکم لە کوێیە؟بۆچی؟ وا لە ژوورەوەیە.لە کوێ بێ؟!
چەند بە سەیری وەڵام دەدەیتەوە، خۆشەویستەکەت وەکوو جوامێرێکی سەربەرز، دەڵێ - ئەرێ دایکت لە کوێیە؟

دایەن: ئای! سوێندم بە پاکیزەی موبارەك! تۆ زۆر بێ سەبری!
بە (مێرەم)، وەرە، بڕوام وایە، ئایا هیورکردنەوەی ژانی ئێسك و پرووسکم وا دەبێ؟

لەمەودوا ئەگەر راسپاردەیەکت هەبوو، خۆت بڕۆ.

جولێت: ئەم بێنەو بەرەیە چییە؟ وەرە پێم بڵێ، رۆمیۆ چ دەڵێ.

دایەن: مۆڵەتت وەرگرتووە ئەمڕۆ بۆ دانپیانان بچیت؟

جولێت: ئا، وەرمگرتووە.

دایەن:دە کەواتە خێرا لێرەوە خۆت بگەیەنە کونجی قەشە لۆرەنس: لەوێ، مێردێك (رۆمیۆ) چاوەڕێت دەکا بۆ ئەوەی بتکا بە هاوسەری خۆی.

ئێستا خوێنی بەجۆشت دەکەوێتە گۆنا.
روومەتت لەگەڵ هەرخەبەرێکا یەکسەر سوور هەڵدەگەڕێ.
زوو بە بڕۆ کەنیسە.
منیش دەبێ بچمە لایەکی ترو نەردەوانەیەك بێنم بۆ ئەوەی کە

تاریـــك داهـــات، خۆشەویـــستەكەت پیـــا ســـەركەوێتە ســـەر هێلانـــەی باڵندەیەك.

من كارەكەرو ئیشكەری بەسەبری بەختەوەریی تـۆم تـۆ بـڕۆ، مـن دەچم فراوین دەخۆم، تۆ خێرا بچۆ كونجەكە.

جولیێت: رادەكەم بەختی باڵا، ماڵاوا، دایەنی سەربەرز.

(جولیێت و دایەن دەچنەدەرەوە)

# دیمەنی شەشەم

(کونجی قەشە لۆرەنس)

(قەشە لۆرەنس و رۆمیۆ دێنە ژوورەوە)

قەشە لۆرەنس: یا خوا ئاسمان بزە بیگرێ بۆ ئەم بۆنە پیرۆزە!

لە ساتەکانی ئایندەدا، بە خەم کەفمان لێ نەکا!

رۆمیۆ: ئامین! ئامین!

بەڵام هەر خەمێك بێ لەو خۆشییە زیاتر نابێ کە چرکە ساتێکی

کورتی دیدارێکی ئەو، بە منی دەبەخشێ!

تۆ هەر ئەوەندە بکە بە وشەی پیرۆزو موبارەك دەستمان بخەرە

ناو دەستی یەکتر، جا مەرگی ئەوینخۆر چی لە دەست دێ با بیکا.

ئەوەندەم بەسە کە بڵێم هی منە!

قەشە لۆرەنس: ئەم جۆرە خۆشییە توندو تیژە لە پڕ بە توندو

تیژی کۆتایی دێ.

لە حانی سەرکەوتن دا لە ناو دەچێ، وەکوو ئاگرو باروت چۆن

کەیەکتر ماچ دەکەن (پێك دەکەون)، دەبڕێنەوە.

هەنگوینی زۆر شیرین، لەبەر زۆر شیرینی خۆی، بێ تام دەبێ.

کە تامی دەکەین ئیشتیامان دەکوژێ.

جا، بە شێنەیی یەکترتان خۆش بوێ. خۆشەویستی درێژخایەن وا

دەبێ.

ئەوەی زۆر پەلە بکا، وەکوو ئەوەی زۆر سستی بکا، درەنگ دەگاتە جێ.

(جولێت دێتە ژوورەوە)

ئەوەتا خانم هات. ئۆی پێی وا ناسک هەرگیز بەردەستێنی رەقی پێ لە ناو ناچێ.

ئاشق دەتوانێ سواری داوی تەونی جاڵجاڵۆکە کە بە سستی لەگەڵ بای هاوین دا گەمە دەکاو بەریش نابێتەوە.شتی پووچ ئاوها سووکە.

جولێت: ئیوارە باش باوە رۆحانی.

قەشەلۆرەنس: کچم، رۆمیۆ بە ناوی هەردووکمان سوپاست دەکا.

منیش بە قەد ئەو، سوپاسی دەکەم.

جولێت: ئەمەش بۆ ئەو! ئەوەك سوپاسی ئەو گەلێ زۆر دەبێ.

رۆمیۆ: ئاە جولێت، ئەگەر خۆشیی تۆش بە قەد خۆشیی من بێ و لە سەری برژێتەوە.

ئەگەر کارامەییشت لەهی من زیاتر بێ بۆ ئەوەی بە رەنگێکی زرقی بینەخشێنی، هەوای ئەم ناوە بە هەناسەت شیرین بکەو با ئاوازی مۆسیقای بە پێز ئەو بەختەوەرییە دەربڕێ کە هەردووك لەم دیدارە خۆشەدا لە یەکتری وەردەگرین.

جولێت: خەیاڵێك بیرەکەی لە وشەکانی بە پێزتر بێ، شانازی بە گەوهەری خۆی دەکا، نەك بە بریق و باقی دەرەوە.

تەنیا دەرۆزەکەرن کە دەتوانن پارەو سامانی خۆیان بژمێرن.

خۆشەویستی راستەقینەی من ئەوەندە پەرەی سەندووە، ناتوانم نیوەیشی کۆبکەمەوە سەریەك!

قەشـە لـۆرەنس: وەرن لەگـەڵم وەرن، بـا ئیـشەکە لـە کـورتی بڕێنینەوە.

ئەگەر لاریتان نەبێ، کەنیسەی پیرۆز بە مارەیی هەردووکتان دەکا بەیەك و ئیتر بە تەنیا نامێننەوە.

(دەردەچن)

CamScanner

# بەشی سێیەم

## دیمەنی یەکەم

(مێرکۆشـیۆو بێنڤۆلیـۆو نۆکـەرێك و چـەند خزمـەتکارێك دێنەژوورەوە)

بێنڤۆلیۆ: مێرکوشیۆ، کوڕی باش، تکات لێ دەکەم با بڕۆین.
ڕۆژەکەی گەرمە، کەس و کاری کاپولێت لە دەرەوەن.
ئەگەر لێك ڕاست بێین ناتوانین بە شەڕ نەیەین.
چونکە ئێستا، بەم ڕۆژگارە گەرمە، شێتاتی لە خوێن دا دەجۆشێ.

مێرکوشیۆ: تۆ وەکوو ئەو کەسە وایت کە دەچێتە نـاو مەیخانـەو شمشێرەکەیم بۆ فڕێ دەداتـە سـەر مێـزو دەڵێ: (یـاخوا پێویستم پـێ نەبێ!).
کـە بـادەی دووەم کـاری تـێ دەکـا، بـەبێ هـیچ بیانوویـەك شمشێرەکەی لە مەیگێڕ هەڵدەکێشێ.

بێنڤۆلیۆ:جا من وەکوو ئەم جۆرە کەسە وام؟

مێرکوشیۆ: وەرە، وەرە، تـۆش وەکـوو هـەر یـەکێکی تـر لـە ئیتالیا سەر گەرم و تەبیعات توندی. کە دەرووژێی دەبی بە کەسێکی میزاجی و کە بوویشی بە کەسێکی میزاجی یەکسەر دەوروژێی.

بێنڤۆلیۆ: جا بۆچی؟

میرکوشیۆ: ئێستا ئەگەر دووی وا هەبوونایە، هەر زوو هیچێکمان نەدەماین، چونکە یەك ئەوەی تری دەکوشت.

تۆ! ئێستا تۆ بۆچی لەگەڵ پیاوێ بەشەڕ دێی تەنیا لەبەر ئەوەی ڕدێنی تاڵەموویەکی لە تۆ زیاترە یان تاڵەموووییەکی کەمترە؟

تۆ لەسەر گوێزشکاندن لەگەڵ خەڵك بەشەڕ دێی.

لەبەر هیچ نا، هەر لەبەر ئەوەی خۆت ڕەنگی چاوت قاوەییە، جگە لە چاوی وەکوو هی خۆت، چ جۆرە چاوێکی تر دەبێ بە بیانوو بۆ شەڕ؟

هێلکە چەند پڕ خواردنە، تۆش مێشکت ئەوەندە پڕ شەڕو شۆڕە، لەگەڵ ئەوەش دا سەرت لەبەر شەڕو شۆڕ وەکوو هێلکەی پیسی لێ هاتووە!

تۆ تەنیا لەسەر ئەوە لەگەڵ کابرایەك بەشەڕ هاتی،کە لە جادەدا کۆکی بوو و سەگی تۆی لە خەو کردبوو کە لە بەر خۆرەتاو خەوتبوو.

هەر تۆ نەبووی لەگەڵ بەرگدروویەك بەشەڕ هاتی چونکە پێش جەژنی فەسح چاکەتە نوێکەی کردبووە بەر؟

لەگەڵ یەکێکی تریش (بەشەڕ هاتی) چونکە پێڵاوە نوێکەی بە قەیتانی کۆن بەستبوو؟

لەگەڵ ئەوەش دا وەعزی من دەدەی شەڕ نەکەم؟!

بێنڤۆلیۆ: ئەگەر من ئەوەندەی تۆ ئامادەی شەڕ بوومایە، هەر کەسێ دەیتوانی تەواوی مافی مولکایەتی ژیانی منی بەرامبەر ساعەت و چارەکێك بکڕێ.

میرکوشیۆ: تەواوی مافی مولکایەتی! ئۆی چەند سادەیە!

بێنڤۆلیۆ: بەسەری خۆم ئەوەتا جەماعەتی کاپولێت هاتن.

مێرکوشیۆ: بە پاژنەی پێم. هیچ باکم پێیان نییە!

(تیبۆلت و هی تر دێنە ژوورەوە)

تیبۆلت: نزیکاو نزیک وەرنە دووم، من قسەیان لەگەڵ دەکەم.

جوامێرینە، ئێوارەتان باش. یەک قسەم لەگەڵ یەکێکتان هەیە.

مێرکوشیۆ: تەنیا یەک قسەو لەگەڵ یەک لە ئێمە؟

لەگەڵ شتێکی تر جووتی کە، بیکە بە قسەیەک و زەبرێک.

تیبۆلت: ئەگەر تۆ هۆیەکم بۆ برەخسێنی، جەناب، بۆت دەردەکەوێ تەواو ئامادەم.

مێرکۆشیۆ: ئەگەرهۆت بۆ نەرەخسێنن، تۆ ناتتوانی بیرەخسێنی؟

تیبۆلت: مێرکوشیۆ، تۆ لەگەڵ رۆمیۆ سازی؟....

میرکۆشیۆ: ساز؟ چییە؟ دەمانکەیتە سازندە؟

باشە بمانکە سازندە.سەیرکە، با لە ناکۆکیی بەولاوە گوێت لە هیچ نەبێ.

ئەوەتا کەوانی کەمانچەکەم،بە زامی مەسیح، ئەوەتا ئەوەی سەمات پێ دەکا. بەخوا، ئەوەتا سازەکە!

بێنڤۆلیۆ: ئیمە لێرە لە شوێنێکی گشتی، لەناو خەڵک قسە، دەکەین.

یان با بکشێینەوە جێگایەکی تایبەتی و بە هێمنی گلەو گازاندەی خۆتان بکەن، یان لێك جیابنەوەو برۆن.

ئەوەتا هەموو عالەم چاویان تێ بڕیوین.

مێرکوشیۆ: چاوی مرۆڤ بۆ تەماشاکردن دروستکراوە، با هەر

تەماشا بکەن.

من بۆ خاتری هیچ کەس لێرە ناڕوم، من!

(رۆمیۆ دێتە ژوورەوە)

تیبۆلت: ئێ، سلاو جەناب! ئەوەتا پیاوی من هات.

مێرکوشیۆ: جەناب، سەرم تیا بچێ، ئەم پیاوە بەرگی خزمەتکاریت ناکاتە بەر.

سوێندم بە مێرەم، ئەگەر تۆ یەکەم جار بچیتە شەڕگە، ئەویش شوێنت دەکەوێ، تۆ تەنیا بەم مانایە دەتوانی پێی بڵێی پیاو (خزمەتکار!).

تیبۆلت: رۆمیۆ، ئەو رقەی لە تۆمە بە هیچ شتێ ناتوانم وەکوو ئەوە دەری ببڕم کە پێت بڵێم: خوێڕی.

رۆمیۆ: تیبۆلت، ئەو هۆیەی من بە دەستمەوەیە بۆ خۆشەویستی تۆ، پاکانە بۆ ئەم رقە دەکا کە بەم سڵاوە دروست دەبێ. من خوێڕی نیم.

جا خوا حافیز، دەزانم تۆ من ناناسی.

تیبۆلت: کورە، ئەوە تەوازۆ نییە بۆ ئەوەی کە برینداریت کردم.

جا بگەڕێوەو (شیر) هەڵکێشە.

رۆمیۆ: قسەی وام قبوول نییە! من هەرگیز تۆم بریندار نەکردووە.

بە پێچەوانەوە، من ئەوەندە تۆم خۆش دەوێ کە بە خەیاڵت دا نایە.

راوەستە پاشان تێ دەگەی بۆچی تۆم خۆش دەوێ.

جا کاپولێتی ڕێزدار دڵنیابە، وەکوو ناوی خۆم ڕێز لەم ناوە دەنێم

مێرکوشیۆ: ئای لەو ئارامی و شوورەیی و سەرشۆڕی و بێ شەرمفییە!!!

(شیر هەڵدەکێشێ) بە زەبرێك دەسڕێنەوە.

تیبۆلتی جورجگر (بێ نرخ)، وەرە ئەم لاوە.

تیبۆلت: تۆ چیت لە گەڵ من هەیە؟

مێرکوشیۆ: هەی شای پشیلان، هیچ. تەنیا لە نۆ رۆحەکەت یەك رۆحم دەوێ.

دەمەوێ ئەمەیان ببەم و بەپێی هەڵس و کەوتی لەمەودوات لە گەڵما، هەشت رۆحەکەی ترت بە وشکی دەکوتم.

دە گوێی شمشێرەکەت بگرەو لە کالان دەری کێشە!

خێرا بە، نەوەك پێش ئەوەی تۆشمشێرەکەت دەربکێشی، هی منت بگاتە بن گوێ.

(شمشیرەکەی هەڵدەکێشێ)

تیبۆلت: بۆت ئامادەم.

رۆمیۆ: مێرکوشیۆی جوامێر، شمشیرەکەت بخەرە لاوە.

مێرکوشیۆ: وەرە، جەناب، نۆرە زەبری تۆیە.

(بەشەڕ دێن)

رۆمیۆ: بێنفۆلیۆ، شمشیرەکەت هەڵکێشە، چەکەکانیان پێ دانێ.

جوامێرینە، کورە عەیب و شوورەییە ئەم شەڕە راگرن.

کورە تیبۆلت، مێرکوشیۆ، میر زۆر بە توندی شەڕو پێکدادانی لە شەقامەکانی ڤیرۆنا قەدەغە کردووە.

ڕاوەستن، تیبۆلت، مێرکوشیۆی جوامێر!

(تیبۆلت لە بن هەنگڵی ڕۆمیۆوە زەبرێك لە مێرکوشیۆ دەدا و لەگەڵ تاقمەکەی ڕا دەکەن)

مێرکوشیۆ: ئای پێکرام! دەك تووك و نەفرەت لە بنەماڵەی هەردووکتان!

ئەوا من تێ چووم! ئەوە ئەو ڕۆیشت و هیچیشی لێ نەهات؟!

بێنڤۆلیۆ: چ؟ چ؟ پێکرای؟!

مێرکوشیۆ: بەڵێ، تەنیا داماڵانە، داماڵان!

بەڵام بە مێرەم ئەوەندە بەسە (بۆ ئەوەی کاری خۆی بکا).

کوا نۆکەرەکەم؟ نابێ زۆربێ! خوێڕی برۆ نەشتەرگەرێك بێنە!

(نۆکەرەکە دەردەچێ)

ڕۆمیۆ: کورە، پیاو بە، غیرەتت هەبێ! برینەکەزۆر نییە.

مێرکوشیۆ: نەخێر بە قەد بیرێك قووڵ نییە. بە قەد دەرگای کەنیسەش گەورە نییە.

بەڵام ئەوەندە بەسە، کاری خۆی دەکا.

بەیانی بپرسی من لە کوێم، دەبینی لەناو گۆڕام. من تازە لەم دنیایە نەمام.

دەك تووك و نەفرەت لە هەردوو بنەماڵەتان.

توخودا! تۆ وەرە سەگێك، مشكێك، پشیلەیەك، پیاوێك بڕووشێنێ و، ڕووشانەکە بیکوژێ.

ئەم فشەکەرە، بەرەڵایە، خوێڕییە بە پێی کتێبی بیرکاری شەڕ دەکا.

شەیتان!! تۆ بۆچی کەوتیتە بەینمان؟ لە بن هەنگڵی تۆوە

پێکامی.

رۆمیۆ: من بە چاکە وام کرد.

مێرکوشیۆ: بێنڤۆلیۆ: بمگەیەنە ماڵێك نەوەك دەبوورێمەوە.

نەفرەت لە ماڵی هەردوو لاتان.کردمیان بە خۆراکی کرمان. بە

تەواوی فەوتام!

وای لە بنەماڵەکانتان!!

(مێرکۆشیۆ و بێنڤۆلیۆ دەچنە دەرەوە)

رۆمیۆ: ئەم جوامێرە، ئەم خزمە نزیکەی میر، برادەرێکی دڵسۆزی

منە.

لەسەر من وا بە کوشندەیی پێکرا.

بە جوێنی تیبۆلت ناوم لەکەدار بوو – تیبۆلت کە هەمووی

سەعاتێکە بۆتە خزمی من!

ئای جولێتی نازدار، جوانی تۆ چۆن لە پیاوەتی خستم و

ئاسنی ئازایەتی لە ناخم نەرم کردەوە.

بێنڤۆلیۆ: هۆ رۆمیۆ، رۆمیۆ، مێرکوشیۆی ئازاو بوێر مرد.

رۆحی بەرزی فڕییە ئاسمان، زۆر بە ناوەختی، بە سووکایەتی

زەوی جێ هێشت.

رۆمیۆ: مەرگەساتی رەشی ئەمڕۆ زۆر رۆژی تر دەشێوێنێ ئەمە

سەرەتای مەینەتێکە شتی تریشی بە دوا دادێ!

بێنڤۆلیۆ: ئەوەتا تیبۆلتی تووڕە دیسان گەڕایەوە.

رۆمیۆ: بە زیندوویی؟! بەسەرکەوتوویی؟! مێرکوشیۆش کوژراوە.

با ڕۆحی بەڕێزی جوامێریی بڕوا بۆ ئاسمان.

با رقی چاو پڕ لە ئاگر رابەرم بیٚ!

(تیبۆلت دێتەوە ژووریٚ)

تیبۆلت، هەر ئێستا ئەو وشەی (خوێڕی) یە بکێشەوە کە پێش نەختیٚ بە منت گوت، ڕۆحی مێرکوشیۆ تەنیا نەختیٚ لەسەر سەرمان دوور کەوتۆتەوە، داوای ڕۆحی تۆ دەکا لەگەڵیا بچیٚ!

یان تۆ، یان من، یان هەردووکمان دەبیٚ لەگەڵیا بچین.

تیبۆلت: کوڕە هەی هیچ و پووچ! تۆ کە لەگەڵ ئەو هاتیتە ئێرە، لەمەودواش هەر تۆ لەگەڵ ئەو دەبی.

ڕۆمیۆ: ئەمە بەم شەڕە یەك لا دەبێتەوە.

(لێیان دەبێتە شەر و تیبۆلت بەردەبێنەوە.)

بێنڤۆلیۆ: ڕۆمیۆ، کوڕە هەڵیٚ زوو بڕۆ! تیبۆلت کوژراوەو خەڵك کۆبۆتەوە.

مەتاسیٚ، ئەگەر بگیرێی، میر حوکمی مردنت بەسەر دا دەدا.

جا زوو بۆ خۆت راکە!

ڕۆمیۆ: ئای چۆن بووم بە گاڵتەی چارەنووس!!

بێنڤۆلیۆ: تۆ چاوەڕێی چ دەکەی؟

(خەڵك دێنە ژوورەوە)

هاووڵاتی یەکەم: ئەوەی مێرکوشیۆی کوشت بۆ کویٚ رایکرد؟

تیبۆلتی پیاوکوژ بۆ کویٚ هەلات؟

بێنڤۆلیۆ: ئەو تیبۆلتە وا (مردووەو) لەویٚ کەوتووە.

هاووڵاتی یەکەم: هەستە بەڕێز، لەگەڵم وەرە.

بەناوی میر ئەمرت پێ دەکەم، بە گوێم بکە.

(میر دێتە ژوورەوە لەگەڵ مۆنتیاگۆو کاپولێت و ژنەکانیان و هی تریش)

میر: کوان ئەو بەدکارانەی ئەم شەڕەیان هەڵگیرساند؟

بێنڤۆلیۆ: جەنابی میری شکۆدار، من دەتوانم بە درێژی باسی هەموو ڕووداوەکانی ئەم شەڕە کوشندەیەت بۆ بکەم.

ئەو پیاوەی مێرکوشیۆی ئازاو بوێری خزمی تۆی کوشت، ئەوەتا لەوێ کەوتووە.

ڕۆمیۆی لاو کوشتوویەتی.

خانمی کاپولێت: تیبۆلتی خزمم؟ ئای برازا ڕۆ!

هۆ میر، هۆ خزمینە، هۆ پیاوەکەم، خوێنی خزمە ئازیزەکەم ڕژاوە.

هۆ میر هۆ، ئەگەر تۆ فەرمانڕەوایەکی دادپەروەری، خوێنمان بکەوە، تۆش خوێنی مۆنتیاگۆ برێژە.

های خزمە ڕۆ! های خزمە ڕۆ!

میر: بێنڤۆلیۆ، کێ ئەم شەڕە خوێناوییەی هەڵگیرساند؟

بێنڤۆلیۆ: ئەو تیبۆلتەی لێرە کوژراوە. کە بە دەستی ڕۆمیۆ کوژراوە!

ڕۆمیۆ، بە خۆشی قسەی لەگەڵ کرد، تکای لێ کرد بیر بکاتەوە شەڕ شتێکی چەند پیس و کرێتە، بەبیریشی هێنایەوە جەنابت شەڕت چەند پێ ناخۆشە!

ئەمەی هەموو بە هەناسەی نەرم و ناسك و بە هێمنی و بە

چوونە سەرچۆکەوە لە گەڵ کرد.

بەڵام بۆی نەکرا رقی هەڵچووی تیبۆلت سارد بکاتەوە کە هیچ گوێی بە ئاشتی نەدا، بەڵکوو بە شمشێری تیژ نیشانەی لە سینگی مێرکوشیۆی بوێرو ئازا گرت، مێرکوشیۆی ئازاش شمشێرێکی کوشندەی لە شمشێرەکەی داو بە ڕیسواکردنی سەربازانە، بە دەستێك مەرگی ساردی (شمشێری) ئەمی لە خۆی لاداو بە دەستەکەی تریش زەبرێکی وەشاندە تیبۆلت.

ئەویش بە لێزانی زەبرەکەی رەتکردەوە.

لەولاوەش رۆمیۆ بە قایم هاواری دەکرد:

راوەستن، برادەرینە! برادەرینە لێك بنەوە.

شمشێری کوشندەی بە بازووی چوستی لە زمان خێراتر، داهێنایە خوارێ.

خۆی هەڵکوتایە بەینیان، تیبۆلتیش لە بن هەنگڵی ئەوەوە،زەبرێکی کوشندەی لە مێرکوشیۆی بوێر داو تێی تەقاند هەڵات.

بەڵام خێرا گەڕایەوە لای رۆمیۆ کە تازە بیری تۆڵەسەندنەوەی لا گەڵاڵە ببوو، وەك برووسکە کەوتنە شەڕ، من پێ ڕانەگەیشتم شیر هەڵکێشم و لێکیان بکەمەوە، هەر زوو تیبۆلتی بوێرو ئازا کوژرا.

کە ئەو بەر بووەوە، رۆمیۆ وەرسووڕایەوەو هەڵات.

ئەمەیە راستی، منت بمرم ئەگەر وا نەبێ.

خانمی کاپولێت: ئەمە خزمی مۆنتیاگۆیە، هاوسۆزیی وای لێ دەکا راستی نەڵێ. ئەوەی دەیڵێ راست نییە.

بیست کەسیان لەم شەڕە ڕەش و شوومەدا جەنگاون، بە هەر
بیستیان توانیویانە ئەم یەکە بکوژن.
داد هەی داد، من دادپەروەریم دەوێ، ئەی میر، تۆ دەبێ
دادپەروەری بەرقەرار بکەی.
ڕۆمیۆ تیبۆلتی کوشتووە، ڕۆمیۆ نابێ بژی!
میر: ڕۆمیۆ تیبۆلتی کوشتووە، تیبۆلتیش مێرکوشیۆی کوشتووە،
ئێستا کێ دەبێ خوێنباییەکە بدا؟
مۆنتیاگۆ: میر، ڕۆمیۆ نا، ڕۆمیۆ برادەری مێرکوشیۆ بوو.
سووچەکەی تەنیا ئەوەیە ئەوەی دەبوو یاسا بیبڕێنێتەوە، ئەو
کۆتایی پێ هێنا، کە کوشتنی تیبۆلتە.
میر: لە سزای ئەم تاوانەش یەکسەر لێرە دووری دەخەینەوە.
من زۆر لە ئەنجامی ئەم دوژمنداریيەتان نیگەرانم.
ئەو خزمەی پشتیّم، لە سۆنگەی شەڕی دڕندانەی ئێوە، وا لێرە
ڕاکشاوەو خوێنی مەرگی لەبەر دەڕوا.
بەڵام سزایەکی ئەوەندە گەورەتان دەدەم کە هەمووتان لەو
زیانەی بە منتان گەیاندووە پەشێمان ببنەوە.
نە فرمێسک و نە دوعاو پاڕانەوە پاکانەنین بۆ بەدکاریتان، جا
پەنا بۆ هیچێکیان مەبەن.
با ڕۆمیۆ خێرا لێرە بڕوا، نەوەك ئەگەر بکەوێتە بەردەست، هەر
ئەوساتە، کۆتایی بە ژیانی دێ.
ئەم تەرمەیەش لێرە هەلگرن، لە فەرمانی ئێمە دەرنەچن.
بەزەیی هاتنەوە بە پیاوکوژان، کوشتنی زیاتری بەدوادادێ.

# دیمەنی دووەم

(ناو باخچەی ماڵی کاپولێت)

(جولێت دێتە ژوورەوە)

جولێـت: تونـد غـاردەن، ئەسـپی سـم ئاگرینینـە، بـەرەو ئـەنوای (فیبوس) غار دەن!

گالیـسکاژۆیەکی وەکـوو (فـەیتون) بـەرەو رۆژاوا دەتـان داتە بەر قەمچییان و

یەکسەر دەیکا بـە شـەوێکی تاریـك ئـەی شـەوی پـەناگای دڵداران، پەردەکانت دادەوە.

بۆ ئەوی چاوی رەقیبان بنووقێ و رۆمیۆش، بێ ئەوەی قسەی لە گەڵ بکرێ، یان بدیترێ، بێ و خۆی هەڵداتە ئەم باوەشە.

[ دڵدارەکان دەبینـن چۆن بـە جـوانی خۆیـان دابـی خۆشەویستی ئەنجام بدەن.

ئەگەر خوشەویستیش نابینا بێ ئەوا باشتر لەگەڵ شەو دەگونجێ.

وەرە شەوی ناسك، خانمی پۆشتەی سەراپا جل رەش!

فێـرم کـە چۆن پێـشبڕکێیەکی بـراوە بـدۆڕێنم کـە بـۆ جووتـە پاکیزەیەکی بێ لەکە رێك خرابێ.

گۆنـای پڕخـوێنی پیاونـەدیتووم بـە عـەبای رەشـت بـشارەوە، تاخوشەویستی نامۆ زاتی بێتەوە بەر.

بیر بکەوە چۆن خۆشەویستی راستەقینە خاکەڕایی دەنوێنێ. ]
وەرە ئەی شەو، وەرە رۆمیۆ وەرە، تۆ رۆژی لە شەوا.
چونکە تۆ دێیت و دەکەویتە سەر باڵەکانی شەو.
تۆ سپی تری لە بەفری تازەی سەر باڵی قەلەڕەش، وەرە شەوی
ناسکۆڵە وەرە، وەرە شەوی برۆ رەش وەرە.
رۆمیۆکەمم بدەرێ، کە مردیش، بیبە، پارچە پارچەی کەو
بیکە بە ئەستێرەی ورد ورد.
کە ئەویش روخساری ئاسمان ئەوەندە جوان دەکا، هەموو عالەم
ئەشقی شەو دەبێ و چیتر بایەخ بە رۆژی گەش نادەن.
ئای، من کۆشکێکی دڵداریم کڕیوە، بەڵام هێشتا نەبۆتە موڵکی
من.
هەرچەندە خۆیشم فرۆشراوم بەڵام هێشتا چێژم لێ وەرنەگیراوە.
ئەمڕۆ رۆژی بێزارییە وەکوو شەوی پێش ئاهەنگێکە بۆ منداڵێکی
بێ ئۆقرە کە جلی نوێی کڕی بێ و لێ نەگەڕێن لەبەری بکا.
ئۆی ئەوەتا دایەنەکم هات.
دەنگ و باسی هێناوە.
هەر زمانێ تەنیا ناوی رۆمیۆ بێنێ، بەزمان پاراوییەکی یەزدانی
دەدوێ.

(دایەنەکە دێتە ژوورەوە کەمەندی پێیە)

جولێت: دایەن، ئێستا، پێم بڵێ دەنگ و باس چ هەیە؟
ئەوە چییە هێناوتە؟ ئەو کەمەندەیە کە رۆمیۆ پێی گوتی
بیهێنی؟

دایەن: بەڵێ، بەڵێ، کەمەندە.

(کەمەندەکە فڕێ دەدا)

جولێت: وای لە خۆمێ!! دەنگ و باس چ هەیە؟ ئەوە بۆچی دەستت ئاوها دەگوشی؟

دایەن: وای چ ڕۆژێکی شوومە! مردووە، مردووە، مردووە.

تیا چووین، خانم، تیا چووین!

وای لەو ڕۆژە! ئەوە ئەویش چوو، ئەویش کوژرا، ئەویش مرد!

جولێت: دەشێ ئاسمان ئەوەندە بەخیل و دڵ پیسە؟!

دایەن: دەشێ ڕۆمیۆ وا بێ؟!

بەڵام گەردوون ناتوانێ.ئۆی! ڕۆمیۆ، ڕۆمیۆ!

کێ ئەمەی بە بیردا دەهات؟ ڕۆمیۆ!

جولێت: ئەوە تۆ چ شەیتانێکی ئاوها ئەشکەنجەم دەدەی؟!

ئەم ئەشکەنجەیە دەڵێی لە تاریکایی تەپانی بنی دۆزەخەوە هاتووە.

ئایا ڕۆمیۆ خۆی کوشتووە؟

تۆ تەنیا بڵێ: (ئا).

من ئەم برگە رووتە (ئا)، لە چاوی کوشندەی (کۆکاتریس) زیاتر ژەهر دەپژێنێ.

من ئەمێنم ئەگەر (ئا) یەکی وا هەبێت، ئەگەر ئەو چاوانەی (ڕۆمیۆ) داخراون کە وادەکەن وەڵام بدەیتەوە (ئا).

ئەگەر کوژراوە، بڵێ (ئا) و ئەگەر نا، بڵێ (نا).

با بە وشەیەکی کورت، بڕیاری شادی یان مەینەت یەك لاببێتەوە.

دایەن: من برینەکەم بینی. بە چاوی خۆم بینیم خوا گوێی شەیتان کەڕ بێ! ئا لێرەی، لەسەر سینگی پیاوانەی.

لاشەیەکی کلۆڵ! لاشەیەکی کلۆڵی خوێناوی!

ڕەنگ پەڕیو! ڕەنگ وەك ڕەنگی خۆڵەمێش! سەراپا خەڵتانی خوێن!

سەراپا خوێنی دەڵەمە! هەر چاوم پێ کەوت بوورامەوە.

جولێت: ئاخ! دڵەکەم، دڵی قەڵۆشی کلۆڵم، دەك پارچە پارچە بی!

ئای، چاوەکانم، بڕۆنە زیندان و چیتر بە ئازادی سەیر مەکەن!

ئای قوڕی پیس (جەستەکەم)! ببەوە بە قوڕی پیس!

ئیتر لێرە مەجووڵێ!

بە خۆت و بە ڕۆمیۆ بکەونە ناو یەك تابووتی سەنگین.

دایەن: ئۆ!! تیبۆلت، تیبۆلت، باشترین برادەرم!

ئۆ! تیبۆلتی ڕەوشت بەرز، جوامێری بە شەرەف!

خۆزی بە خۆزیداران مەرگی تۆم نەدیبا!

جولێت: ئەم ڕەشەبایە چییە ئەوەندە بە پێچەوانە هەڵدەکا؟

ئایا ڕۆمیۆ کوژراوە؟ و تیبۆلت مردووە؟

خزمی خۆشەویست و، سەرداری عەزیزی بە دڵم.

کەوابوو ئەی کەڕەنای تۆقێنەر، دونیا خراپ بوون رابگەیەنە.

کە ئەم دووانە چوون، ئیتر کێ ماوە بژی؟

دایەن: تیبۆلت کوژراوەو ڕۆمیۆش دوورخراوەتەوە.

ڕۆمیۆ تیبۆلتی کوشتووەو لەسەر ئەوە دوورخراوەتەوە.

جولێت: ئای خوایە! ڕۆمیۆ خوێنی تیبۆلتی ڕشتووە؟

دایەن: بەڵێ، بەڵێ، ئای لەو ڕۆژە، بەڵێ!

جولێت: ئۆی دڵی وەك ماری بە ڕوخساری گوڵگوڵی داپۆشراو، ئایا ئەژدەها هەرگیز لە ئەشکەوتی وا خۆش دا دەژی؟

ئەی زاڵمی نازدار، ئەی شەیتانی فریشتە، ئەی قەلی پەڕ کۆتر، ئەی بەرخی وەك گورگی دڕندە، ئەی گەوهەری بێ قیمەتی دیمانە خوایی، ئەی سەر قوژی بن ئالۆز، هەی پیری تووك لێ باریو، خوێری بە شەرەف، ئەی، ئەوە تۆ چ دەکەی لە ناو دۆزەخ؟

تۆکە ڕۆحی شەیتانێکت لەناو بەهەشتی جەستەیەکی مردەنی وا شیرین حەشارداوە؟

قەت بووە کتێب بابەتەکەی وا ناشیرین و بەرگەکەی وا جوان بێ؟

ئای ئەم تەفرەیە هەردەبێ لە کۆشکێکی وا مەزن دا بژی!!

دایەن: پیاو بە هیچ جۆرێ جێگای بڕواو شەرەف و دڵسۆزی نین، هەموویان کەم و چرووکن، پەیمان شکێنن، دووفاقن، سوێندخۆری درۆزنن.

ئاخ، کوا پیاوەکەم؟ نەختێ ئاوی ژیانم بدەرێ.

ئەم خەمە، ئەم مەینەتە، ئەم خەفەتە پیرم دەکا.

یاخوا ڕۆمیۆ ڕسواو شەرمەزار بێ!

جولێت:دەك زمانت پفکەی لێ بێ لەگەڵ ئەم خۆزگەیەت!

ڕۆمیۆ بۆ ئەوە لە دایك نەبووە ڕسواو شەرمەزار بێ.

شەرمەزاریی پێی شەرمە بنیشێتە سەر هەنیەی.

هەنیەی عەرشێکە تەنیا سەربەرزیی لەسەردا دەنیشێ و

تاکە پاشای هەموو دنیا حوکمی تێدا دەگێڕێ.

ئای چ جانەوەرێك بووم كە سەرزەنشتم كرد؟

دایەن: ئەوە بە چاكە باسی ئەو پیاوە دەكەی كە خزمی تۆی كوشتووە؟

جولێت: ئەدی بە خراپە باسی ئەو پیاوە بكەم كە مێردی خۆمە؟

ئای سەرداری بەدبەختم! چ زمانێ بە چاكی باست دەكا لە كاتێكا

كە من تەنیا سێ سەعات ژنی تۆ بووم و بوختانم پی كردی.

بەڵێ، ئەوە بۆچی، هەی خوێڕی! خزمی منت كوشت؟

ئەو خزمە خوێڕییە مێردەكەی دەكوشتم.

بكشێوە فرمێسكی كلۆڵ، بكشێوە بۆ سەرچاوەی ئەسلی خۆت.

فرمێسكی زیادەت هی ناخۆشییە، كە تۆ بە هەڵە بۆ خۆشی هەڵیدەڕێژی.

مێردەكەم، كە تیبۆڵت ویستی بیكوژێ، ماوەو دەژی، تیبۆلت، كە ویستی مێردەكەم بكوژێ، مردووەو نەماوە.

ئەمە هەمووی دڵدانەوەیە، جا بۆچی بگریم؟

خەبەرێكی لە مەرگی تیبۆلت ناخۆشتر هەبوو.

ئەو خەبەرە منی كوشتووە. بە خۆشی لەبیرم دەكرد، بەڵام تاوانی نەفرەتی چۆن مێشكی تاوانبار دەگوشێ ئەویش ئاوها وروژم بۆ سەر بیرەوەریم دێنێ.

"تیبۆلت مردووەو رۆمیۆ دوور خراوەتەوە."

ئەم (دوور خراوەتەوە)، ئەم تاكە وشەیە: (دوور خراوەتەوە)

دە هەزار تیبۆلتی كوشتووە.

وایە مەرگی تیبۆلت مەینەتبار بوو، ئەگەر بەوەندە بڕابایەوە.

یان ئەگەر مەینەتی تاڵ حەز بکا بچێتە ریزی مەینەتی تر.

خەم بە دوای خەمدابێ، کە دایەن گوتی: (تیبۆلت مردووە)، بۆچی دوای ئەوەش نەیگوتبا: باوکت یان دایکت یان هەردووکیان مردوون؟

ئەمە رەنگە خەمێکی ئاسایی لەگەڵ خۆی بهێنایە!

بەڵام کە دوای خەبەری مەرگی تیبۆلت، خەبەری (رۆمیۆ دوور خراوەتەوە) دێ، ئەم قسەیە وەکوو ئەوە وایە کە باوك و دایك و تیبۆلت و رۆمیۆو جولێت هەموو کوژرابن، هەموو مردبن. (رۆمیۆ دوور خراوەتەوە)!!

مەرگی ناو ئەم رستەیە نە کۆتایی هەیەو نە رادەو سنوور.

ئەم خەفەتە بە هیچ رستەیەك دەرنابڕێ.

کوا باوکم؟ ئەی دایکم؟ دایەن؟

دایەن: لەسەر مەیتی تیبۆلت دەگرین و دەلاویننەوە، دەچیتە لایان؟ ئەگەر دەڵێی دەتبەمە ئەوێ.

جولێت: ئایا ئەوان برینی بە فرمێسك دەشۆن.

کە ئەوان فرمێسکیان وشك بووەوە، ئەوسا من فرمێسك بۆ دوور خرانەوەی رۆمیۆ دەبارێنم.

ئەو کەمەندە ببە سەرەوە.

کەمەندی کلۆڵ، تۆ تەفرەدراوی. تۆو منیش!

ئەوەتا رۆمیۆ دوور خراوەتەوە.

تۆی بۆ ئەوەبوو پێت بێتەناو جێگای من، ئیتر منی پاکیزە بە بێوەژن- کچی دەمرم.

وەرە ئەی کەمەند، وەرە دایەن، دەچمەژووری بوکێنیم!

دایەن: تۆ بڕۆ ژووری خۆت. من دەچم رۆمیۆ دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی تۆدڵت ئۆقرە بگرێ.

خۆم باش دەزانم لە کوێیە.

گوێت لێ بێ، رۆمیۆی تۆ ئەم شەو لێرە دەبێ.

ئێستا دەچمە لای، خۆی لە کونجی قەشە لۆرەنس شاردۆتەوە.

جولێت: ئۆی بیدۆزەرەوە. هانێ ئەم حەڵقەیە بدە بە شۆڕەسوارە راستەقینەکەم و پێی بڵێ بێ دوا ماڵاواییم لێ بکا.

(دەچێتە دەرەوە)

# دیمەنی سێیەم

(ژووری قەشە لۆرەنس)

(قەشە لۆرەنس دێتە ژوورەوە)

قەشە لۆرەنس: وەرە پێش رۆمیۆ، وەرە پێش، هەی قەلەزراو!
ئەشکەنجە ئەشقی بەهرەو کارەکانت بووەو خۆشت زەماوەندت
لەگەڵ کارەسات کردووە.

(رۆمیۆ لە ژوورەوە دێ)

رۆمیۆ: باوکە، دەنگ و باس چ هەیە؟میر چ حوکمێکی داوە؟
چ خەفەتێکی تازەم دەدەیتێ کە هێشتا نازانم چییە؟

قەشە لۆرەنس: کوڕی ئازیزی من زۆر ئاشنای ئەم جۆرە ناخۆشیەیە.
دەنگ وباسی حوکمی میرم بۆ تۆ پێیە.

رۆرمیۆ: حوکمی حاکم چی لە رابوونی قیامەت کەمترە؟

قەشە لۆرەنس: سووکترین حوکمە لە زاری حاکم هاتبێتە دەرەوە.
مردنی جەستە نییە، دوورخستنەوەی جەستەیە!

رۆمیۆ: ها!! دوورخرانەوە!! روحمت هەبێ بڵێ: (مەرگ)!!
ئاخر (دوورخرانەوە) سیمای زۆر لە (مەرگ) تۆقێنەرترە.
مەڵێ: دوورخرانەوە.

قەشە لۆرەنس: تۆ لێرە، لە (ڤیرۆنا) دوورخراویتەوە.

دان بە خۆت دا بگرە. دنیا پان و بەرینە.

رۆمیـۆ: لـە دەرەوەی شـوورەی (ڤیرۆنـا)،جگـە لـە پاگژکـەو ئەشکەنجەو دۆزەخ خۆی، هیچ دنیای تر نییە.

دوورخرانەوە لێرە دوورخرانەوەیە لە دنیا.

دوورخرانەوەش لە دنیا مەرگ و مردنە.

کەواتە دوورخرانەوە مردنەو بە هەڵە ئەم ناوەی لێ نراوە.

هەلەیە بە مردن بگوترێ دوورخرانەوە.

تـۆ بـە تـەوری زێـڕ سـەرم لێ دەکەیتـەوەو بـە دەم ئـەو زەبـرەی دەمکوژێ، بزە دەتگرێ!

قەشە لۆرەنس: ئای تاوانی کوشندە! ئای سپلەیی سەخت و دژوار!!

سزای تۆ بە پێی یاسا مەرگە. بەڵام میری میهرەبان لای تۆی گرت و یاسای خستە لاوە.

ئەم وشەی رەشی مەرگەی بە (دوورخرانەوە) گۆڕی.

ئەمە روحمێکی گەورەیە، کەچی تۆ هەستی پێ ناکەی.

رۆمیۆ: ئەمە ئەشکەنجەیە نەک روحم!

ئێرە ئاسمانێکە جولێتی تیا دەژی، هەرچی پشیلەو سەگ و مشکی بچووکیشە، هەرچی شتی بێ نرخ هەیە، لێـرەو لـە ژێـر ئـەم ئاسمانـەدا دەژی و دەتوانێ سەیری جولێت بکا، بەڵام رۆمیۆ ناتوانێ.

مێشەکەرانە لە رۆمیۆ بەنرخترو بەشەرەفترو لێوەشاوەتر دەژی.

ئەمانەدەتوانن بچنە سەر دەستی سپی و ناسکی جولێتی نـازدارو نیعمـەتی جاویـدان لـە لێوەکانی بـدزن کـە لەبـەر پاکی و پاکیزەیی و شەرمنییەوە سوورهەڵدەگەڕێن و پێیان گوناهە یەکتر ماچ بکەن.

بەڵام رۆمیۆ، شتی وای پێ ناکرێ ، دوورخراوەتەوە.
مێش پێی دەکرێ، بەڵام من دەبێ لێی هەڵبێم.
ئەوان ئازادن، کەچی من دوورخراوەمەتەوە، لەگەڵ ئەوەش دا تۆ
دڵنیی تاراوگە مردن نییە.
ژەهری گیراوە، چەقۆی تیژ سووراو یان هیچ ئامرازێکی مردنی
کت و پرت نییە؟
هەرچی هەتبێ و تەنیا (دوورخرانەوە) ئەمکوژێ.
ئای (دوورخرانەوە)!!
ئای قەشە گیان، ئەفرەت لێکراوان لە دۆزەخ ئەم وشەیە بە کار
دێنن، بە قیژەو هاواریش دەری دەبڕن!
تۆ کە قەشەیەکی دان پیانانی روحانی و خودایی، مەهدەری
گوناهانی، گوایە برادەری خۆشمی، چۆن دڵت دێ بەم وشەی
(دوورخرانەوە) یە بریندارم بکەی؟
قەشە لۆرەنس: هەی شێت و وێت، گوێ بگرە تەنیا یەك قسەت بۆ
بکەم.
رۆمیۆ: ئۆی! دیسان باسی (دوورخرانەوە) دەکەی.
قەشە لۆرەنس: قەڵغانێکت دەدەمێ خۆت پێ لەم وشەیە بپارێزی.
فەلسەفە کە شیری شیرینی مەینەتە، بۆ ئەوەیە بتلاوێنێتەوە
هەرچەندە کە دوورخراویتەوە.
رۆمیۆ: دیسان (دوورخرانەوە)؟ من خۆم لە قەرەی فەلسەفە
نادەم.
مەگەر فەلسەفە دەتوانێ جولێت دروست بکا؟

شارێك ریشەكێش بكا؟

حوكمی میر هەڵوەشێنێتەوە؟

بەكەڵك نایە. سەر ناگرێ. چیتر باسی مەكە!

قەشە لۆرەنس: ئاخ، دیارە پیاوی شێت بێ گوێیە.

رۆمیۆ: كە پیاوی ژیر چاوی نەبێ، پیاوی شێت چۆن گوێی دەبێ؟

قەشە لۆرەنس: با لەبارەی وەزعی خۆتەوە قسەت لەگەڵ بكەم.

رۆمیۆ: تۆ ناتوانی باسی شتێ بكەی كە هەستی پێ ناكەی.

تۆ ئەگەر وەكوو من گەنج بای، جولێتت یارت با!

هەمووی سەعاتێك بایە ژنت مارەكردبا، تیبۆلت كوژرابا، وەكوو

من ئاشق بوویتایەو وەكوو منیش دوورخرابایتەوە، ئەوسا دەتتوانی

قسە بكەی، دەتتوانی قژت دەركێشی، وەكوو من و ئێستا بەر بیتەوەو

بەقەدەر گۆڕێكی لێ نەدراو زەوی بگریت.

(لە دەرگا دەدرێ)

قەشە لۆرەنس: رۆمیۆ، هەستەوە، یەكێ لە دەرگا دەدا.

كوڕی باش برۆ خۆت بشارەوە.

رۆمیۆ: خۆم ناشارمەوە تا هەناسەی ئاه و ناڵەی دڵی نەساخم

وەكوو تەم دامنەپۆشی و لە چاوی زیت نەمشارێتەوە.

(لە دەرگا دەدرێ)

قەشە لۆرەنس: گوێ بگرە چۆن لە دەرگا دەدەن!

كوێیە؟! رۆمیۆ، كورە قیت بەوە!

(لە دەرگا دەدرێ)

كورە دەگیرێی.- نەختێ بێ دەنگ بە- هەستەوە. هەر راكە بۆ

نووسینگەی من.

هەر ئێشتا ئیشاللا، وا هاتم، هاتم! ئەمە چ گەمژەییەکە!

لە دەرگا دەدرێ ئەوە کێیە وا بەتوندی لە دەرگا دەدا؟ لە کوێوە

هاتووی؟ چیت دەوێ؟

دایەن: (لە ژوورەوە) دەرگام لێ بکەوە بێمە ژوورەوە، ئەوسا

دەزانی چ ئیشم هەیە.

لەلای خاتوو جولێتەوە هاتووم.

قەشە لۆرەنس: کەواتە بە خێر بێی.

(دایەن دێتە ژوورەوە)

دایەن: قەشەی پیرۆزو موبارەك، پێم بڵێ کوا سەرداری خانمی

من؟

قەشەی پیرۆز، پێم بڵێ کوا رۆمیۆ؟

قەشە لۆرەنس: ئەوەتا لەسەر زەوی کەوتووە، بە فرمێسکی خۆی

سەرخۆش بووە.

دایەن: ئای های! ئەویش حاڵی وەکوو حاڵی خانمەکەم وایە.

کت و مت وەکوو ئەو وایە.

ئۆی هەست و سۆزی بێچارە! ئۆی گرفتی بە خەم و خەفەت!

جولێتیش ئاوها راکشاوە.

نزگرەی دێتێ و دەگری، دەگری و نزگرەی دێتێ!

هەستەوە، هەستەوە! هەستەوە،ئەگەر پیاوی!

بۆ خاتری جولێت هەستەوە! بۆ خاتری ئەو هەستەوە!

بۆچی تووشی ئەم نائومێدییە قووڵە بووی؟

رۆمیۆ: دایەن !

دایەن: بەڵێ گەورەم، بەڵێ گەورەم! نێ... مردن کۆتایی هەموو شتێکە!!

رۆمیۆ: باسی جولێتت کرد؟ ئەرێ ئەو چۆنە؟ خۆ وا نێ ناگا من نیشم پیاوکوژییە.

من ئەوا بە رشتنی ئەو خوێنەی تەنیا نەختێ لەو دوور کەوتۆتەوە، کۆرپەی شادی خۆمانم کوشتووە.

لە کوێیە؟ چۆنە؟خانمی نهێنیم لە بارەی خۆشەویستی نهێنیمانەوە چ دەڵێ؟

دایەن: ئۆی، هیچ نالێ گەورەم. هەر دەگری و دەگری.

تاوێ دەکەوێتە ناو نوێن و چەلێ هەڵدەستێتەوە.

بانگی تیبۆلت دەکات و هاواری رۆمیۆ دەکا و دووبارە بەردەبێتەوە.

رۆمیۆ: هەر دەڵێی ئەم ناوە لە لوولەی کوشندەی تفەنگێکەوە تەقاودو ئەوی کوشتووە، وەك ئەوەی دەستی نەفرەتی ئەم ناوە خزمەکەی ئەوی کوشتبێ.

ئاخ!! پێم بڵێ قەشە، پێم بڵێ:

ناوم لە چ شوێنێکی ئەم جەستە چەپەڵەم دایە؟!

پێم بڵێ بەڵکوو ئەم بینا ڤیناوییە تێك بشکێنم.

(شمشیری هەڵدەکێشێ)

قەشە لۆرەنس: دەستی نائومێدیت راگرە!

ئایا تۆ پیاوی؟

شێوەت هاوار دەکا کە پیاوی، بەڵام فرمێسکت فرمێسکی ژنانە،

کردەوەی دڕندانەشت ڕقی لە ناقڵ بەدەری جانەوەرێک پیشان دەدا:

ژنێکی نەشیاو لە پیاوێکی لێوەشاوەدا، یان جانەوەرێکی دزێو لو

هەردووکیان دا.

سەرم لە تۆ سوڕماوە.

بە ئیمانی پیرۆزم، وام دەزانی تۆ باشتر دەستەمۆ بووی.

تۆ تیبۆلتت کوشتووە، دەتەوێ خۆیشت بکوژی؟!

دەتەوێ بە تێک شکاندنی ماڵ کاوڵانەی خۆت، خاتوونەکەشت

بکوژی کە بۆ تۆ دەژی؟!

بۆچی نەفرەت لە هاتنە دنیای خۆت و لە ئاسمان و لە زەوی

دەکەی؟

لە کاتێکا کە هاتنە دنیای خۆت و ئاسمان و زەویش، هەر سێکیان

لە تۆدا یەك دەگرنەوەو تۆش یەکسەر دەیاندۆڕێنی.

شەرم! شەرم!! لە سەرو سیمای خۆت، لە ئەشق و ئەوینی خۆت،

لە ئەقڵی خۆت بکە!

کە وەکوو سووخۆرێك هەموویت بە زیادەوە هەیە، بەڵام

هیچێکیان بە دروستی بە کار ناهێنی، کە سیماو ئەوین و ئەقڵت

برازێنێتەوە.

سیمای جوامێرانەت وەکوو پەیکەری مۆم وایە، ئەگەر وەکوو

پیاوێکی ئازا هەڵس و کەوت نەکەی، ئەوینی خەیاڵیت سوێندێکی

بۆشەو ئەو ئەوینە لەناو دەبا کە سوێندت خواردووە بە میهرەبانی

پێی بگەیەنی، ئەقڵیشت کە زێوەری سیماو ئەوینتە، بە مامەڵەی

هەردووکیان دەشێوێ.

وەکوو باروتی ناو بوتڵی سەربازێکی نەشارەزا، بە نەزانی خۆی گڕ دەگرێ و دەتەقێتەوە، بە بەرگریت خۆت، هەپڕوون بە هەپڕوون دەبێت!

دە هەستە، کابرا، جولێتت زیندووە، کە خەریك بوو بۆ خاتری ئەو بمریت.

تۆ بەختەوەری بەوەی: تیبۆلت ویستی تۆ بکوژێ، کەچی تۆ تیبۆلتت کوشت.

بەوەش بەختەوەری کە: ئەو یاسایەی هەڕەشەی مەرگی لێ دەکردی بۆتە لای تۆ.

حوکمی مەرگی کردووە بە دوورخستنەوە.

تۆ بەختەوەری ژمارەیەك فەڕو بەرەکەتت بەسەردا باریوە.

شادومانی بە باشترین بەرگی خۆی دەتلاوێنێتەوە.

بەڵام تۆ وەکوو ئافرەتێکی بەدکارو مۆن، لیچ لە بەخت و ئەوینی خۆت هەڵدەقوچێنی.

نارەزایی بەرامبەر بەخت و ئەوینی خۆت پێشان دەدەی!

وریا بە، وریا بە کلۆلەکان بەم جۆرە سەردەنێنەوە!

بڕۆ، هەروەکوو بڕیار بوو، بڕۆ خۆت بە دەزگیرانەکەت بگەیەنەوە سەرکەوە بۆ ژوورەکەی، بڕۆ شادو دڵخۆشی بکە.

بەڵام ئاگاداربە تا ئەو کاتە مەمێنەوە کە پاسەوانان دادەنێن

نەوەك ئەوسا ناتوانی بچیتە (مانتوا) و لەوێ بژی، تا دەرفەتمان بۆ دەرەخسێ زەماوەندت رابگەیەنین و لەگەڵ برادەرەکانت ئاشت

بیتەوەو داوای بوردن لە میر بکەین و چەند بەسەرکزی و ناخۆشی رۆیشتی، دووسەد هەزار هێندە بە خۆشی بتهێنینەوە.

دایەن تۆ دەپێش دا برۆ، سلاوی من بە خانمەکەت بگەیەنە، پێی بڵێ: زوو هەموو ماڵەوە بخاتە خەوەوە، کە خەمی گرانیان وا دەکە ئارەزووی ئەو خەوە بکەن!

رۆمیۆش وا دێ.

دایەن: وای خودایە! خۆزگە بەدرێژایی شەو لێرە بوومایەو گوێم بدایە ئەم جۆرە ئامۆژگارییە باشانە، ئای ئەمە چ جۆرە دەرسێکە! چ جۆرە دەرسێکە!

ئای خوایە، (وا دەچم) بە خانمەکەم دەڵێم کە تۆ دێی.

رۆمیۆ: برۆ وا بکە. بە شیرینەکەشم بڵێ خۆی بۆسەرزەنشت کردنی من ئامادەبکا.

دایەن: فەرموو جەناب هانی ئەم حەڵقەیە. هی جولێتەو پێی گوتم بیدەم بە تۆ، جەناب.

خێراکە! پەلە کە، خەریکە زۆر درەنگ دادێ.

(دەچێتە دەرەوە)

رۆمیۆ: ئای ئەم حەلقەیە چ ئۆخژنێکم پێ دەداو چۆن ورەم بەرز دەکاتەوە!!

قەشە لۆرەنس: دە برۆ دەی. شەو باش. هەموو بەختت لەوەدایە! یان پێش دانانی پاسەوانەکان برۆ، یان پێش رۆژهەڵات جلت بگۆڕەو لێرە برۆ.

ماوەیەك لە (مانتوا) بمێنەوە، پیاوەکەت دەدۆزمەوە، ئەویش لێرە

هەر دەنگ و باسێکی خۆش بۆ تۆ هەبێ، ناو بە ناو بۆت دێنێ!

دەستت بێنە، درەنگە، خوا حافیز! شەو باش!

رۆمیۆ: کە خۆشییەکی لە هەمووخۆشییان خۆشتر بانگم دەکا،

خەممە کە دەبێ وا کت و پڕ جێت بێڵم. خوا حافیز!

(دەچێتە دەرەوە)

CS CamScanner

# دیمەنی چوارەم

(ژوورێکی ماڵی کاپولێت)

(کاپولێت و خانمی کاپولێت و پاریس دێنە ژوورەوە)

کاپولێت: ڕووداوی ئەوەنـدە نـاخۆش قـەوماوە، ماوەمـان نـەبووە سەر بکەینە سەرکچەکەمان.

خۆت دەزانی تیبۆلتی خزمی خۆی زۆر خۆش دەویـست. هـەروەها منیش.

هەموومان هەر دەبێ بمرین!

زۆر درەنگە، ئەم شەو جولێت نایەتە خوارەوە.

ڕاسـتیت پـێ بلـێم، لەبـەر خۆشـی ئـاودەنگیی نەبوایـە، ئێـستا سەعاتێك بوو نووستبووم.

پاریس: لە کاتی وا ناخۆش دا، بواری لاواندنەوە نییە.

شەو باش خانم. سڵاوم بە کچەکەت بگەیەنە.

خانمی کاپولێـت: ئیـشاللا، سبەینێ زوو پـێ دەکـەوم داخۆچی لە مێشك دایە.

ئەم شەو لە خەفەتان دەرگای لەسەر خۆی کلیل داوە.

کاپولێت: جـەنابی پـاریس، لـە خۆمـەوە خۆشەویـستی کچەکەمت دەقەبەر دەکەم.

پێم وایە هەرگیز لە قسەی من دەرناچێ.

نەخێر. هیچ گومانم نییە.

ئافرەت، تۆش پێش ئەوەی بخەویت، برۆ سەرێکی لێ بدە.

باسی خۆشەویستیی پاریسی کورمی بۆ بکە. پێی بڵێ:

تۆ گوێ بگرە.

پێی بڵێ: چوارشەممەی دادێ، بەڵام، تۆ بوەستە، ئەمرۆ چ رۆژە؟

پاریس: دووشەممەیە، گەورەم.

کاپولێت: دوشەممە.؟! ها ها، باشە، چوارشەممە زۆر زووە.

با رۆژی پێنج شەممە بێ.

پێی بڵێ: پێنج شەممە لەم کورە میرە خانەدانە مارە دەکرێ!.

تۆ ئامادە دەبی؟ ئەم پەلەکردنەت پێ خۆشە؟

بەزم و هەرایەکی گەورە ناکەین. تەنیا یەك دوو برادەرو بەس!

چونکە تۆ گوێ بگرە! تازە تیبۆلت کوژراوە.

ئەگەر زەماوەندێکی گەورە بکەین، خەڵك وا تێ دەگا ئێمە هەر

گوێشمان لێ نییە کە خزمی خۆمان وای بەسەر هاتووە.

جا پێنج شەش برادەر داوەت دەکەین و برایەوە.

ئەوەندە بەسە.

ئەی تۆ چ دەڵێی بۆ رۆژی پێنج شەممە؟

پاریس: گەورەم، خۆزگە بەیانی پێنج شەممە بوایە!

کاپولێت: تۆ برۆ، کەواتە با بۆ رۆژی پێنج شەممە بێ.

(روو دەکاتە ژنەکەی)

ئافرەت، تۆش پێش ئەوی بچی بخەوی، برۆ سەرێك لە جولێت

بدەو بۆ رۆرژی زەماوەند ئامادەی بکە.

خوا حافیز، جەناب.

(روو دەکاتە نۆکەرەکە) هۆ! چرایەك ببە ژوورەکەم!

پێشم کەوە، ئەوەندە درەنگە!

وەختە بڵێم بەیانییەکی زووە.

شەو باش.

(دەردەچن)

# دیمەنی پێنجەم

(باخچەی ماڵی کاپولێت)

(رۆمیـــۆو جولێـــت دێنـــە ژوورەوە. لەســـەرەوە، لـــە پەنجـــەرە دەردەکەون)

جولێت: ئەوە دەڕۆی؟ هێشتا نزیك نەبووە رۆژ ببێتەوە!
ئەو چەهچەهەی کە گوێی هەڵۆلیی ترسناکیی سمیت!
دەنگی بولبول بوو، نەك کاڵاوکورە.
هەموو شەوێ لەسەر ئەو دار هەنارە دەخوێنێ.
خۆشەویستم، پێم بڕوا بکە بولبول بوو.

رۆمیۆ: نەء ، بولبول نـەبوو، کاڵاوکـوڕە بـوو کـە مزگێنـی بـەیانیی پێیە.
سـەیر کـە، خۆشەویـستم، چ هێڵێکـی کرێـت هـەوری پـەرتی لـەو رۆژهەڵاتە خستۆتە بەرگورزە رووناکی؟!
مۆمی شەو دامردۆتەوەو رۆژی خۆش لەسەر ترۆپکـی چیای سـەر بە تەم، لەسەر پەنجەی پێ وەستاوە.
ئەگەر بمەوێ بژیم، دەبێ برۆم و ئەگەر لێرە نەرۆم دەبێ بمرم.

جولێت: من خۆم دەزانم، ئەم رووناکییە روناکی رۆژ نییە.
ئەستێرەیەکی کـشاوە، رۆژ هـەڵی داوە بـۆ ئـەوەی ئەمـشەو بـۆ تـۆ ببێ بە چراوگ هەڵگرو رێگای (مانتوا)ت بۆ روناك بکاتەوە.

جا زیاتر بمێنەوە، پێویست ناکا (وا زوو) بڕۆی.

ڕۆمیۆ: با بگرێم، با بکوژرێم، رازیم، مادام تۆ وات دەوێ.

منیش دەڵێم ئەم بۆراتییە چاوی بەیانی نییە، تەنیا رەنگ

دانەوەی کاڵی برۆی (سینتیا) یە.

کلاوکورەش نییە کە چریکەی لە تاقی ئاسمانی بەرزی

سەرسەرمان دەدا.

ئارەزووی مانەوەم لە ویستی رۆیشتن زیاترە.

وەرە ئەی مەرگ، وەرە بە خێر بێی، جولێت وای پێ خۆشە!

چۆنی گیانەکەم، با نەختێ قسە بکەین. ئەمە رۆژ نییە.

جولێت: با، خۆیەتی، خۆیەتی! برۆ ئێرە جێ بێلە.

ئەمە کلاوکورەیە وا بە ناخۆشی دەخوێنێ.

بەئاوازی وا تیژو نەساز دەخوێنێ.

هەندێ دەڵێن کلاوکورە بە جوانی پەردەکانی دەنگ لێك جیا

دەکاتەوە!

وا نییە، چونکە ئێمە لێك جیا دەکاتەوە.

هەندێ دەڵێن: کلاوکورەو بۆقی بێزەوەر چاویان گۆڕیوەتەوە، بریا

دەنگیشیان بگۆڕبایەوە!

چونکە ئەو دەنگە زەندەقمان دەباو لە باوەشی یەکتر دەرمان

دێنێ.

لێرە لەگەڵ ئەو دەنگە راوت دەنێ کە راوکەری بەیانیی بە خەبەر

دێنێ.

دە ئێستا برۆ، خەریکە وردە وردە دنیا روناکتر دادێ.

رۆمیـۆ: ورده ورده دنیـا رونـاکتر دادێ، بـەڵام خـەم و خەفـەتمان ورده ورده ڕەشتر و خەستتر دەبێ.

(دایەن دێتە ژوورەوە)

دایەن: خانم!

جولێت: دایەن!

دایەن: خانمی دایکت لە ژوورەوە دێتە لات.

بەیانی داوە، وریا بە، چاوت بکەرەوە.

(دەڕواتە دەرەوە)

جولێـت: کەواتـە ئـەی پەنجـەرە، لێ گـەڕێ بـا ڕۆژ بێتـە ژوورەوەو ژیان بچێتە دەرەوە.

رۆمیۆ: خوا حافیز! خوا حافیز! یەك ماچ و من دەچمە خوارەوە.

(دەچێتە خوارەوە)

جولێت: کەواتـە رۆیـشتیت؟ خۆشەویـست، سـەروەر، بـەڵێ، مێـرد، برادەر.

دەبێ سەعات بە سەعات، ڕۆژانە خەبەرت ببیستم.

چونکە هەر دەقیقەو چەند ڕۆژێکە بۆ من.

بەوحـسێبە بـێ تـا جـارێکی دی رۆمیۆکـەم دەبینمـەوە، تـەواو دەکەومە ناو ساڵانەوە!

رۆمیۆ: خوا حافیز!

خۆشەویستەکەم، هەر دەرفەتێکم ببێ سڵاوت بۆ دەنێرم.

جولێت: ئۆی! لەو باوەڕەدای جارێکی تر بەیەك بگەینەوە؟

ڕۆمیـۆ: گومـانم نییـە. ئـەم هـەموو خەمـەش دەبـێ بـە باسێکی

خۆش بۆ ڕۆژگاری ئایندەمان.

جولێت: وای خوایە ڕۆحێکی بەدبینم هەیە.

ئێستا تۆ کە لە خوارەوەی، وەکوو مردوویەکی بنی گۆڕێک لێم دیاری.

یان من چاوم باش نابینێ، یان تۆ ڕەنگت پەڕیوە.

ڕۆمیۆ: بڕوام پێ بکە خۆشەویستەکەم، تۆش لە چاوی من هەر وای.

خەفەتی وشك خوێنمان دەخواتەوە.

خوا حافیز! حوا حافیز!

(دەچێتە دەرەوە)

جولێت: ئای چارەنووس! چارەنووس!

هەموو کەس تۆ بە بێ بەقا دەزانێ.

ئەگەر تۆ بەقای، پێم بڵێ چ لە ڕۆمیۆ دەکەی؟

کە بە دڵسۆزو وەفادار بەناوبانگە.

ئەی چارەنووس، بێ بەقایە!

جا هیوادارم ماوەیەکی زۆر گلی نەدەیتەوەو زوو ڕەوانەی بکەیتەوە.

خانمی کاپولێت: (لە ژوورەوە) هۆ! کچێ، بە ئاگای؟!

جولێت: ئەوە کێیە گاز دەکا؟ خانم دایکمە؟

ئەوە تا ئەو درەنگانە هەر لە خوارەوەیە (نەخەوتووە)؟ یان زوو بەخەبەر هاتووە؟

ئەوەی لە سۆنگەی چ هۆیەکی نائاسایی هاتۆتە ئێرە؟

(خانمی کاپولێت دێتە ژوورەوە)

خانمی کاپولێت: جولێت، چۆنی؟

جولێت: خانم، باش نیم.

خانمی کاپولێت: بەردەوام بۆ مەرگی خزمەکەت دەگری؟

چییە؟ لە ناو گۆڕ بە فرمێسك دەیشۆیتەوە؟

ئەگەر بتوانی بە فرمێسکیش بیشۆیتەوە، ناتوانی زیندووی بکەیتەوە.

جا بیبڕەوە. خەفەتێکی کەم خۆشەویستییەکی زۆر پێشان دەدا.

بەڵام خەفەتی زۆر نیشانەی کەم ئەقڵییە.

جولێت: لەگەڵ ئەوەش دا، لێ گەڕێ بۆ ئەو زەرەرە بگریم کەبە قووڵی هەستی پێ دەکەم.

خانمی کاپولێت: ڕاستە، تۆ هەست بە زەرەرەکە دەکەی، بەڵام هەست بەو برادەرە نا کە بۆی دەگری.

جولێت: ئەوەندە هەست بە زەرەرەکە دەکەم، چارەم نییە هەر دەبێ بۆ ئەو برادەرە بگریم.

خانمی کاپولێت: کچێ، دەزانم تۆ ئەوەندە بۆ مەرگی ئەو ناگریت، ئەوەندەی بۆ ئەوە دەگریت کە ئەو خوێڕییەی ئەمی کوشتووە، بە زیندوویی ماوە.

جولێت: کام خوێڕی، خانم؟

خانمی کاپولێت: ئەو خوێڕییە، رۆمیۆ.

جولێت: (روو بۆ لاتەنیشت وەردەگێڕێ) خوێڕی؟!

ئەو زۆر زۆر لە شتی وا دوورە.

خوا لە تاوانی خۆش بێ. منیش لە دڵەوە لێی دەبوورم.

لەگەڵ ئەوەش دا هیچ پیاوێك وەکوو ئەو خەفەت ناخاتە دڵمەوە.

خانمی کاپولێت: چونکە ئەو پیاوکوژە خاینە بە زیندوویی ماوە.

جولێت: بەڵێ، خانم، ئەم دەستانەم پێی ڕاناگا، خۆزگە بمتوانیایە

تۆڵەی مەرگی خزمەکەم بکەمەوە!

خانمی کاپولێت: مەترسە، تۆڵەی دەکەینەوە.

چیتر مەگری. ئەو فیراره دوورخراوەیە لە (مانتوا) دەژی لەوێ

یەکێ ڕادەسپێرم شەربەتێکی تایبەتی وای دەرخوارد بدا، یەکەو ڕاست

بچێتە پاڵ (تیبۆلت).

هیوادارم تۆش ئەوسا دڵت دابکەوێ.

جولێت: ڕاستییەکەی دڵم ئەوەندە بۆ خزمەکەم خەفەتبارە تا

نەبینم ڕۆمیۆ مردووە، قەت دڵم داناکەوێ.

خانم بەڵکوو پیاوێکت بدۆزیبایەوە ژەهرەکە ببا.

ژەهرەکە بە جۆرێکی وا پەروەردە دەکەم، کەرۆمیۆ خواردییەوە

یەکسەر خەوێکی ئارامی لێ بکەوێ.

ئای دڵم چەند بە بیستنی ناوی دەگوشرێ!

من ناتوانم بچمە لای تۆڵەی خزمە خۆشەویستەکەم

لەو کەسە بکەمەوە کە کوشتوویەتی.

خانمی کاپولێت: تۆ ژەهرەکە پەیدا کە، منیش پیاوێك دەدۆزمەوە

(بیبا).

بەڵام کچێ، ئێستاکە هاتووم خەبەرێکی زۆر خۆشم بۆ هێناوی.

جولێت: خۆشییش لە وەختی پێویستی وا دێ.

تکایە خانم، ئەو خەبەرە خۆشە چییە؟

خانمی کاپولێت: ئێ ئاخر، رۆڵە تۆ باوکێکی خەمخۆرت هەیە، بۆ ئەوەی باری گرانی خەمت بڕەوێنێتەوە، ڕۆژێکی خۆشی کت و پڕی بۆ خۆشیی هەڵبژاردووە، کە تۆ هیچ چاوەڕێی ناکەی و منیش بۆی نەدەگەڕام.

جولێت: خانم، ئەو ڕۆژە خۆشە چ ڕۆژێکە؟

خانمی کاپولێت: سوێندم بە مێرەم، ڕۆڵە، پێنج شەممەی دادێ بەیانی زوو، (پاریس) ی کۆنت، ئەو جوامێرە گەنج و خانەدان و قۆزە، لە کەنیسەی پیر پیتەر، بە شادومانی دەتکا بە بووکێکی شادو بەختەوەر.

جولێت: ئێستا سوێندم بە کەنیسەی پیر پیتەرو بە پیر پیتەر خۆیشی، لەوێ نامکا بە بووکێکی شادو بەختەوەر.

ئەم پەلە پەلەم بەلاوە سەیرە!

کە دەبێ، پێش ئەوەی، ئەوەی دەبێ بە مێردم بێ بملاوێنێتەوە، شوو بکەم.

خانم، تکایە بە گەورەم، بە باوکم بڵێ: من جارێ مێرد ناکەم.

ئەگەر مێردیش بکەم، سوێند دەخۆم مێرد بە ڕۆمیۆ دەکەم کە خۆتان دەزانن ڕقم لێ دەبێتەوە، نەك بە پاریس.

بە ڕاستی دەنگ و باست بۆ هێنام!!

خانمی کاپولێت: ئەوەتا باوکیشت وا هات. خۆت پێی بڵێ، بزانە چۆن لێت وەردەگرێ؟

(کاپولێت و دایەن دێنە ژوورەوە)

کاپولێت: کەخۆر ئاوا دەبێ، دڵۆپە شەونم وردە لە هەوا دەخونێ، بەڵام بۆ ئاوابوونی خۆری کوڕە براکەم بە خوڕ دەبارێ.

کچێ، ئەوە چیتە؟ ئەوە تۆ کانیت؟

چییە ئەوە هێشتا هەر فرمێسك دەڕێژی؟

وەکوو ڕێژنەی بەردەوام فرمێسك دەبارێنی.

بەو جەستە بچکۆڵانەت، لە کەشتی و دەریاو (با) دەکەیت.

چونکە چاوت دەتوانم کە بڵێم دەریایەو فرمێسکی لە هەڵچوون و داچوون دایە، جەستەت کەشتییەو ئەم لافاوە سوێرە دەبرێ، (با) هەنسکی تۆیەو بە فرمێسك دەورووژێ، فرمێسکیشت لەگەڵ ئەمانەدا، بێ ئەوەی لەناکاو، هێور بێتەوە، جەستەی بەر گەرداوتت هەڵدەگێڕێتەوە.

ئەرێ ئافرەت، چۆنە؟ بڕیارەکەمانت پێ ڕاگەیاندووە؟

خانمی کاپولێت: بەڵێ جەناب، بەڵام ڕازی نییە. سوپاست دەکا.

خوزگە ئەم گێلە مێردی بە گۆڕ بکردایە!!

کاپولێت: سەبرت هەبێ، ئافرەت، با تێت بگەم، با تێت بگەم.

چۆن؟ نایەوێ؟ سوپاسیشمان ناکا؟ شانازیشی پێوە ناکا؟

خۆی بە بەختەوەریش نازانێ؟

کە خۆی نەشیاوەو ئەو جوامێرە لێوەشاوەمان بۆ ڕێك خستووە ببێ بە زاوای؟

جولێت: شانازی پێوە ناکەم کە تۆ ئەمەت کردووە، بەڵام سوپاست دەکەم کە کردووتە.

قەت ناتوانم شانازی بە شتێکەوە بکەم کە ڕقم لێیەتی.

بەلام مادام ئەو رقە بە نیازی خۆشەویستی کرابێ، سوپاسی

دەکەم.

کاپولێت: چۆن چۆنی؟ چۆن چۆنی؟ ئەم قسە بە پێچ و پەنایە

چییە؟

(شانازی پێوە دەکەم) و (سوپاست دەکەم)، (سوپاست دەکەم)، لە

گەڵ ئەوەش شانازی پێوە ناکەم!

هیچ سوپاسم مەکە. هیچ شانازی بە منەوە مەکە.

بەڵکوو پەلی ناسکت (خۆت) بۆ پێنج شەممەی دادێ ئامادە کە

بۆ ئەوەی لەگەڵ (پاریس) بچیتە کەنیسەی پیر پیتەر.

ئەگەرنا بە دەستەبەرە دەتبەم بۆ ئەوێ.

برۆ دەردەوە، نەخۆشی بێ رۆح!

برۆ دەردەوە، کچی بێ کەڵك!

هەی دەم و چاو بەزو پیو!

خانمی کاپولێت: شەرم بکە شەرم! ئەوە تۆ چیتە؟ شێت بووی؟

جولیێت: باوکی بەرێزو خۆشەویستم، بۆت دەچمە سەر چۆك لێت

دەپارێمەوە بە هێمنی گوێم لێ بگرە، با تەنیا یەك قسە بکەم.

کاپولێت: دەك تووك و نەفرەتت لێ باریێ!

هەی کچی نەشیاو! هەی بێ کەڵکی سەرکێش!

با پێت بڵێم: یان رۆژی پێنج شەممە دەچیتە کەنیسە، یان

جارێکی تر تەماشای دەم و چاوم ناکەی؟

نە قسەم لەگەڵ بکەو نە وەڵامم بدەوەو نەباوەگۆ!

پەنجەکانم دەخورێن، خانم،ئێمە وامان دەزانی خێرو بەرەکەتێکی

کەممان پێدراوە، کە خوا تەنیا ئەم تاقە منداڵەی پێداوین، کەچی ئێستا دەبینم ئەم یەکەش گەلێ زۆرە، چونکە بووە بە مایەی تووك و نەفرەت بۆ ئێمە.

بڕۆ لێرە نەمێنی، هەی هیچ و پووچ!

دایەن: خوای ئاسمانان لە پەنای خۆی گری!

حا! حا! جەناب، چ خێرەکی خوای بوو، بۆ وا هەڕەشەی لێ دەکەی؟

کاپولێت: چۆن چۆن؟ خانمی ئاقڵ؟ دەمت بگرە، ها!

وریا بە، بڕۆ بۆ خۆت لەگەڵ هاورێکانت دەمەتەقێ بکە.

دایەن: قسەی خراپم نەکردووە.

کاپولێت: ئای، خوا شەوت باش کاو بڕۆ!

دایەن: ئینسان نابێ قسە بکا؟

کاپولێت: بێ دەنگ بە، هێڕی هەڵەوەڕ.

بڕۆ سەنگی خۆت لەسەر بادەی برادەرایك پێشان بدە،

ئێمە شتی وامان گەرەك نییە.

خانمی کاپولێت: تۆ زۆر تووڕەی!

کاپولێت: سوێندم بە نانی خوایی، شێت بوومە لە دەستی.

بە رۆژ، بە شەو، هەموو سەعاتێك، نیوەڕۆ، هەموو کاتێك، لە کاتی ئیش، لەکاتی یاری، بەتەنیا، لەگەڵ برادەران، هەموو خەم و خەیاڵم ئەوە بووە بە مێردی بدەم، ئێستاش جوامێرێکی بنەماڵەی خۆمان هاتۆتە داخوازی، خاوەن مولکێکی زۆر، گەنج، خوو و رەوشت خانەدانانە، وەکوو دەڵێن سیفاتی هەرە بەرزی تێدایە، سەرەڕای

ئەوەش، چۆنت دەوێ پیاوێکی ئاوا ڕێك و پێك بێ!

تۆش کچێکی گێلۆکەی بە پرتەو بۆڵەت هەبێ، لەیستۆکێکی گرینۆکت هەبێ، کە بەختی کرایەوە، وەڵام بداتەوە:

(من شوو ناکەم، خۆشەویستی نازانم، هێشتا منداڵم، تکایە داوای لێبوردن دەکەم).

کە شوو ناکەی لێت دەبوورم، بەڵام نابێ ئیتر لەگەڵ من لەم ماڵەدابی، برۆ لە کوێ دەتەوێ، بۆ خۆت لەوێ بلەوەڕێ (بژی).

گوێ بدەرێ و باش بیری لێ بکەوە، من گاڵتە نازانم، پێنج شەممە نزیکە، بۆ خۆت دەستت بخەرە سەر دڵ و بیر بکەرەوە.

ئەگەر هی منی، من دەتدەمە ئەم برادەرەم، ئەگەر هی منیش نیت، برۆ لە جادان بسووڕێوە، سواڵ بکە، برسی بەو بمرە!

چونکە سوێندم بە ژیان و گیانی خۆم، بە هی خۆم دانانێم و نابێ سوود لە هیچ شتێکی من وەربگری.

بڕوا بە قسەم بکەو باش بیری لێ بکەوە، من بە درۆ سوێند ناخۆم.

(دەچێتە دەرەوە)

جولێت: ئایا بەزەیی لە ئاسمانان بڕاوە، کە ناخی خەمەکانم ببینێ؟

ئۆی دایە گیان، فڕێم مەدە دەرەوە!. ئەم شووکردنە حەفتەیێ، مانگێ دوا بخە، ئەگەر دوای ناخەی، نوێنی بووکێنیم لە ناو ئەو گۆڕە تاریکە دەبێ کە تیبۆلتی تیا ڕاکشاوە.

خانمی تیبۆلت: قسە بۆ من مەکە چونکە من هیچ قسەیەك ناکەم.

(دەچێتە دەرەوە)

چیت دەوێ وا بکە، چونکە من چیترم پێ لەگەڵ تۆ ناکرێ.ئیتر لە گەڵ تۆ، تەواو!!

جولێت: ئای خوایە!! ئەرێ دایەن، ئەمەم چۆن لە کۆڵ دەبێتەوە؟

مێردم لەسەر زەوی و بڕوام لە ئاسمانە.

ئەو بڕوایە چۆن جارێکی تر دەگەڕێتەوە سەر زەوی؟

ئەگەر ئەو مێردەم زەوی جێ نەهێڵێ و نەچێ لە ئاسمانەوە بۆم بێنێتەوە؟

دڵنیام بکە، ئامۆژگاریم بکە.

ئاخ! ئاخ! ئەو ئاسمانە چ دەردێك بە لە بەندەیەکی ناسکۆڵەی وەکوو من دەکات؟

دایەن، تۆ چ دەڵێی؟ قەت قسەیەکی خۆش، دڵدانەوەیەکت بۆ من پێ نییە؟

دایەن: ڕاستییەکەی ئەوەیە:

ڕۆمیۆ دوورخراوەتەوە. مەرج لەسەر هەموو دنیا دەکەم بەرامبەر بە هیچ، کە قەت زات ناکا بگەڕێتەوەو داوای تۆ بکا.

ئەگەر بگەڕێتەوەش، دەبێ بە دزی بێ.

مادام ئێستا بارو دۆخەکە ئاوهایە، من وام پێ باشە تۆ شوو بە کۆنت بکەی.

وای جوامێرێکی کۆکە!!

ڕۆمیۆ لە چاو ئەو بووزی هیربارانە.

خانم، چاوی هەڵۆش وەکوو چاوی (پاریس) سەوزو زیت و جوان نییە.

دەك نەفرەت لەو دڵەی من!

وا بـزانم بـەم خوازبێنییـە دووەمـە شـادومانی چونکە ئەمـە لـە یەکەمی تێپەڕاندووە.

ئەگەر واش نەبێت، یەکەم داخوازی لە ریزی مردووانە.

یان وەکوو ئەوە وایە کە رۆمیۆ مردبێ.

کە بژی و تۆ بۆ ئەو نەبی.

جولێت: ئەوە تۆ ئەم قسانەت هی دڵییە؟

دایەن: هی رۆحیشمە.

ئەگەر وانەبێ، هەردووکیان بەر نەفرەت کەون!

جولێت: ئامین!

دایەن: چی؟

جولێت: بەراستی زۆر باش دڵنەواییت کردم.

برۆ ژوورەوە بە دایکم بڵێ: لەبەر ئەوەی دڵی بـاوکمم شکاندووە، ئێستا دەچمە کونجی قەشە لۆرەنس بۆ ئەوەی دان بـە تاوانەکەم بنێم و پاك ببمەوە.

دایەن: بە مێرەم، بە رێك و پێکی بۆت دەگەیەنم.

(دەچێتە دەرەوە)

جولێت: پیرەژنی نەفرەتی! شەیتانی بەدکار!

ئایا ئەوە گوناهترە حەز بکەی ئاوها بەڵێنم بشکێنم،

یان بـەو زمانـەی هـەزاران جار ئەوپـەڕی ستایـشی سـەرووەرەکەی کردووم، تۆمەت بە سەرووەرەکەم بکەی؟

برۆ مۆچیار، برۆ!

لەمەودوا تۆو (رازی) دڵم لێك جیا دەبنەوە.

من وا دەچمە لای قەشە بۆ ئەوەی بزانم چ چارەسەرێکی لایە.

ئەگەر هەموو شتێ فەشەلی هێنا، خۆم دەسەلاتی مردنم هەیە.

(دەچێتە دەرەوە)

CamScanner

# بەشی چوارەم

## دیمەنی یەکەم

(کونجی قەشە لۆرەنس)

(قەشە لۆرەنس و پاریس دێنە ژوورەوە)

قەشە لۆرەنس: پێنج شەممە جەناب، وەختەکە زۆر کەمە.

پاریس: کاپولێتی باوکم وای دەوێت، منیش ئەو سستییەم نییە پەلە پەلی ئەو هێواش کەمەوە.

قەشە لۆرەنس: تۆ دەڵێی رای خانمەکە نازانم.
ئەمە شتێکی نارێکە. حەز ناکەم وابێ.

پاریس: لە رادە بەدەر بۆ مەرگی تیبۆلت دەگری، بۆیە کەم باسی خۆشەویستیم بۆ کردووە.
چونکە (ڤینۆس) لە ماڵێ بە فرمێسك بزە نایگرێ.
گەورەم، ئێستا باوکی بە شتێکی ترسناکی دەزانێ کە جولێت ئەوەندە خەفەت دەخوا.
لە ئاقڵیی خۆیەتی کە پەلە لە زەماوەند کردنی ئێمە دەکا.
بۆ ئەوەیەتی بەری لافاوی فرمێسکی جولێت بگرێ.
چونکە کە بەتەنیا بێ هەمیشە مێشکی پێوە خەریك دەبێ.
لەوانەیە لە ناو ئاوەدانی ئەمەی نەمێنێ.
ئێستا هۆی ئەم پەلەکردنەت زانی؟

قەشە لۆرەنس: (روو دەکاتە لاوە) خۆزگە نەمزانیایە بۆ دەبێ پەلەی لێ بکرێ.

سەیرکە، جەناب، ئەوەتا خانم (جولێت) بەرەو ئێرە دێ.

(جولێت دێتە ژوورەوە)

پاریس: خانمەکەم، هاوسەرەکەم، دیدارێکی شادو خۆشە!

جولێت: لەوانەیە وابێ، جەناب، ئەگەر بشێ ببم بە هاوسەر.

پاریس: خۆشەویستم، دەبێ ئەمە پێنج شەممەی دادێ بێتە دی.

جولێت: ئەوەی دەبێ بێتە دی، هەر دێتە دی.

قەشە لۆرەنس: ئەمە قسەیەکی زۆر راستە!

پاریس: بۆ دان پیانان هاتوویتە لای ئەم باوە؟

جولێت: ئەگەر وەڵامی ئەمە بدەمەوە، دەبێ لای تۆ دانی پێدابنێم.

پاریس: نکوولی نەکەی کە منت خۆش دەوێ، ها؟

جولێت: من لای تۆ دان پیادەنێم کە ئەوم خۆش دەوێ.

پاریس: دڵنیام دان پێدادەنێی کە منت خۆش دەوێ.

جولێت: ئەگەر وابکەم، زۆر باشترە پاشە ملە باس بکەم، نەک بەرەو ڕوو.

پاریس: ئای رۆحی کلۆڵ! دەم و چاوت زۆر بە فرمێسک تێک چووە.

جولێت: فرمێسک بەمە سەرکەوتنێکی کەمی بە دەست هێناوە.

چونکە دەم و چاوی من بەر لەوەی بە فرمێسکیش بشێوێ، خۆی لە خۆیەوە شێوا بوو.

پاریس: تۆ بەم قسەیە لە فرمێسک خراپتر بە دەم و چاوت

دەکەی.

جولێت: ئەمە تۆمەت نییە، جەناب، ئەمە راستییە.

ئەوەی گوتووشمە، بە رووی خۆمم گوتووە.

پاریس: رووی تۆ رووی منەو تۆمەتت پێ کردوە.

جولێت: لەوانەیە وابێ، چونکە ڕووەکە هی خۆم نییە.

ئەرێ باوەی موبارەك، ئێستا وەختت هەیە؟

یان لە کاتی ویردی ئێوارە بێمەوە؟

قەشە لۆرەنس: ئێستا وەختم هەیە کچی داماو، گەورەم، (ماوەمان

بدە) ئێمە پێویستە نەختێ بە تەنیا بین!

پاریس: خوا نەکا من داب و دەستووری ئایینی تێك بدەم.

جولێت خان، پێنج شەممە زوو بە خەبەرت دێنم.

تا ئەوسا خوا حافیز، هانێ ئەم ماچە!

(دەچێتە دەرەوە)

جولێت: ئای دەرگاکە داخە! کە داتخست، وەرە لەگەڵم بگری:

ئای لە خۆمێ! لە خۆم بێ ئومێدێ! بێ چارەیێ! بێ فریادرەسێ!

قەشە لۆرەنس: ئای جولێت، من باش لە خەم و خەفەتی تۆ

دەگەم.

مێشکی وا گوشیوم، ئەقڵم بە هیچ ناشکێ.

بیستوومە دەبێ پێنج شەممەی دادێ شوو بەم کۆنتە بکەیت و

ئەمەش بە هیچ شتێ دوا ناخرێ.

جولێت: قەشە، پێم مەڵێ شتی وات بیستووە، ئەگەر پێم ناڵێی

چۆن خۆی لێ دوور بخەمەوە.

ئەگەر تۆ بە ئاقڵیی خۆت، ناتوانی یارمەتیشم بدەی، تەنیا ئەوەندە بکە بڕیارەکەم بە شتێکی ئاقڵانە بزانە.

ئەوسا هەر ئێستا ئابەم چەقۆیە چارەسەری دەکەم.

خوا دڵی من و دڵی رۆمیۆی پێك گەیاندووەو تۆش دەستەکانمان.

بەر لەوەی ئەم دەستەی لە رێی تۆوە بۆ رۆمیۆی مۆر کردووە، پەیمانێکی زەماوەندی تر مۆر بکا، یان دڵی پەرۆشم بە سەرکەشیی خیانەت بکات و روو بکاتە دڵێکی تر، بەم دەستە هەردووکیان لە ناو دەبەم.

جا تۆش لە ژیانی پڕ تاقی کردنەوەی خۆت، هەندێ ئامۆژگاریم بۆ ئێستا بدەرێ.

سەیرکە، ئەم چەقۆ خوێناوییە، لە نێوان من و ئازارەکانم دا دەبێ بە دادوەرو ئەم گرفتە یەك لا دەکاتەوە کە دەسەڵاتی تەمەن و کارامەیی تۆ نەیتوانیوە بە سەربەرزی راستەقینە، یەك لای بکاتەوە.

زووبە، قسەکەت ئەوەندە بە درەنگ مەخە.

بەمن بێ بمرم، ئەگەرئەوەی دەیڵێی باسی چارەسەرێك نەبێ.

قەشە لۆرەنس: کچم سەبرت هەبێ.

ترووسکایی ئومێدێك دەبینم . جێ بە جێکردنێکی گیانبازانەی دەوێ وەکوو ئەو گیانبازییەی دەمانەوێ رێی لێ بگرین.

تۆ ئەگەر ئەو ئیرادە بەهێزەت هەبێ: خۆت بکوژی نەك مێرد بە کۆنت پاریس بکەی، دەتوانی کارێکی وا وە ئەستۆ بگری کە وەکوو مردن وایە، بۆ ئەوەی ئەم رسواییە لابەری.

شتەکە مامەڵە کردنە لەگەڵ مردن بۆ ئەوەی لە مردن دەرباز بی.
تۆ ئەگەر ئەو زاتەت هەبێ، من چارەیەکت دەکەم.
جولێت: ئۆی، هەر ئەوەندە شوو بە پاریس نەکەم، داوام لێ بکە
لەسەر ترۆپکی دیواری ئەم بورجە خۆم هەڵبدەم!
یان ڕێگای ناو دزان بگرمە بەر، یان داوام لێ بکە، خۆم بخزێنمە ناو کونە ماران، لەگەڵ ورچی بە بۆڵە بوڵ بمبەستنەوە، یان شەو لە ناو جێی مردووان دەرگام لەسەر کلیل دەن، کە پڕبێ لە ئێسك و پرووسکی مردووان و بۆن بۆگەنی ئێسکە لوولاق و کەللەی زەردی بێ کاڕێژ، یان داوام لێ بکە بچمە ناو گۆڕێکی تازە لێدراو و لەگەڵ مردوویەکا خۆم لەناو تابووتەکەی بشارمەوە!
ئەو شتانەی، لەگەڵ بیستنیان، مووچڕکم پێدا دەهات، بە بێ ترس و دڕدۆنگی دەیان کەم، بۆ ئەوەی وەکوو ژنێکی بێ لەکە بۆ مێردە خۆشەویستەکەم بژیم.
قەشە لۆرەنس: کەوایە دان بە خۆتا بگرە.
بڕۆوە ماڵێ، خۆت دڵخۆش کەو وا پێشان دە رازی شوو بە پاریس بکەی.
بەیانی چوارشەممەیە، وابکە سبەی شەو بە تەنیا بخەوی.
ڕێ مەدە دایەنەکەت لەگەڵتا لە ژوورەوە بخەوێ.
ها ئەم بوتلە بچووکەت بدەمێ، ئاوێکی خەستی تیایە، کە چوویتە ناو جێ، بیخۆرەوە.
یەکسەر هەموو دەماری لەشت سارد دادێ و خاو دەبێتەوەو خەو داتدەگرێ.

هیچ خورپەو لێدانێکی ئاسایی نامێنێ، هەمووی دەوەستێ.
هیچ گەرمی و هەناسەیەکت نامێنێ دەری بخا ژیانت تێدا ماوە.
گوڵی لێو و کولمەت کاڵ دەبێتەوەو وەکوو خۆڵەمێشی لێ دێ.
مردن چۆن رۆژی ژیان دادەخا، چاوی تۆش ئاوها چەنجەرەی دادەخا.
هیچ جێگایەکی لەشت جووڵەی شل و خاوی نامێنێ، هەمووی وەکوو ئەوەی مردوو بێ رەق و گرژ و سارد هەڵدەگەرێ.
ماوەی چل و دوو سەعات ئاوا وەکوو مردوویەکی ژاکاو دەمێنیتەوە.
ئەوسا بە خەبەر دێی و هەر دەڵێی لە خەوێکی خۆش دا بووی.
ئێستا کاتێ کە بەیانی زاوا دێ لە ناو نوێن بە ئاگات بێنێ، تۆ وەکوو مردوو وای.
ئەوسا بە پێی داب و نەریتی وڵاتەکەمان، پۆشتەترین بەرگت لەبەر دەکەن و بە روو والآیی لەسەر دارەبازەت دادەنێن، دەتبەنە ناو ئەو گومەزە دێرینەی کە هەموو مردووەکانی بنەماڵەی کاپولێتی تیا نێژراوە.
لە هەمان کات دا، بە نامەیەك رۆمیۆ لە پلانەکەمان ئاگادار دەکەمەوە، بۆ ئەوەی ئەویش بێ بۆ ئێرە و کە تۆ بە ئاگا هاتیتەوە، ئەوسا من و تۆ چاوەدێری بە ئاگاهاتنەوەی تۆ دەکەین و هەر ئەو شەوەش رۆمیۆ لێرە هەڵت دەگرێ و دەتبا بۆ (مانتوا).
بەمەوە لەم رسوایی و شوورەییەی ئێستا رزگارت دەبێ.
ئەمە، ئەگەر بێ تاقەتییەکی سەرەرۆ، یان ترسێکی ژنانە زات و

ورەت کەم نەکاتەوە بۆ ڕاپەڕاندنی.

جولێت: بیدە من، تۆ بیدە بە من، (هەقت نەبێ)، باسی ترس هەر مەکە!!

قەشە لۆرەنس: ها، بگرەو بڕۆ! ورە بەرزو سەرکەوتووبی لەم ئیشەکەدا.

منیش هەر زوو قەشەیەك ڕەوانەی (مانتوا) دەکەم و نامەیەکی پێ بۆ سەردارەکەت دەنێرم.

جولێت: خۆشەویستی هێزو تاقەتم بەبەر دەخاو هیزو تاقەتیش فریام دەکەوێ.

خوا حافیز! خوا حافیز!

(دەچێتە دەرەوە)

# دیمەنی دووەم

(هۆڵیماڵی کاپولێت)

(کاپولێت و خانمی کاپولێت و دایەن و دوو نۆکەر دێنە ژوورەوە)

کاپولێت: بڕۆ لە دوو ئەو هەموو میوانانە بگێڕەوە کە ناویان لێرە نووسراوە.

(نۆکەری یەکەم دەچێتە دەرەوە)

هۆ! کورە ئەتۆ! بڕۆ بیست چێشتکەری پسپۆڕو لێزانم بۆ بەکری بگرە!

نۆکەری دووەم: کەسی خراپت بۆ ناهێنم، گەورەم. تاقییان دەکەمەوە داخۆ پەنجەی خۆیان دەلێسنەوە.

کاپولێت: چۆن دەتوانی ئاوها تاقییان بکەیتەوە؟

نۆکەری دووەم: گەورەم، سوێندم بە مێرەم! دەڵێن چێشتکەری خراپ ناتوانێ پەنجەی خۆی بلێسێتەوە.

جا ئەوەی نەتوانێ پەنجەی خۆی بلێسێتەوە، من نایهێنم.

کاپولێت: باشە، دە بڕۆ!

(نۆکەری دووەمیش دەچێتە دەرەوە)

پێ ڕاناگەین خۆمان ئامادە بکەین بۆ ئەم جارە.

چییە؟ ئەوە کچەکەم چۆتە لای قەشە لۆرەنس؟!

دایەن: بەڵێ، ڕاستە، چووە.

کاپولێت: باشە لەوانەیە ئەو نەختێ سوودی پێ بگەیەنێ!

دایەن: سەیرکە وا بە ڕووخشیی لە دان پیانان دێتەوە.

(جولێت دێتە ژوورەوە)

کابولێت: ئێی! کچی کەللە ڕەقم، ئەوە لە کوێ، ئەوە لە کوێ دەسووڕایتەوە؟

جولێت: لەو شوێنە کە تێیان گەیاندم تۆبە لە تاوانی کەلەوەکێشی و سەرپێچی تۆو فەرمانەکانت بکەمو لۆرەنسی موبارەك ڕایسپاردم بێم کڕنۆشت بۆ ببەم و داوای بووردنت لێ بکەم.

داوای لێبوردنت لێ دەکەم: بوردن، تکات لێ دەکەم! لەمەودوا فەرمانبەرداری تۆم.

کاپولێت: خەبەر بۆ کۆنت بنێرن، بڕۆن ئەمەی پێ بڵێن.

دەبێ وا بکەم سبەی سبەینێ ئەم گرێیە لێ بدرێ (مارەیی و زەماوەند بکرێ).

جولێت:لە کونجی لۆرەنس جوامێری لاوم بینی و ئامازەی پێویستی خۆشەویستیم دایە کە چۆن دەبێ! بەلام لە سنووری داب و نەریت زیاتر نەرۆیشتم.

کاپولێت: باشە، ئەمەم پێ خۆشە، ئەمە شتی چاکە.

هەستە، هەموو شتێ ڕێك وپێك و لەبارە.

دەمەوێ کۆنت ببینم. توو مێرەم! بڕۆ بیهێنە ئێرە، بەخوا! ئەم قەشە بەڕێزو موبارەکە هەموو شارەکەمانی زۆر قەرزبار کردووە.

جولێت: دایەن، دە لەگەڵم وەرە ژورەکەم، بزانین چ جل و خشڵێ هەڵبژێرین کە بگونجێ سبەی لە بەری بکەم بە خۆمی وەبکەم.

خانمی کاپولێت: نا تاپێنج شەممە نا. هێشتا وەخت زۆر ماوە.

کاپولێت: بڕۆ دایەن، لەگەڵی بڕۆ، سبەی دەچینە کەنیسە.

(جولێت و دایەن دەچنە دەرەوە)

خانمی کاپولێت: خواردنمان نامێنێ، وا بوو بە شەو.

کاپولێت: پەح! من بە چوستی ئیش دەکەم، ئافرەت، دڵنیا بە

هەموو شتێ بە باشی دەڕوا.

تۆ بڕۆ لای جولێت، هاوکاری بکە جل و بەرگی لەبەر بکا.

من ئەم شەو ناخەوم، تەنیا جێم بێڵن، ئەم جارەیان خۆم

کابانەتی دەکەم. هۆ!! کێ لەوێیە؟!

هەموو چوونەتە دەرەوە.

باشە، من خۆم بە پێ دەچمە لای کۆنت پاریس، بۆ سبەینێ

ئامادەی دەکەم.

تا بڵێی دڵم خۆشە کە ئەم کچە سەررەقە دڵی نەرم بووە!!

(دەچنە دەرەوە)

# دیمەنی سێیەم

(ژووری جولێت)

(جولێت و دایەن دێنە ژوورەوە)

جولێت: بەڵێ، ئەم جلانە لە هەموویان ڕێك و پێکترن.
بەڵام دایەنی میهرەبان، تکات لێ دەکەم ئەم شەو تەنیا جێم بێڵە!
چونکە پێویستم بە دوعاو پاڕانەوەی زۆر هەیە.
بۆ ئەوەی دڵی ئاسمان ببزوێنم بۆ حاڵی من بگرژێتەوە کە خۆت
باش دەزانی حاڵم پڕگوناه و بێ ئۆقرەیە.

(خانمی کاپولێت دێنە ژوورەوە)

خانمی کاپولێت: ئەوە چییە؟! سەرقاڵی، ها!؟ پێویستت بە
یارمەتی من هەیە؟!

جولێت: نەخێر خانم، شتی پێویستی وامان هەڵبژاردووە کە بۆ
ئاهەنگی بەیانیمان لە بار بێ.
جا تکایە تۆ ئێستا لێم گەڕێ تەنیا بم.
ڕێش بدە ئەم شەو دایەن لای تۆ بمێنێتەوە، چونکە دڵنیام بەم
کارە کت و پڕە زۆر پڕ ئێشیت.

خانمی کاپولێت: کەواتە شەو باش، تۆش بڕۆ ناو جێ و بحەسێوە،
چونکە پێویستت بە حەسانەوە هەیە.

(خانمی کاپولێت و دایەن دەچنە دەرەوە) خواتان لەگەڵ!!



CamScanner

جولێت: خواتان لەگەڵ! هەرخوا دەزانێ کەی بەیەك دەگەینەوە!!
وردە ترسێکی سارد لە ناو دەمارەکانم مێروولە دەکاو خەریکە
گەرمایی ژیان دەتەزێنێت.
با بانگیان کەم بێنەوە، دڵم بدەنەوە: دایەن! — بێ لێرە چ بکا؟
ئەو ئەرکە سەخت و ناخۆشەی لەسەرمە، دەبێ بە تەنێ بیکەم.
وەرە بوتڵۆکە وەرە، ئەی ئەگەر ئەم گیراوەیە کاری خۆی نەکرد؟
ئەوە دەبێ سبەی بەیانی شوو بکەم؟
نا، نا، ئەمە لێ ناگەڕێ: تۆ لێرە بە.
(خەنجەرەکەی دادەنێ)
ئەی ئەگەر ئەمە ژەهر بێ و قەشە بە فێڵ وا بڵێ بۆ ئەوەی پێب
بمرم نەوەك بەم زەماوەندە رسوا ببێ، چونکە پێشتر منی لە رۆمیۆ
مارە کردووە؟
دەترسم وا بێ!
لەگەڵ ئەمەش دا دەزانم وا نییە، چونکە ئەم پیاوە هەمیشە
سەلماندوویەتی کە پیاوێکی موبارەکە.
ئەی ئەگەر، کە خستمیانە ناو گۆڕ، پێش ئەوەی رۆمیۆ بێ
رزگارم بکا، بەخەبەر هاتم؟!
بەراستی شتێکی ترسناکە!!
ئاخۆ دەبێ ئەوسا لە ناو گومەزەکە نەخنکێم کە هیچ بای پاکی
لە زارکی گەنیو نایەتە ژوورەوە.
ئیتر پێش ئەوەی رۆمیۆ بێ، لەوێ بخنکێم و بمرم؟!
ئەگەر نەمرم و بشمێنم، لەگوێن نییەکە بیرۆکەی مەرگ و شەو،

لەگەڵ تۆقینی شوێنەکە ــــــ

واتە: گومەزەکە، گۆڕخانە دێرینەکە، کە چەندەها ساڵە، ئێسك و پرووسکی کاڵ و باپیرانمی تیا کەوتۆتە سەر یەك، ئەو شوێنەی تیبۆلتی خەڵتانی خوێن تازە خراوەتە گۆڕو خەریکە لە ناو کفنەکەی دادەڕزێ.

وەك دەڵێن ئەو شەوەی کە شەو رادەکشێ، خێوی شەو بێی وەر دەکەن - ئای هاوارتە لە منێ!! قەت نەشێ ئاوا زوو لە ناو ئەو بۆن بۆگەنییە بەخەبەر بێمەوەو وەکوو دار ماندرۆگۆرا کەلە زەوی ریشەکێش کرابێ، ئاوها بە جۆرێ بقیژێنم کە هەر زیندەوەرێك گوێی لێ بێ، شێت ببێ ــــ.

ئۆی! ئەگەر بە خەبەریش بێمەوە، ئاخۆ دەبێ شێت نەبم کە دەورو بەرم ئەم هەموو ترسە نەپەنییە بێ؟

شێتانە یاری بە ئێسك و پرووسکی باب و باپیرانم بکەم؟و تیبۆلتی زامدار لەناو کفنەکەی دەرکێشمە دەرەوەو لە تووڕەییان، مێشکی نائومێدم وەکوو تۆبز بە ئێسکی زلی خزمێکم بپژێنم.

ئۆی! سەیر کە! ئەوەتا رۆحی خزمەکەم دێتە بەرچاوم بە دوای رۆمیۆدا دەگەڕێ کە بە نووکی شمشێرەکەی زەبرێکی کوشندەی لێداوە.

راوەستە تیبۆلت، راوەستە!!

رۆمیۆ، وا هاتم ها ئەمە بۆ تۆ دەخۆمەوە.

(بەردەبێتەوە ناو جێ)

# دیمەنی چوارەم

(هۆڵی ماڵی کاپولێت)

(خانمی کاپولێت و دایەن دێنە ژوورەوە)

خانمی کاپولێت: ها! ئەم کلیلانە بگرە، هێشتا بەهارات بێنە، دایەن!

دایەن: لە کێکخانە داوای خورماو بەهێ دەکەن.

(کاپولێت دێتە ژوورەوە)

کاپولێت: بجوولێن، بجوولێن، بجوولێن.

کەڵەشێری دووەم بانگی داوەو زەنگی کەنیسە لێی داوە. سەعات سێیە!

چاوت لە گۆشتی برژاو بێ!

فریشتەی ژیکەلە، گوێت لێ نەبێ چەندی تێ دەچێ!؟

دایەن: برۆ، شاژنی کووخێ (سەرقاڵ)، برۆ بخەوە.

بێ شك سبەی نەخۆش دەکەوی لەبەر ئەوەی ئەم شەو هیچ نەنووستووی، کاپولێك: نەخێر، هەرگیز! چی؟

جاری وا بووە شەو تا بەیانی بۆ شتی لەمە بێ نرختریش ئێشکەم گرتووەو نەخۆشیش نەکەوتووم.

خانمی کاپولێت: بەڵێ، تۆ کاتی خۆی چاوت دەگێڕاو راوە ژنت دەکرد.

بەڵام ئێستا من چاوەدێری ئەو چاوگێڕانەت دەکەم.

(خانمی کاپولێت و دایەن دێنە ژوورەوە)

کاپولێت: ئای، پیرەژنی دڵپیس!! پیرەژنی دڵپیس!!

(سێ چوار نۆکەر دێنەژوورەوە شیشەو گزرەدارو سەبەتەیان پێیە)

کورە، کابرا ئەوە چیە؟

نۆکەری یەکەم: پێویستیی چێشت لێنانە گەورەم، بەڵام نازانم چییە؟

کاپولێت: دە زووکە، زووکە!

(نۆکەری یەکەم دەچێتە دەرەوە)

کورە، گزرەداری وشکتر بێنە. بانگی پیتەر کە، ئەو نیشانت دەدا لە کوێیە.

نۆکەری دووەم: گەورەم خۆم مێشکم لەسەرداهەیە، گزرەدارەکەم پێ دەدۆزرێتەوە، هەرگیز پیتەر بەم شتانە سەخڵەت ناکەم.

(دەچێتە دەرەوە)

کاپولێت: سوێندم بە دوعا و پاڕانەوە، باشت گوت!

دەبی بە گەلۆر!

وای خوایە! ئەوە رۆژ هەڵات.

هەر ئێستا کۆنت بە خۆو بە مۆسیقاوە دێ.

خۆی گوتی دێم. گوێم لێیە وا نزیك دەکەوێتەوە.

(دەنگی مۆسیقا لە ژوورەوە دێ)

دایەن! ئافرەت! هۆ! کێ لەوێیە؟ ئەوە چییە دایەن، دەڵێم.

(دایەن دێتە ژوورەوە)

بڕۆ جولێت بە خەبەر بێنە! بڕۆ جلی بکە بەرو بیخەملێنە!

منیش دەچم قسە لەگەڵ پاریس دەکەم.

لەز کە بلەزینە.

دەی خێراکە زاوا هاتووە.

دەڵێم خێراکە!

(دەردەچێ)

CamScanner

# دیمەنی پێنجەم

(ژووری جوولێت)

(دایەن دێتە ژوورەوە)

دایەن: خانم، هۆ خانم! هۆ جولێت خان!

لێم مسۆگەرە خەوێکی گرانی لێ کەوتووە.

های بەرخوڵە! های خانم! کچێ، هەی تەوەزەل، عەیبە!

ئەوە چیتە گیانە! دەڵێم.کچێ خانم، بەدەزگیران! های بووکە خان، چیتە!؟

[ ئەوە چیتە هیچ قسە ناکەی؟ ئێستا مافێکی کەمی خۆت وەردەگری.

یەك حەفتە بخەوە.

کۆنت (پاریس) بۆ خۆی حەساوەتەوە بەڵام شەرت بێ شەوی دادێ، لێ ناگەڕێ تۆ هەناسەت بێتەوە بەر، خوایە لێم نەگری!! ]

سوێندم بە مێرەم و ئامینیش.

خەوێکی چەند قووڵی لێ کەوتووە!

دەبێ بە خەبەری بێنم: خانم! خانم! خانم!!

باشە، با کۆنت خۆی بێ لە ناو جێ دەرت بێنێ.

بە راستی دەتتۆقێنێ، وا نییە؟!

(پەردە لادەدا)

ئای! ئەوە چییە؟ جل و بەرگت کردۆتە بەر؟

بە جل و بەرگەوە نووستووی؟

دەبێ بە خەبەرت بێنم: خانم! خانم! خانم!!

ئاخ! ئاخ! هاوارە! هاوارە!خانمەکەم مردووە!!

ئایش!! نەفرەت لە ڕۆژی وا!! خۆزی بە خۆزیداران هەر لە دایك نەبوومایە!!

چۆرە ئاوێکی ژیان (براندی)، هۆ، خودانەکەم! خانمەکەم!

(خانمی کاپولێت دێتە ژوورەوە)

خانمی کاپولێت: ئەوە چ قەپ و قیرو هەراو هۆریایەکە؟

دایەن: ئای لەو ڕۆژە ڕەش و خەفەتخانە!

خانمی کاپولێت: چییە؟ چ بووە؟!

دایەن: سەیر کە! سەیر کە! ئای لەو ڕۆژە ڕەشە!

خانمی کاپولێت: ئای لە خۆمێ! ئای لە خۆم سەر بە هەشێ!

ئای ڕۆڵە، تاقانەی ژیانم! مەمرە، زیندوو بەرەوە، چاوت بکەوە!

ئەوەك منیش لەگەڵت دەمرم!

هاوارە! هاوارە! هاوار کەن.

(کاپولێت دێتە ژوورەوە)

کاپولێت: عەیب و شوورەییە! جولێت بێنن. سەردارەکەی هاتووە.

دایەن: جولێت مردووە، نەماوە، مردووە! ئاخ لەو ڕۆژە!!

خانمی کاپولێت: ئاخ لەو ڕۆژە! (جولێت) مردووە، مردووە، مردووە!!

کاپولێت:چ!؟ چ!؟ لاکەون با تەماشای بکەم: ئێوە بڕۆنە دەرەوە.

ئای های!! سارد ساردە، خوێنی ڕاوەستاوە.جومگەکانی ڕەق بوونە!

له مێژه ژیان لەم لێوانەی جیابۆتەوە.

چۆن خووسی ناوەخت دەکەوێتەسەر گوڵی جوانی سەراپای

گوڵزار، ئەویش ئاوها مەرگی بەسەردا کشاوە.

دایەن: وای رۆژێکی بە خەم و خەفەتە!!

خانمی کاپولێت: ئاخ لەم رۆژگارە غەمبارە!!

کاپولێت: مەرگ بردی بۆ ئەوەی من بخاتە گریان، زمانی بەستووم

و لێ ناگەڕێ قسە بکەم.

(قەشە لۆرەنس و پاریس و سازندەکان دێنە ژوورەوە)

قەشە لۆرەنس: ئەرێ، بووك ئامادەیە بچێتە کەنیسە؟!

کاپولێت: ئامادەیە بچێ، بەڵام گەڕانەوەی بۆ نییە.

رۆڵە! شەوی پێش رۆژی زەماوەندت، مەرگ لەگەڵ ژنەکەت

نووستووە.

ئەوەتا (ژنەکەت) لەوێ ڕاکشاوە.

جولێت کە دەتگوت گوڵە گوڵ، کەچی مەرگ لە گوڵێتی خستووە.

مەرگ زاوای منە، مەرگ میراتگری منە!

مەرگ زەماوەندی لەگەڵ کچەکەم کردووە.

من دەمرم و هەموو شتێ بۆ ئەو جێ دێڵم:

ژیان، گوزەران، هەمووی هی مەرگە!

پاریس: چەند بە تاسووقەوە بووم روخساری ئەم بەیانییە ببینم،

کەچی ئەو دیمەنێکی وەکوو ئا ئەمەم پێشان دەدا.

خانمی کاپولێت: ئەی رۆژی نەفرەتی و ناخۆشی و رق وکلۆلیی!

ئەمە سەختترین و ناخۆشترین ساتە، رۆژگار لە گەشتی پڕ رەنج

و تەقەلای، بە خۆیەوە دیبێ.

تەنیا یەك، یەك منداڵی نازیزو كڵۆڵ! كڵۆڵ!

تاكە شتێ كە دڵم پێ خۆش بێ و نۆخەی لێ بكەم!

ئەویش مەرگی دڕندە لە پێش چاوی لابردم.

دایەن: ئای لەو ڕۆژە بە خەمە! بە خەمە! بە خەم و خەفەتە!!

ڕۆژی هەرە بە خەم و خەفەت! ڕۆژی هەرە بە خەم و خەفەت!!

كە تا ئێستا دیبم!!

تا ئێستا هەرگیزاو هەرگیز ڕۆژی وا غەمبارم نەدیوە! ڕۆژی وا خەفەتخانم نەدیوە!

ئای لەو ڕۆژە! ئای لەو ڕۆژە پڕ ڕق و قینە!!

قەت كەس ڕۆژی وا ڕەشی نەدیوە!

ئای لەو ڕۆژە بە خەمە! وای لەو ڕۆژە بە خەمە!!

پاریس: ئای خاپاو، دابڕاو، زۆر لێكراو، پێكراو كوژراو خۆم!

ئەی مەرگی كرێت و نگریس! تۆ تەفرەت داوم!

دڕندەیی، دڕندەیی تۆ پساندوومی!

هۆ خۆشەویستەكەم! هۆ ژیانەكەم!

نا، ژیان نا، بەڵكوو ئەوینی ناو مەرگ!

كاپولێت: وای ڕسوا، عەبرە، ڕق لێ گیراو،شەهید، كوژراو، خۆم!

ئەی ڕۆژگاری تەنگ و ناخۆش، بۆ ئێستا هاتووی بۆ ئەوەی زەماوەندەكەمان لێ تێك بدەی، تێك بدەی!؟

ئای ڕۆڵە، ڕۆڵە!! ئای ڕۆحەكەم، نەك ڕۆڵەكەم.

ئەوە تۆ مردووی!؟

ئاخ، رۆڵەکەم مردووە، هەموو خۆشی و شادیشم لەگەڵ رۆڵەکەم

نێژراوە!

قەشە لۆرەنس: عەیبە، کرپبنەوە.

ئاژاوە، بەم ئاژاوەیە چارەی ناکرێ.

ئەم خانمە جوانە بەشی ئێوەو بەشی ئاسمانیش بوو، ئەوا ئاسمان

هەمووی بۆخۆی برد.

ئەمە بۆ خانم باشتریشە!!

ئێوە نەتانتوانی بەشەکەی خۆتانی  لە مردن بپارێزن.

بەڵام ئاسمان بەشەکەی خۆی لە ژیانی جاویدانی دەپارێزێ.

ئێوە هەوڵی گەورەتان بۆ ئەوە بوو لە رووی کۆمەڵایەتی بەرز

بێتەوە، بەوە شادو دڵخۆش بوون کە ئەو پێش بکەوێ.

لە هەوران تێپەڕێنێ و بەقەد ئاسمان بەرزبێتەوە.

ئۆی، ئێوە لەم خۆشەویستییەدا، ئێوە منداڵی خۆتان بە خراپی

خۆش دەوێ.

کە دەبینن باشە، خەریکە شێت دەبن!

ئەو ژنەی ماوەیەکی زۆر لەگەڵ مێردەکەی بژی، شووکردنەکەی

باش نییە، ئەو ژنەی دوای شووکردن زوو بمرێ، شوویەکی باشی

کردووە.

فرمێسکتان بسڕنەوە، (رۆزمەری)تان لەسەر ئەم جەنازە نازدارە

دانێن!

بەپێی داب و دەستووریش، بە جل و بەرگی هەرە پۆشتەوە

بیبەنە کەنیسە.

چونکە هەرچەندە هەموومان سروشتی خۆشەویستمان فەرمانمان پێ دەکا بگرین، لەگەڵ ئەوەش دا، فرمێسکی سروشت گاڵتەیە بۆ پیاوی ئاقل!.

کاپولێت: هەر چی بۆ ئاهەنگ ئامادەمان کردبوو، مەبەستەکەی گۆڕاوەو بۆ جەنازەی ڕەشی بەکاردێ.

ئامێری مۆسیقا دەبێ بە زەنگی ناخۆشی، بەزمی خۆشی زەماوەندمان دەبێ بە شین و شەپۆڕی جەنازە ناشتن، گۆرانی سەنگینمان دەبێ بە سەردوولکەی خەمگین، گوڵی بووکێنیمان دەبێ بە چەپکی سەر جەنازە!

هەموو شتێ بە پێچەوانەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە!

قەشە لۆرەنس: جەناب تۆ بڕۆ ژوورەوە. خانم تۆش لەگەڵی بچۆ. (پاریس)، جەناب، تۆش بڕۆ.

هەموو خۆتان ئامادە کەن بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم جەنازە نازدارە بچنە سەر گۆڕەکەی.

ئاسمان، نەختێ خراپ ڕووتان لا گرژ دەکا.

بە ناشوکری کردن، زیاتر مەیورووژێنن!

(کاپولێت و خانمی کاپولێت و پاریس و قەشە دەچنە دەرەوە)

سازندەی یەکەم: هەر بەراستی پێویستە ئێمە ئامێرەکانمان بخەینە لاوەو بڕۆین.

دایەن: ئۆی مێرخاس و بەڕێزینە، ئۆی، ئامێرەکانتان بخەنە لاوە، بخەنە لاوە!!

چونکە خۆتان باش دەزانن ئەمە حاڵەتێکی چەند ناخۆشە!

(دەچێتە دەرەوە)

سازندەی یەکەم: بەڵێ، بە ڕاستی، دەشێ حاڵەتەکە چاك بکرێ.

(پیتەر دێتە ژوورەوە)

پیتەر: سازندەینە، هۆ سازندەینە! (ئارامی گیان)، (ئارامی گیان) لێدەن.

ئۆی ئەگەر دەتانەوێ نەمرم، (ئارامی گیان) لێدەن.

سازندەی یەکەم: بۆچی (ئارامی گیان)؟!

پیتەر: ئۆی سازدەینە، چونکە من دڵم (دڵم پڕ خەمە) دەژەنێ.

ئۆی ئاوازێکی خەمگینی خۆشم بۆ لێدەن، بۆ ئەوەی دڵم ئۆخژنی بێ.

سازندەی یەکەم: ئێمە گۆرانی خەمگین لێ نادەین. ئێستا کاتی مۆسیقا لێدان نییە.

پیتەر: کەواتە مۆسیقا لێ نادەن؟

سازندەی یەکەم: نەء!

پیتەر: کەواتە بە توندی لەگەڵتان دەجوولێمەوە، بە توندی دەتاندەمێ.

سازندەی یەکەم: چۆن لەگەڵمان دەجووڵێیتەوە؟ چیمان دەدەیتێ؟

پیتەر: بە شەرەفم، پارە نا! گلەو بناشت، پێتان دەڵێم شایەر.

سازندەی یەکەم: منیش پێت دەڵێم (نۆکەر).

پیتەر: ئەوسا منیش خەنجەری نۆکەریت لەسەر سەر دادەنێم.

من بەرگەی هیچ شتی پڕوپوچ (کرۆش) ناگرم!

دەتان کەم بە (ڕێ). دەتان کەم بە (فا). گوێت لێمە؟

سازندەی یەکەم: دەمانکەی بە(ری)، دەمانکەی بە(فا)؟ دەمانکەی بە نۆتە؟

سازندەی دووەم: تکایە خەنجەرەکەت بنێ لاوەو مێشکت بمرێنە.

پیتەر: ئەوسا بە مێشکم بۆتان دێم، بە مێشکی ئاسن زەبرتان لێ دەدەمو.

خەنجەرە ئاسنەکەم دەنێمە لاوە.

وەك پیاو وەڵامم بدەنەوە.

کە خەمی گران دڵ بریندار دەکاو رۆحی غەمبار فشار بۆ مێشك دێنێ، ئەوسا مۆسیقا بە دەنگی زیوینی خۆی ——

بۆچی (دەنگی زیوین)؟ بۆچی (مۆسیقا بە دەنگی زیوینی خۆی)؟

تۆ چ دەڵێی، سیمۆن کاتلینگ؟

سازندەی یەکەم: جەناب، بە مێردم، لەبەر ئەوەی زیو دەنگێکی خۆشی هەیە.

پیتەر: تۆ چ دەڵێی، هاف ریبیك؟

سازندەی دووەم: دەڵێم (دەنگی زیو)چونکە سازندەکان بۆ زیو مۆسیقا لێ دەدەن.

پیتەر: ئەوەش جوانە! تۆ چ دەڵێی، جیمز ساوندپۆست؟

سازندەی سێیەم: بە راستی نازانم چ بڵێم!

پیتەر: داوای بوردن دەکەم. تۆ گۆرانیبێژەکەی؟ من لەباتی تۆ وەڵام دەدەمەوە.

ئەمە دەڵێن: (مۆسیقا بە دەنگی زیوینی خۆی)، چونکە سازندەکان بەرامبەر بە مۆسیقا لێدان زێڕ وەرناگرن.

(ئەوسا بە دەنگی زیوینی خۆی بە هاوکاری خێرای ئەمە ڕاست دەکاتەوە!)

دەچێتە دەرەوە

سازندەی یەکەم: ئەم کابرایە خوێڕییەکی چەند ئاژاوەگێڕە!!

سازندەی دووەم: دەك لەعنەتی لێدا، بۆرە پیاو!

وەرە بچینە ژوورەوە. چاوەڕێی شینگێڕەکان دەکەین و بۆ فراوین دەمێنینەوە.

(دەچنە دەرەوە)

# بەشی پێنجەم

## دیمەنی یەکەم

(مانتوا. سەر شەقامێك)

(رۆمیۆ دێتە ژوورەوە)

رۆمیۆ: ئەگەر بشێ بڕوا بە خەونی خۆش بکەم خەونەکەم

پێشبینییە بۆخەبەرێکی نزیك.

سەروەری سینەم بە شادی چۆتە سەر تەخت!

ئەمرۆ هەموو ئەمرۆ رۆحێکی نائاسایی بە بیرو خەیاڵێکی

خۆشەوە لەسەر زەوی بەرزم دەکاتەوە.

لە خەودا دیم: خاتوونەکەم هات و دیتی مردووم ــــ

- خەونێکی سەیرە، سەیرە مردوو لە خەون بیر بکاتەوە ــــ

بە ماچان هەناسەی ژیانێکی وای فوو کردە لێوەکانم، زیندوو

بوومەوەو بووم بە شاهنشا.

وای لە منێ!

کە خەونی سایەی ئەوین وا پڕ خۆشی بێ ئەی ئەڤین خۆی دەبێ

چەند خۆش بێ بۆ یەکێ هەیبێ؟!

(بەلتەزار دێتە ژوورەوە، جزمەی سواری لە پێیە)

بەلتەزار، دەنگ و باسی (ڤیرۆنا) چ هەیە؟

نامەی قەشەت بۆنەهێناوم؟

خاتوونەکەم چۆنە؟ ئەی باوکم؟! خۆ سەلامەتە؟

دووبارەی دەکەمەوە: جولیێتەکەم چۆنە؟
ئەگەر ئەو باش بێ، نابێ هیچ شتێ خراپ بێ.
بەلتەزار: ئەو باشەو کەواتە هیچ شتێ نابێ خراپ بێ!
جەنازەکـەی لـە گۆڕخانـەی مـاڵی کاپولێـت خـەوتووە، ڕۆحی نەمریشی لەگەڵ فریشتان دەژی.
دیـم دایـان هـێلا نـاو گومـەزی گۆڕخـانی کـەس و کـاری یەکسەر ئەسپی بەریدم گرت و هاتم خەبەرت بدەمێ.
ئۆی، ببوورە کە ئەو خەبەرە ناخۆشەم بۆ هێناوی.
ئاخر خۆت ئەم ئەرکەت پێ سپارد بووم، جەناب.
ڕۆمیۆ: بڵێ ئاوایە!! کەواتە ئەی ئەستێرە ینە، بە گژتان دا دێم!
تۆ ماڵەکەم پێ دەزانی؟ بڕۆ کاغەزو مەرەکەبم بۆ بێنـەو ئەسپی بەرید بە کرێ بگرە. هەر ئەم شەو لێرە بەرێ دەکەوم.
بەلتەزار: تکات لێ دەکەم، گەورەم، دان بە خۆت دا بگرە.
ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە ڕووت تێکچووەو شێوەت کارەساتێکی پێوە دیارە.
ڕۆمیۆ: پیاح!! بە هەڵە داچووی.
واز بێنە. چیم پێ گوتی بڕۆ وا بکە.
هیچ نامەی قەشەت بۆ نەهێناوم؟!
بەلتەزار: نەخێر ئاغای گەورەم!
ڕۆمیۆ: گرنگ نییە. تۆ بڕۆ، ئەو ئەسپانە بە کرێ بگرە.
منیش هەر ئێستا یەکسەر دەتگەمێ.
(بەلتەزار دەچێتە دەرەوە)

ئێ جولێت خان، من ئەم شەو لە تەك تۆدا رادەكشێم.

با بزانین چ بكەین؟!

ئای كلۆلی، چەند بە چوستی دەخزێیتە ناو بیرو خەیاڵی پیاوی نائومێد!!

دەرمانسازێكم لە بیرە ــــــ

ماڵی لەم دەورو بەرەیە، كە بەم دواییە دیم، بە برۆی پەیوەست و جلی شڕو وڕ، گیای دەرمانی كۆ دەكردەوە.

دەم و چاوی لەڕو لاواز بوو، بەدبەختی سەخت تا سەر ئێسقان دایڕزاند بوو.

كیسەڵێك و پێستە نەهەنگێكی مۆمیاكراوو پێستەی تری ماسی شێواو بە دوكانە شڕەكەی هەڵواسرا بوو.

ژمارەیەك باولی بەتاڵ و گۆزەی گڵێنەی سەوزو دەبدەبەو تۆوی گەنیو و پارچە قەنناب و تۆپەڵە پەلكە گوڵی كۆن وەكوو پێشانگا لێرەو لەوێ تاك و تووك، بڵاو ببوونەوە.

كە دیم وا دەستكورتە، لە دڵی خۆم دا گوتم: ئێستا ئەگەر یەكێ پێویستی بە ژەهر بێ، (هەر چەندە ئەوەی لە (مانتوا) ژەهر بفرۆشێ، یەكسەر سزای مردنە، ئا ئەم كابرا كلۆڵە پێی دەفرۆشێ.)

من هێشتا پێویستم بە ژەهر نەبوو، ئەم بیرەم لێ كردبووەوە.

هەر ئەم كابرا دەستكورتە پێم دەفرۆشێ!

وەكوو لە بیرم بێ، دەبێ ئەمە ماڵەكەی بێ.

ئەمڕۆ پشووە ئەم سواڵكەرە دوكانەكەی داخستووە.

هۆ، دەرمانساز، هۆ

(دەرمانسازەکە دێتە ژوورەوە)

دەرمانساز: ئەوە کێیە، وا بە قایم هاوار دەکا؟

رۆمیۆ: کابرا وەرە ئێرە. دەبینم تۆ بابایەکی دەستکورتی.

ها ئەوە چل (دەکەت)، (درەم) ێك ژەهرم بدەری.

مادەیەك بێ وا خێرا کاری خۆی بکا، هەر زوو بەناو هەموو دەمارەکان دا بلاو ببێتەوەو ئەوەی لە ژیانی خۆی بێزار بێ و بیخواتەوە، دەست بەجێ بیکوژێ و جەستەی هەناسەی لەبەر ببڕێ.

بارووتی گڕگرتوو چۆن بە خێرایی لە لوولەی تۆپ دەردەپەڕێ، ئەویش ئاوها کاری خۆی بکا.

دەرمانساز: من ئەم جۆرە دەرمانە کوشندەیەم هەیە، بەلام بە پێی یاسای (مانتوا)، ئەوەی مامەڵەی پێ بکا، سزای مردنە.

رۆمیۆ: تۆ خۆت ئەوەندە رووت و رەجاڵی و لە مردنیش دەترسی؟!

سەیر کە برسێتی بە رووتەوە دیارەو ستەم و پێویستی چاوەکانی داگرتووی و سواڵ و چرووکیی لە پشتی داوی.

نە دنیاو نە یاسای دنیا لای تۆ نین، دنیا هیچ یاسایەکی وای تێدا نییە تۆ پێی دەوڵەمەندبی.

خۆت بە دەستکورتی مەهێڵەوە، ئەو یاسایە بشکێنەو ها، ئەمەم لێ وەربگرە.

دەرمانساز: کە قبوولی دەکەم لەبەر هەژارییە نەك بە ئارەزوو.

رۆمیۆ: منیش پارەکە بە هەژاریت دەدەم نەك بە ئارەزووت.

دەرمانساز: ها ئەمە بگرە، لە هەر شەربەتێکی بکە کە خۆت



CamScanner

دەتەوێ و بیخۆڕەوە.

ئەگەر تاقەتی بیست مرۆشت هەبێ، یەکسەر دەتکوژێ.

رۆمیۆ: هانێ، زێڕەکەت.کە لە ژەهر خراپترە بۆ رۆحی مرۆڤ.

کوشتارێکی زیاتر لەم دنیا رزیوە دەنێتەوە.

لەم گیراوە سادەی کە تۆ نابێ بیفرۆشی!

ئـەوە مـنم ژەهــر بــە تــۆ دەفرۆشـم، تــۆ چ ژەهــرت بـە مـن

نەفرۆشتووە.

خوا حافیز! بۆ خۆت خواردن بکڕەو خۆت قەڵەو کە.

تۆش کـە دەرمـانی شـەنگ و تاقـەتی، نـەك ژەهـر، وەرە بتبـەم،

بچینە سەر گۆڕی جولیێت، دەبێ لەوێ بەکارت بێنم (بتخۆمەوە)!

(دەچێتە دەرەوە)

# دیمەنی دووەم

(کونجی قەشە لۆرەنس)

(قەشە (جۆن) دێتە ژوورەوە)

قەشە جۆن: هۆ قەشەی فرەنسیسکایی موبارەك! هۆ برا!

(قەشە لۆرەنس دێتە ژوورەوە)

قەشە لۆرەنس: ئەم دەنگە دەبێ دەنگی قەشە جۆن بێ!

بەخێر بێیتەوە لە (مانتوا). رۆمیۆ چ دەڵێ؟

یان ئەگەر بە نووسین مەبەستی خۆی دەربڕیوە، بێنە نامەکەیم بدەرێ.

قەشە جۆن: چووم برایەکی پێ پەتی خۆمانەی سەر بە رێبازەکەمان بدۆزمەوە کە لەم شارە سەردانی نەخۆشانی دەکرد بۆ ئەوەی لەگەڵم بێ، دۆزیمەوە، بەڵام پۆلیسەکانی شار گومانیان لێ کردین لە ماڵێکی بە درم و پەتا بین.

ئیتر دەرگایان لەسەر گارەداین و لێ نەگەڕان بێینە دەرەوە.

بەم جۆرە هەڵپەو پەلە کردنم بۆ (مانتوا) لەوێ زیاتری نەبڕی.

قەشە لۆرەنس: ئەی کێ نامەکەی منی گەیاندە رۆمیۆ؟

قەشە جۆن: کەس. من پێم نەکرا بۆی رەوان بکەم – ئەوەتا هێناومەتەوە - ترسی پەتاکە وا دایگرتوون، هیچ تەتەرم دەست نەکەوت بۆت بنێرمەوە.

قەشە لۆرەنس: بە برایەتیمان (بە مەزنی پیرۆزم)، ئەمە بەدبەختییەکی گەورەیە.

نامەکە هەروا شتێکی بێ نرخ نەبوو، پڕ شتی گرنگ بوو کە چارەنووسی گرنگیان بە دەمەوە بوو.

لەوانەیە پشت گوێ خستنی زۆر مەترسی تێدا بێ.

قەشە جۆن، تۆ بڕۆ، بارییەیەکم بۆ پەیدا کەو یەکسەر بیهێنە کونجەکەم.

قەشە جۆن: باشە برام، وا دەچم بۆت دێنم.

(دەچێتە دەرەوە)

قەشە لۆرەنس: دەبێ ئێستا بە تەنیا بچمە گۆڕخانە.

تا سێ سەعاتی تر جولیێتی نازدار بە هۆش خۆی دێتەوە.

زۆر نەفرەتم لێ دەکا کە رۆمیۆ لەم رووداوە ئاگادار نەکراوەتەوە!

بەڵام من جارێکی تر بۆ مانتوا دەنووسم و تا رۆمیۆ دێ، جولیێت لە کونجەکەی خۆم گل دەدەمەوە.

ئای لاشەی زیندووی بەدبەخت!! لە ناو گۆڕی مردوان نراوی!!

(دەچێتە دەرەوە)

# دیمەنی سێیەم

(حەوشەی کەنیسەیەك، گۆڕخانەی ماڵی کاپولێت)

(پاریس دێتە ژوورەوە، پیاوەکەی لەگەڵ دایە کە هەندێ گوڵ و چراوگێکی پێیە)

پاریس: کورە چراوگەکەتم بدەرێ. خۆشت برۆ لەولاوە بوەستە.

بیکوژێنەوە، نامەوێ کەس بمبینێ!

برۆ لە ژێر ئەو دارنارەوەنەی ئەوێ یەك بە لاتی راکشێ.

باش گوێت بە زەوی هەلۆڵەوە بنێ، هەرکەسێ پێ باوێتە ناو حەوشەی کەنیسە کە لەبەر گۆڕلێدان شل و خاو بۆتەوە، تۆ گوێت لێ دەبێ!

ئەوسا فیکەیەکم بۆ بکە. ئەمە نیشانە بێ کە گوێت لێ بوو شتێ نزیك بۆتەوە.

بێنە، ئەو گوڵانەم بدەرێ.

برۆ، چیم پێ گوتی وا بکە.

پیاوەکە (روو دەکاتە ئەولاوە): دەترسم بە تەنیا لێرە، لە حەوشەی کەنیسە بوەستم، لەگەڵ ئەوەش دا ئەم گیانبازییە دەکەم.

(دەکشێتەوە)

پاریس: گوڵی جوان، گوڵ بەسەر نوێنی بووکێنیت وەردەکەم.

ئاخ! حەیف!! کە چەتری سەرت بەردو خۆڵە- بە شێر ناو

دەیڕشێنم.
ئەگەر ئەوەش نەبوو، بەو فرمێسکانەی بە دەم ناڵەوە هەڵیان دەڕێژم، شەوانە شینت بۆ دەگێڕم، دەگریم و گوڵ بەسەر گۆڕت وەردەکەم!

(پیاوەکە فیکەیەك دەکا)

ئەوە کوڕەکەیە ئاگادارم دەکاتەوە، بێ شك شتێ نزیك کەوتۆتەوە.

ئەمە چ کەسێکی نەفرەتییە ئەمشەو بێرەدا دەسووڕێتەوە، دابی جەنازەو ویردی خۆشویستیی راستەقینەم لێ تێك دەدا؟!

چی! بە چراوگەوەش!! ئەی شەو، نەختێ، بمشارەوە!!

(دەکشێتەوە)

(رۆمیۆ بەلتەزار بە چراوگ و باریە و...... دێنە ژوورەوە)

رۆمیۆ: ئەو کوڵنگ و باریەیەم بدەرێ.

ها، ئەم نامەیە بگرە. بەیانی زوو، بیدەرە سەروەرو باوکی رۆحیم.

چراوگەکەم بدەرێ.

ئەوە پێت دەڵێم: هەرچی دەیبیسی و دەیبینی، خۆتی لێ دوورخەوە! ئیشەکەم لێ تێك مەدە، نەوەك دەتکوژم! ها!!

من بۆ ئەوە دادەبەزمە ناو ئەم لەغەمی مەرگە تاسەرنجێ لە روخساری خانمەکەم بدەم.

بەلام ئامانجی سەرەکیم ئەوەیە: ئەڵقەیەکی بە قیمەتی لە پەنجە دایە، دەری دێنم ئیشێکی گرنگم پێیە.

جا ئێستا تۆ لێرە برۆ.

بەلام ئەگەر مەراق بکەیت و بگەڕێیتەوەو چاوەدێرم لەگەل بکەیت بۆ ئەوەی بزانی چ دەکەم، سوێندم بەخوا جومگە جومگە لێکت هەلدەپچڕێنم و پەل و پۆت بەم ناو ئەم حەوشە برسییەیەی کەنیسە وەردەکەم.

ڕۆژگارو نیازەکانم دڕندەن لە پلنگی برسی و دەریای هارو هاج زۆر ڕەق و بێ بەزەییترن.

بەلتەزار: گەورەم، من وا دەڕۆم. سەخلەتت ناکەم.

ڕۆمیۆ: بەمەوە برادەرایەتی خۆت بۆ من دەسەلمێنی.

ها، ئەمە بگرە بۆ خۆت.

هەر بژی و هەر خۆش بی!

خوا حافیز کوڕی باش.

بەلتەزار:(ڕوو لەو لاوە) سەرەڕای ئەمەش خۆم لەو ناوە دەشارمەوە.

لە چاوی دەترسم و گومانم لە نیازی هەیە.

(دەکشێتەوە دواوە)

ڕۆمیۆ: تۆ، هەی ورگی قیزەوەن. پزدان و زامالی مەرگ!!

تۆ ئازیزترین پارووی زەویت قووت داوە.

بە خورتی کارێژی ڕزیوت لێك هەلدەپچڕێنم و بە زۆردارەکی، خواردنی تری تێ دەپەستم.

(گۆڕەکە دەکاتەوە)

پاریس: ئۆی ئەمە ئەو مۆنتیاگۆ بوغراو دوورخراوەیەیە کە ئامۆزای خۆشەویستەکەی کوشتم و ئەو کچە نازدارەش لە خەفەتی

ئەوەوە وەزگی دا.

ئێستاش هاتووە جەنازەی مردووەکان هەتك بکا.

دەبێ دەستگیری بکەم.

(دێتە پێشەوە)

مۆنتیاگیۆی بەدکار، دەست لەم کارە ناموبارەکەت هەلگرە!

لە مردن کوێوە؟ تۆڵەی لەوەش زیاتر؟!

هەی خوێڕی نەفرەت لێ کراو! دەبێ دەستگیرت بکەم.

یاللا بە گەڵم کەوە.

تۆ دەبێ بمری!

رۆمیۆ: بە راستی دەبێ بمرم. هەر بۆ ئەوەش هاتوومەتە ئێرە.

گەنجۆ، کوڕی باش. پیاوی نائومێد مەورووژێنە!

زوو بۆ خۆت بڕۆو وازم لێ بێنە.

بیر لەم مردوانە بکەوە. دەرسیان لێ وەبگرە.

تکات لێ دەکەم لاوۆ، تووڕەم مەکەو گوناهێکی ترم مەخەرە

ئەستۆ.

تکایە بۆ خۆت بڕۆ.

بە خوا تۆم لە خۆم خۆشتر دەوێ.

ئەوەتا هاتوومەتە ئێرەو چەکم دژی خۆم هەلگرتووە.

لێرە مەمێنە. بڕۆ.

بۆ خۆت بژی و پاشان بگێڕەوە کە شێتێ بەزەیی پێتا هاتەوەو

داوای لێ کردی را بکەی.

پاریس: من بە گژ تکاو پارانەوەکانت دادەچم!

لێرە وەکوو تاوانبارێك دەستگیرت دەکەم.

ڕۆمیۆ: ئەوە دەمورووژێنی؟

مادام وایە، کورە، ها بگرە.

(لێیان دەبێ بە شەڕ)

پیاوەکە: وای خوایە! ئەوە بەشەڕ دێن! دەچم بانگی پاسەوانان دەکەم.

(دەچێتە دەرەوە)

پاریس: ئای کوژرام!! (بەردەبێتەوە)

ئەگەر هیچ ڕوحمت لە دڵدایە، گۆڕەکە بکەوەو لە تەك جولیێت درێژم کە.

(دەمرێ)

ڕۆمیۆ: بە ڕاستی، وا دەکەم. با بە وردی سەیری ئەم دەم و چاوە بکەم.

ئۆی ئەمە خزمەکەی مێرکوشیۆیە، پاریسی کۆنت و خانەدانە!

ئەرێ کە سوار بووین، بێین، پیاوەکەم چی گوت؟

کە لە بەر شپرزەیی ڕۆحی خۆم گوێم نەدایێ؟؟

وا بزانم پێی گوتم پاریس بە تەمایە جولیێت بخوازێ.

ئەدی وای نەگوت؟ یان ئەمەم لە خەودا دی؟

یان من شێت ببووم کە باسی جولیێتی دەکرد، تا وای بۆ بچم.

ئای، بێنە دەستت بدە من. تۆش لەگەڵ من ناوت لە کتێبی بەدبەختی ڕەش نووسراوە!!

ئەی گەنجی کوژراو، لە ناو گۆڕێکی مەزن دەتنێژم.

گۆڕ؟!! نۆی! نا، نا، لە ناو چراخان.

ئاخر جولێت لێرە ڕاکشاوەو بە جوانی خۆی ئەم گومەزەی
کردۆتە ئاهەنگێکی پڕ روناکی.

ئەی مەرگ (پاریس)، تۆ لەوێ راکشێ، پیاوێکی مردوو تۆی
ناشتووە!

(پاریس لە ناو گۆڕەکە درێژ دەکا)

زۆر وابووە مرۆڤ لە سەرەمەرگا شادو کەیفخۆش دەبێ،
نەخۆشەوانەکان بەمە دەڵێن برووسکەی پێش مەرگ.

ئاخ چۆن بەمە بڵێم برووسکە؟!

ئای، خۆشەویستەکەم، هاوسەرەکەم!!

مەرگ کە هەنگوینی هەناسەی هەڵمژیوی، هێشتا دەرەقەتی
جوانیت نەهاتووە. تۆ نەبەزیوی.

لێوو کوڵمەت ئێستاش ئاڵای سووری جوانییان بەسەرەوەیە، هێشتا
ئاڵای زەردی مەرگ توخنی ئەوێ نەکەوتووە!

تیبۆلت، تۆش لەوێ لە ناو کفنی خوێناوی خۆت راکشاوی.

دەتوانم لەو چاکەیە زیاتر چیت لەگەڵ بکەم کە بەو دەستەیەی
گەنجێتی تۆی لەت کرد، گەنجێتی دوژمنەکەت لە ناو بەرم؟

بمبوورە ئامۆزا، ئاخ، جولێتی نازدار، چۆنە ئێستاش ئەوەندە
جوانی؟!

ئایا بڕوا بکەم کە تاپۆی مەرگ ئاشقەو ئەو جانەوەرە پەست و
تۆقێنەرە تۆی لێرە، لەم تاریکییە گل داوەتەوە بۆ ئەوەی بتکا بە
گراوی خۆی؟

هەر لە ترسی ئەوشە کە لە لات دەمێنمەوە، تازە جارێکی تر لەم کۆشکەی شەوی تار نارۆم.

هەر لێرە، لێرە، دەمێنمەوە.لەگەڵ ئەو کرمانەی بوونەتە قەرەواشی تۆ.

ئۆی بارگەی هەمیشەیی خۆم لێرە دادەکوتم، نیری نەستێرە نەیارەکان لەسەر ملی ئەم جەستە لەم دنیا بێزارە فڕێ دەدەم.

ئەی چاو! دوا سەرنجت (لە جولێت) بدە!

ئەوی بازوو! بۆ دوا جار باوەش (بە جولێت دا) بکە

ئەی لێو! تۆش کە دەرگای هەناسەی، بە ماچێکی تامەزرۆ پەیمانی هەمیشەیی مەرگی دڕندە دابخە!

وەرە ئەی مۆچیاری تفت و تاڵ! وەرە ئەی ڕێزانی بێ تام!

تۆش ئەی کەشتیوانی نائومێد، ئێستا یەکسەر کەشتی شەکەتیی لە دەریا بێزارت بازۆ بۆ سەر کەورو بەردی خۆراگر!!

ئەمەش بە یادی خۆشەویستەکەم.

(دەخواتەوە)

ئۆی دەرمانسازی ڕاستگۆ! دەرمانەکەت زۆر خێرا کار دەکات.

ئەوەتا بە دەم ماچێکەوە دەمرم.

(دەمرێ)

(لەو سەری حەوشەی کەنیسەوە، قەشە لۆرەنس بە چراو بارێەو کوڵنگەوە دێتە ژوورەوە)

قەشە لۆرەنس: یا پیر فرەنسیس فریام کەوە!

ئەم شەو چەند جار پێی پیرۆنەم لە قەبران هەڵەنگووتووە!!

ئەوە کێیە، لەوێ؟

بەلتەزار: منم، خۆییم، من باش تۆ دەناسم.

قەشە لۆرەنس: خوا خێرو بەرەکەتت بەسەردا ببارێنێ!

پێم بڵێ برادەری چاك: ئەوە ئەو چرایەی ئەوێ چییە؟

کە بێ هوودە روناکی خۆی بە کرم و کەللەی بێ چاو دەبەخشێ؟

وەکوو من ببینم، لە ناو گۆڕخانەی ماڵی کاپولێت داگیرساوە!

بەلتەزار: بەڵێ، وایە گەورەی موبارەکم.

ئاغای منیش لەوێیە کە تۆ خۆشت دەوێ.

قەشە لۆرەنس: (ئاغای تۆ) کێیە؟

بەلتەزار: رۆمیۆ.

قەشە لۆرەنس: ماوەی چەندە لەوێیە؟

بەلتەزار: نیو سەعاتی رەبەقە.

قەشە لۆرەنس: وەرە پێکەوە بچینە ناو ئەو گومەزە.

بەلتەزار: من ناوێرم، گەورەم.

ئاغاکەم وا دەزانێ من لێرە رۆیشتووم.

هەڕەشەی کوشتنی لێ کردم ئەگەر لێرە بمێنمەوەو بمەوێ بزانم

نیازی چی هەیە.

قەشە لۆرەنس: مادام وایە تۆ لێرە بمێنەوە. من بە تەنیا دەچم.

سامم لێ نیشتووە. زۆر لە بەدبەختییەکی گەورە دەترسم.

بەلتەزار: کاتێ کە لە ژێر ئەم دارنارەوەنەی ئێرە نووستم، خەونم

دی. کە ئاغاکەم و یەکێکی دی بەشەڕ هاتن و ئاغاکەم کابرای کوشت.

قەشە لۆرەنس: رۆمیۆ!

(دەچێتە پێش)

ئاخ! ئاخ! ئەو خوێنە چییە بەسەر بەردی کڵێسەی ئەم گۆڕەدا رژاوە؟!

ئەی ئەم شمشێرە بێ خاوەن و خوێناوییانە چین بە پەلە خوێنەوە لەم شوێنە لاشەرە کەوتوون؟!

(دەچێتە ناو گۆڕەکە)

رۆمیۆ؟! ئۆی رەنگ زەرد!! کێی تریش؟ ئەمە چییە؟ پاریسیش؟!!

خەڵتانی خوێنیشە!

ئای ئەمە چ ساتێکی سەخت و ناخۆشە تاوانی ئەم رووداوە غەمبارەی ناوەتەوە؟

وا خانم دەجووڵێتەوە.

(جولێت بە هۆش خۆی دێتەوە)

جولێت: ئۆی قەشەی سەبووری دڵ، کوا سەردارەکەم؟

زۆر چاك بیرم دێتەوە ئێستا دەبێ لە کوێ بم.

ئەوەتا لێرەم.

ئەی کوا رۆمیۆکەم؟

(دەنگە دەنگ لە ژوورەوە دێ)

قەشە لۆرەنس: دەنگە دەنگێکم بیست، خانم، لەم لانەی مەرگ و دەردو خەوی نائاساییە وەرە دەرەوە.

دەسەلاتێکی باڵا، کە ناتوانین بەرەنگاری بینەوە، هەموو نیازەکانی پووچەڵ کردینەوە، وەرە وەرە برۆین.

مێردەکەت ئەوەتا مردووە لە باوەشت راکشاوە، هەروەها

پاریسیش.

لە ناو خوشکە ڕەبەنە پیرۆزەکان دایدەمەزرێنم، مەوەستەو

پرسیار مەکە، وا پاسەوان هاتن!

وەرە بڕۆین جولێتی بێ وەی.

(دووبارە دەنگە دەنگ دێ)

من ناوێرم چیدی لێرە بمێنمەوە.

جولێت: تۆ بڕۆ، ئێرە جێ بێلە، بەڵام من ناڕۆم!

(قەشە لۆرەنس دەچێتە دەرەوە)

ئەوە چییە؟ بوتڵە لە ناو دەستی خۆشەویستی دڵسۆزم!؟

دیارە بە ژەهر جوانەمەگ بووە.

ئەی نەوسن. ئەوە هەمووت خواردۆتەوە،

هیچ دڵۆپێکی خۆشەویستانەت نەهێشتۆتەوە پێ بێمە لات؟

لێوت ماچ دەکەم. لەوانەیە نەختێ ژەهری پێوە مابێ.

بەڵکوو پێی بمرم و بگەمە لات.

(ماچی دەکا) لێوت گەرمە.

پاسەوانی یەکەم (لە ژوورەوە): کورە پێش کەوە. بە کام لادا؟

جولێت: دەنگە دەنگە! دەبێ دەست و بردێك بکەم. هۆ خەنجەری

شادان هۆ!

(خەنجەری ڕۆمیۆ هەڵدەکێشێ)

ئەوەتا کالانی تۆ! (لە خۆی دەدا)

تۆلێرە ژەنگ هەڵێنەو منیش با بمرم.

(بەردەبێتەوە سەر لاشەی ڕۆمیۆو دەمرێ)

(پاسەوانەکە لەگەڵ پیاوەکەی پاریس دێنە ژوورەوە)

پیاوەکە: ئەمەیە شوێنەکە. ها، لەوێ کە چراوگەکە دەسووتێ.

پاسەوانی یەکەم: عەرزەکە خوێناوییە. حەوشەی کەنیسە بپشکنن.

هەندێکتان بڕۆن، هەر کەسێکتان دی، بیگرن.

ئای لەم دیمەنە جەرگبڕە!!

ئەوەتا کۆنت کوژراوەو لێرە راکشاوە.

جولێتیش کە دوو رۆژە لێرە نێژراوە، هێشتا خوێنی لەبەر دەڕوا.

لەشی گەرمە، دیارە تازە مردووە.

بڕۆن بە میر بڵێن. ڕاکەن بۆ ماڵی کاپولێت.

ماڵی مۆنتیاگۆ لە خەو هەڵسێنن!

هەندێکیشتان خەریکی پشکنین بن.

ئێمە ئەم عەرزە دەبینین کە ئەم هەموو کارەساتەی تێدا قەوماوە، بەڵام تا بە دوورو درێژی نەچینە ناو مەسەلەکە لە هۆی راستەقینەی ئەم هەموو کارەساتە جەرگبڕە ناگەین.

(هەندێ پاسەوان لەگەڵ بەلتەزار دێنەوە ژووری)

پاسەوانی دووەم: ئەمە پیاوەکەی ڕۆمیۆ یە لەوحەشەی کەنیسە دۆزیمانەوە.

پاسەوانی یەکەم: توند بیگرە تا میر دێ.

(پاسەوانەکانی تر لەگەڵ قەشە لۆرەنس دێنە ژوورەوە)

پاسەوانی سێیەم: ئەوەش قەشە. چرک و هۆڕ دەلەرزێ و هەنسك

هەڵدەکێشێ و دەگری.

لەوسەری کەنیسەوە دەهات. ئەم بێل و کولنگانەمان لێ گرت.

پاسەوانی یەکەم: زۆر جێگای گومانە. قەشەش بگرن.

(میرو دەست و پێوەندەکانی دێنە ژوورەوە)

میر: بەو سبەینە زووە چ کارەساتێك قەوماوە بانگتان کردووین و، خەوی بەیانیتان لێ حەرام کردووین.

(کاپولێت و خانمی کاپولێت و هی تر دێنە ژوورەوە)

کاپولێت: ئەوە دەبێ چ بێ؟، ئاوها لە دەرەوە هاوار دەکەن؟

خانمی کاپولێت: خەڵك لە جادەدا هاوار دەکەن: رۆمیۆ!

هەندێ هاوار دەکەن: جولیێت!

هەندێ هاوار دەکەن: پاریس!

هەمووشیان، بە هات و هاوار، بەرەو گۆڕخانەی ئێمە رادەکەن.

میر: ئەم ترسە چییە لە گوێمان دەزرنگێتەوە؟

پاسەوانی یەکەم: پاشا، ئەمە کۆنت پاریسە کوژراوە لێرە راکشاوە.

رۆمیۆش مردووە، جولیێتیش کە پێشتر مرد بوو، لەشی گەرمەو تازە کوژراوە.

میر: برۆن ئەو ناوە بپشکنن، (لە تاوانبارەکان) بگەڕێن!

بزانن، ئەم کوشتارە چۆن رووی داوە!

پاسەوانی یەکەم: ئەوەتا قەشەیەك و پیاوەکەی رۆمیۆی کوژراو

کەرەستەی وایان لێ گیراوە کە بۆ هەڵگێرانەوەی گۆڕی ئەم ئینسانە مردووانە لە بارن.

کاپولێت: وای خوایە! ئافرەت، سەیرکە، کچەکەمان ئێستاش

خوێنی لێ دێ.

ئەم خەنجەرە لە شوێنی خۆی نییە.

کالانەکەی لەسەر پشتی مۆنتیاگۆ بەتاڵە، بە هەڵە خراوەتە

کالانی سینگی کچەکەم.

خانمی کاپولێت: وای لە خۆمێ!!

ئەم دیمەنی مردنە وەکوو زەنگ وایە تەمەنی پیریم لە گۆڕ وریا

دەکاتەوە.

(مۆنتیاگۆو هی تر دێنە ژوورەوە)

میر: وەرە مۆنتیاگۆ، تۆ ئەمڕۆ زوو لە خەو رابووی بۆ ئەوەی

ببینی کوڕو میراتگرەکەت زووتر مردووە.

مۆنتیاگۆ: ئاخ!! گەورەم! ئەم شەو هاوسەرەکەم مرد!

لە خەفەتی دوورخرانەوەی کوڕەکەم قنیاتی لەبەر بڕا، چ

مەینەتێکی تر ماوە پیلان لە دژی پیرێکی وەکوو من بگێڕێ؟!

میر: سەیر کە، دەبینی.

مۆنتیاگۆ: ئای هەی بێ ئوسوول، ئەمە چ دابێکە؟!

بەرەو گۆڕ پێش باوکت دەکەوی؟

میر: بۆ ماوەیەکی کەم، دەمی پڕقینت داخە، تائەم شتە ئاڵۆزانە

روون دەکەینەوەو لە هۆو ڕەوت و چۆنیەتی ڕاستەقینەی قەومانیان

دەگەین، ئەوسا خۆم دەبم بە سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم، تەنانەت

بەرەو مردنیش پێشتان دەکەوم.

لە هەمان کاتدا ئێوە هیچ مەکەن، با بەدبەختی ببێ بە کۆیلەی

ئۆقره.

گومان لێکراوەکان بێنن.

قەشـە لـۆرەنس: مـن (بەرشـکێکی) لـە هـەموویان گـەورەترم، لە هەموویان کەمتر شتم لە دەست دێ.

لەگەڵ ئەوەش دا لە هەموویان بەرشکترم!

چونکە کات و شوێنی ئەم کوشتارە ترسناکە لە دژی منن.

ئـەوەتا لێـرە وەسـتاوم بـۆ ئـەوەی خـۆم تاوانباربکەم و خۆم پاك بکەمەوە!

خۆم تاوانبار دەکەم و خۆم پاك دەکەمەوە.

میر: کەواتە یەکسەر بڵێ، چ لەم مەسەلەیە دەزانی؟

قەشە لۆرەنس: لە کورتی دەیبڕمەوە، چونکە ئەو ماوە کەمەی لە ژیان ماومە، بایی گێڕانەوەی هەقایەتێکی درێژدادڕ ناکا.

ئەم رۆمیۆیە کە ئەوەتا لەوێ مردووە، مێردی ئەم جولێتە بوو.

ئـەویش (جـولێتیش) کـە ئـەوەتا مـردووە، ژنـی دڵـسۆزی ئـەو رۆمیۆیە بوو.

من خۆم مـارەییم بـڕین. رۆژی نهێنـی مارەییـشیان، ڕۆژی مـەرگی تیبۆڵت بوو، کە مەرگی ناوەختی، بوو بە مایەی شاربەدەرکرانی زاوای تازە.

ئەو شینەی جولێت دەیگێڕا، بۆ رۆمیۆ بوو، نەك بۆ تیبۆڵت.

تـۆش بـۆ شـکاندنی ئابلووقـەی خـەمی دەورەی، بـە خـورتی بـە دەزگیرانت کردو ویستت بیدەیتە کۆنت پاریس.

ئەوسا (جولێت) هاتە لام و بە دەم و چاوی پڕ ترسەوە، داوای لێ

کردم ڕێگایەکی بۆ دابنێم بۆ ئەوەی لەم شووکردنی دووەمینە نەجاتی بدەم ئەگەرنا لە ناو ژوورەکەم خۆی دەکوژێ.

ئینجا من بە پێی هونەری خۆم شەربەتێکی خەوم دایێ چۆنم ویست ئاوها کاری خۆی کرد، وەکوو مردووانی لێ کرد.

هەر لەو کاتەدا بۆ ڕۆمیۆم نووسی کە دەبێ لەو شەوە ترسناکەدا، بگاتەوە ئێرەو یارمەتیم بدا، کە شەربەتەکە کاریگەری نەما، لە ناو گۆڕ دەری بێنین.

نامەکەم دایە قەشە جۆن بۆی ببا، بەڵام ئەویش بە ڕێکەوت گل درابووەوەو نەیتوانی بوو بچێ.

دوێ شەو نامەکەمی هێنایەوە.

جا من بە تەنیا، لە ساتی دیاریکراوی بەخەبەرهاتنەوەی (جولێت)، هاتم بۆئەوەێ لە گۆڕخانی بنەماڵەکەیان دەری بێنم.

بەو مەبەستەی لە کونجەکەی خۆم باش بیشارمەوە تا بۆم ڕێك دەکەوێ بە کاوەخۆ لە دوای ڕۆمیۆ بنێرم.

بەڵام کاتێ کە چەند دەقیقەیەك پێش کاتی بە هۆش هاتنەوەی هاتمە ئێرە، دیم پاریسی خانەدان و ڕۆمیۆی دڵسۆزیش بە جوانەمەرگی مردوون و لێرە ڕاکشاون.

جولێت بە هۆش خۆی هاتەوەو منیش تکام لێ کرد بێتەدەرەوە ئەمە کاری خوایە بە سێبووری وەربگرێ.

لەو کاتەدا لە ناو گۆڕخانەدا بوو بە دەنگەدەنگ و زراوم چوو.

ئەویش ورەی رووخا بوو، لەگەڵ من نەهات.

بەڵام دیارە پاشان خۆی کوشتووە.

من هەر ئەوەندە دەزانم و دایەنەکەشی بە شووکردنەکەی دەزانێ،
ئەگەر هیچ شتێ، بە هۆی هەڵەی منەوە، خراپ کەوتبێتەوە،
ئامادەم بە پێی سەختترین یاسا تەمەنی پیریم ماوەیەك پێش وەختی
خۆی ببێ بە قوربانی.

میر: ئێمە هەمیشە تۆمان بە پیاوێکی موبارەك داناوە.
کوا پیاوەکەی رۆمیۆ؟ ئەو چی هەیە لەم بارەیەوە بیڵێ؟

بەلتەزار: من خەبەری مردنی جولێتم بە ئاغام راگەیاند.
ئەویش یەکسەر بە سواری ئەسپی بەرید خێرا لە مانتوا هاتەوە
بۆ ئەم شوێنە، بۆ ئەم گۆڕخانەیە.
ئەم نامەیەی دامێ و پێی گوتم زوو بیدەمە باوکی.
خۆی چووە ناو گۆڕخانەو هەڕەشەی لێ کردم بمکوژێ ئەگەر
نەڕۆم و ئەوێ جێی نەهێڵم.

میر: نامەکەم بدەرێ، تەماشای بکەم.
ئەی کوا پیاوەکەی کۆنت کە پاسەوانەکانی بانگ کردبوو؟
وەرە کوڕە، ئەوە ئاغاکەت لێرە چی دەکرد؟

پیاوەکە: هاتبوو گوڵ لەسەر گۆڕی خانمەکەی دابنێ.
پێی گوتم لە دوورەوە بوەستم و منیش بە گوێم کرد.
زۆری پێ نەچوو یەکێ هات چراوگێکی پێ بوو، ویستی گۆڕەکەب
(جولیت) هەڵداتەوە.
ئاغاکەم یەکسەر شمشێری لێ هەڵکێشا.
ئەوسا منیش هەر رام کرد بۆ ئەوەی بانگی پاسەوانەکان بکەم.

میر: ئەم نامەیە قسەکانی قەشەو ڕەوتی خۆشەویستی ئەمانەو

خەبەری مردنی جولێت، دەسەلمێنێ.

ئەوەتا نووسیەیەتی کە ژەهری لە دەرمانسازێکی دەستکورت کڕیوەو هێناویەو هاتۆتە ئەم گۆڕخانەیە بۆ ئەوەی لێرە خۆی پێ بکوژێ و لەتەك جولێت رابکشێ.

کوان ئەم دوژمنانە؟: کاپولێت و مۆنتیاگۆ.

تەماشاکەن. دوژمنداریتان چ سزایەکی بە دەمەوە بوو.

خوا هۆیەکی رەخساندووە بۆ ئەوەی بە ئەشق خۆشیتان لە ناو ببا.

منیش لەبەر ئەوەی چاوم لە ناکۆکی ئێوە پۆشیوە، جووتە خزمێکم لە دەستداوە.

هەموومان بە سزای خۆمان گەیشتووین.

کاپولێت: ئای مۆنتیاگۆی برا! دەستت بێنە.

ئەمە مارەیی کچەکەم! ناتوانم لەمە زیاتر داوا بکەم.

مۆنتیاگۆ: بەڵام من دەتوانم لەمە زیاترت بدەمێ.

من پەیکەرێك لە زێری ساف بۆ جولێت قیت دەکەمەوە.

کە تا ڤیرۆنا ڤیرۆنایە! هیچ پەیکەرێکی وەکوو ئەوەی جولێتی دڵسۆزو وەفادار وا بە رێزەوە قیت نەکرێتەوە.

کاپولێت: منیش پەیکەرێکی ئاوها سەنگین و بە نرخ بۆ رۆمیۆ لە تەك هی خانمەکەی قیت دەکەمەوە.

ئەم بەدبەختانە بوون بە قوربانی دوژمنداریی ئێمە.

میر: ئەم بەیانییە ئاشتییەکی تاریکی لەگەڵ خۆی هێناوە.

خۆر لە خەفەتان سەر دەرناهێنێ.

با لێرە بڕۆین بۆ ئەوەی زیاتر باسی ئەم کارەساتە ناخۆشانە بکەین.

هەندێک جەب دەدرێن و هەندێک سزا.

هەرگیزاو هەرگیز هیچ چیرۆکێک نەبووە لەم چیرۆکەی جولێت و ڕۆمیۆکەی غەمناکتر!

★ ★ ★

تەواو

وەرگێڕ

هەولێر- گەڕەکی مەلایان - ٢٠٠٧

دوو بنەماڵە، هەردووکیان بە قەد یەک سەربەرز،
لەڤیرۆنای خۆش کە ئەم دیمەنەی تێدا نیشان دەدەین
کۆنە قینێکی بەینیان دوژمنداری تازەکردنەوە،
کە دەستی هاوڵاتی بەخوێنی هاوڵاتی خۆی پیس دەبێ
لەناو دوژمنداریي چارەنوسسازی ئەم دوو دوژمنە
دوو ئاشقی کڵۆڵ و بەدبەخت لەدایک دەبن.
بەنسکۆی جەرگبری وێڵیان،
دوژمنداری باوانیان، بەمەرگی خۆیان دەنێژن.
ڕەوتی بەسەرهاتی ئەوینی مەرگباریان و
ڕق و قینی بەردەوامی ماڵەباوانیان
کە بەمەرگی منداڵەکانیان نەبێ، بەهیچ شتێ نابڕێتەوە،
ئێستا بابەتی دوو سەعاتی شانۆگەرییەکەمانە
کە ئەگەر ئێوە بە ئارامی گوێي لێبگرن
چی کەم و کورتی هەبێ، هەوڵ دەدەین چاکی بکەین.

3000 دینار